# هۆشیارکردنەوەی
# ژینگەیی

newalname.com/ku/

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان

ناوی کتێب: هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی

نووسەر: د.عادل مشعان ڕەبیع

وەرگێڕ: ئەحمەد عەلی ئەحمەد

دیزاینی بەرگو ناوەوە: ئازاد حاجی

سەرپەرشتیاری چاپ: بەختیار سەعید

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

چاپخانە: کەمال

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٧٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٣١٢)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

سودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوەیە بۆ کەسوکاری شەهیدانو

ئەنفالکراوانە

لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها ڕەسوڵ چاپ کراوە

hewalname.com/kurd

# هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی

hewalname.com/ku/

د.عادل مشعان رەبیع

لەعەرەبییەوە: ئەحمەد عەلی ئەحمەد

hewalname.com/ku/

## پێشەکی نووسەر

سەدەی ڕابووردوو سەدەیەکی بێوێنە بوو لە ئاست ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ژینگە بوونەوە، بێگومان نەبوونی هۆشیاری لەو پەیوەندییانەی کە گەشە کردن گرێدەدات بە ژینگە پارێزییەوە هۆی سەرەکییە لەتێکچوونی ژینگە و داڕمانی گەشە کردن، کە کاریگەریی جۆربەجۆریش لە سەر مرۆڤ بەجێدەهێڵێت.

بۆیە ئێستا پێویستی تاک و کۆمەڵ زۆر زیادی کردووە بۆ بەدەست هێنانی ئەزموون و شارەزایی لەبارەی توخم و پێکهاتەو پرس و گرفتەکانی ژینگە و تێگەیشتن لەو پەیوەندی کارلێکردنەی کە لە نێوان مرۆڤ و ژینگەدا ئاڵوگۆڕدەکەن، ئەمە جگە لەبەهەندوەرگرتنی بەهای پێکهاتە بنچینەییەکانی ژینگەی دەوروبەرو، ئاشنا بوونی زیاتریش بەکێشە ژینگەییەکان و خۆراهێنان لەسەر چارەسەر کردنیان و ڕێگرتن لەڕوودانیان.

بۆ ئەوەی بتوانن هەندێک لەو خاڵانەی پێشوو بەدیبهێنن، پێویستمان بەوە هەیە نەوەیەک ئامادە بکەین کە پڕچەک بێت بە چەکی هۆشیاریی ژینگەیی، بەوەش

newalname.com/ku

ئاڕاستەی پۆزەتیڤانە و شێوازی ڕەفتاری ژینگەیی ئەوتۆ دروست دەبێت کە بێگومان هاوبەشیدەکات لە ژینگە پارێزیدا.

هەرلەم سۆنگەیەشەوە بیرۆکەی ئەم کتێبە وەک هەوڵدانێکی خاکەڕایی و پشکدارییەکی ساکار هاتە ئاراوە لە ڕوونکردنەوەی واتای ژینگەو هاوسەنگییەکەی و ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەگەڵ دەرخستنی ئەو ڕۆڵانەش کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە لە چەشنی خێزان، خوێندنگە، زانکۆ و ماس میدیاکان، دەتوانێت بیگێڕێت لە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لەناو تاکەکاندا.

د. عادل مشعان رەبیع

hewalname.com/ku

# بەشی یەکەم

## ژینگە

## چەمکەکەی، توخمەکانی، هاوسەنگییەکەی

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## ژینگە و چەمکەکانی، توخمەکانی و هاوسەنگیەکەی

### واتای ژینگە:

لەم ساڵانەی دووایدا زۆر بەفراوانی و بەربڵاوی وشەی ژینگە بەکاردەهێنرا، لەگەڵ ئەم بەکارهێنانە زۆرەشدا هێشتا چەمکە وردەکەی ژینگە لای کەسانێکی زۆر شاراوە و نادیارە، نەخوازەڵا کە پێناسەیەکی دیاریکراویشی نییە چییەتی ژینگەو کایە جۆراوجۆرەکانی دەستنیشان بکات.

ژینگە بە واتا زمانەوانییەکەی ئەو جێگەیە، کە مرۆڤ بۆی دەگەڕێتەوە، دەیکات بە ماڵی خۆی و شوێنی گوزەرانی، ڕەنگە پەیوەندی ژینگە بەواتای ماڵ یان خانوو ماناگەلێکی روون ببەخشێت و یەکێک لەو واتایانەش ئەوەبێت کەدڵی بوونەوەروابەستەی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی بێت.

لەرووی زانستیشەوە واتای وشەی ژینگە نیشانەیە بۆ هەموو ئەو فاکتەرو هۆیە بینراو نەبینراوانەی کە دەوری بوونەوەرە زیندووەکانیان داوە لەم جیهانەدا.

ئەمانەش هێندە زۆرن ناتوانرێت هەموویان کۆبکرێنەوە

و دیاریبکرێـن چونکـە بایەخـی زۆریـان هەیـە بـۆ ژیانـی بوونـەوەرە زینـدووەکان لەپێـش هەمووشـیانەوە مـرۆڤ.

لەبەرئـەوە زۆر پێویسـت دەکات لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەو فاکتـەرە سـەرەکییانە بکرێـت بەتایبـەت ئەوانـەی مـرۆڤ دەیبینێـت و هەسـتی پێـدەکات، وەک ڕووناکـی، گەرمـی، شـێ..... هتـد.

هەروەهـا نیشـانە و واتـای وشـەی ژینگـە بەنـدە لەسـەر شـێوازی پەیوەنـدی نێـوان ژینگـە و ئـەوەی بـەکاری دەهێنێت، کاتێـک دەڵێین ژینگـەی کۆمەڵایەتـی، مەبەسـتمان لـەو نێوەندەیـە کـە مـرۆڤ تیایدا پـەروەردە دەبێـت، کەسـایەتی و ڕەفتـار و ئاڕاسـتەکانی دیاریدەکرێـت و لەگـەڵ ئـەو بەهایانـەی کـە بـاوەڕی پێـی هەیـە، بـەڵام کاتێـک دەڵێین ژینگـەی ئاووهەوایـی مەبەسـت لێـی بارودۆخـی کـەش و ئاووهەوایـە، ئـەوەی کاردەکاتـە سـەر مـرۆڤ و هەمـوو بوونـەوەرە زیندوەکانـی سـەر ڕووی زەوی، یـان کاتێـک دەڵێیـن ژینگـەی ڕۆشـنبیری مەبەسـتمان لێـی هەمـوو ئـەو زانیـاری و بیروبـاوەڕ و هونـەر و یاسـا ڕەوشـت و کـە مـرۆڤ لـە ژیانیـدا بەدەسـتی هێنـاوە.

hewalname.com/kul

وەک دەزانرێت کەلتوور و ڕۆشنبیری دەکەوێتە بەرکاریگەری فاکتەرە سروشتییەکانی ژینگە ئەوەی تایبەتە بەلێکۆڵینەوەی ژیانی سەر وشکانی و ناو ئاو، لە باڵندە و ئاژەڵان، یان ئەوەی کە عەقڵی مرۆڤ بەرهەمی هێناوە لە دەستکەوتە زانستی و تەکنەلۆجیای سیاسی لە هەوڵێکدا کە درا بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی زانستی و گشتگیر بۆ وشەی ژینگە، کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگەی مرۆیی ئەوەی لە ستوکۆڵهم بەسترا لە ساڵی (١٩٧٢)دا.

ئاوا ئاماژەی پێدا (پاشبەندی هەموو ئەو سەرچاوە ماتریالی و کۆمەڵایەتییانەی بەردەستە لە کاتێکدا و لە شوێنێکدا ئەوەش بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ و هیوا و ئاواتەکانی لە ئاییندەدا) ئەمەش واتای پەیوەندی نێوان ئەو چالاکییانەی مرۆڤە لەگەڵ هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەم بوارانەوە هەیە، بەدیاریکراوی تر هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە دەوری مرۆڤیان داوە، ئێستا زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە چەمکی ژینگە هەموو ئەو بارودۆخ و فاکتەرە دەرەکییانە دەگرێتەوە کە بوونەوەرە زیندووەکانی تیا دەژی و کاردەکاتە سەر ئەو

کردارانەی دەیکات، کەواتە هەموو ئەو پێناسە و ناوانەی بۆ ژینگە دەکرێت ڕاستن، بەڵام پێویستە ئەو پێناسەیە هەڵبژێرن کە دەگونجێت لەگەڵ سروشتی لێکۆڵینەوەکەدا، لەمەوە دەردەکەوێت کە پێناسەی ژینگە ڕێژەییە ناتوانرێت بەووردی دیاریبکرێت، بەتەنها بەو سیستەمە دیاریکراوەی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکەوە کە پێش وەخت دیاریدەکرێت.

شایانی ئاماژەیەلە فەرهەنگە ئینگلیزییەکاندا دوو زاراوەی بەیەکداچوو هەیە ئەوانیش زاراوە (environment) کەمەبەست لێی ئەو کۆمەڵە بارودۆخ و کاریگەرییە دەرەکییانەیە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ژیانی بوونەوەرە زیندووەکان بەڵام زاراوەی (Ecology) بە زانستی ژینگە دەناسرێت، ئەمە یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی زانستی بایۆلۆژی، پسپۆڕی ئەم زانستە لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندی و کارلێکە هاوبەشەیە یە کە لەنێوان بوونەوەرە زیندووەکاندا ڕوو دەدات، خۆیان لەگەڵ یەکتردا و یان لە نێوان ئەمان و ئەو بارودۆخە ژینگەییەی دەوری داون و لە زمانی عەرەبیدا ناوی ژینگە بەواتای (Ecology) بەکاردەهێنن بەوەش تێکەڵاوییەک دروست بووە لەگەڵ چەمکی ژینگە بە واتا

hewalname.com/ku/

(environment) کەی و هەتا وایلێهاتووە زانستی ژینگە و ژینگە وەک دوو ناوی هاوشێوە بن بۆ بواری یەک کار، بەڵام ڕاستییەکە بەتەواوەتی جیاوازە لەوە.

زانستی ژینگە (ئیکۆلۆژی) وەک ئایوجین ئادوم دەڵێت (بایەخدەدات بە لێکۆڵینەوە و پێکهاتە و فەرمانی سروشت)، واتە ژیان دیاریدەکات وە چۆنێتی بەکارهێنانی توخمەکانی بەردەستە لەلایەن بوونەوەرە زیندووەکانەوە، واش پێناسە دەکرێت، کەشێوازێکی زانستییە بایەخدەدات بە لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییە هاوبەشەی نێوان بوونەوەرە زیندووەکان خۆیان لەگەڵ خۆیاندا لەلایەک وە لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەو فاکتەرە نازیندووانەی وابەستەی ئەو دەوروبەرە مادديیەن کە ئەو زیندەوەرانەی تیا دەژی، بەڵام ژینگە بەواتا (environment) کەی وا پێناسە دەکرێت کە کۆمەڵێک سیستەمی سروشتی و کۆمەڵایەتیە، بوونەوەرە زیندووەکانی تیا دەژی، ئەوەی کە پێداویسیەکانی لێوە وەردەگرێت و چالاکییەکانی تێدا بە جێدەگەیێنێت.

newalname.com/kul

زانستی ژینگە دابەش دەبێت بەسەر چەند لقێکدا لەوانە زانستی ژینگەی دانیشتوان (population ecology)، ئەمە لە لقە سەرەکییەکانە، مامەڵە لەگەڵ جوڵەی گردبوونەوەی جۆرە زیندووەکاندا دەکات (کۆمەڵە تاکێک کەسەر بەیەک جۆر بن) واتە پەیوەندی ئەم گردبوونەوەیانە لەگەڵ یەکتریدا، وە چۆن ئەم گردببوەنەوەیان کارلێک دەکەن لەگڵ ژینگەکەیاندا.

ئەم لقەش بە زانستی ژینگە جۆری (تاک یان خود) (Autecology)، لەبەرامبەردا لقێکی تریشمان هەیە بەزانستی ژینگەی هەموان (Synecology) دەناسرێت ئەم لقە بایەخدەدات بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵە جیاوازەکانی زیندەوەرەکان لە پەیوەندییاندا لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژین.

hewalname.com/ku/

## تێڕوانینێکی مێژوویی:

بایەخدان بە بابەتی ژینگە نوێ نیە، فەیلەسوف و زانای گریکی هیرودۆس باسی کردووە و دەڵێت (ژینگە پێکهاتووە لە هێزو کاریگەری، بوونەوەرە زیندووەکان ڕووەکی بێت یان ئاژەڵی هاوبەشی تێدا دەکەن، هەر

بوونەوەرێک خۆی بۆ ئامادە دەکات بۆ هەر گۆڕانێکی هاوبەش، مرۆڤ گەورەی ژینگەیە دەتوانێت بە دەستی و بە هونەرەکەی بیگۆڕێت) هیرودوس، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چۆن مرۆڤ پەلاماری ژینگەکەی خۆی داوە و ڕووەکی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆی، هێشتا هەر خەریکی گۆڕانە لە ژینگەکەیدا فەیلەسۆف و زانا یۆنانییەکانی تر زۆر بایەخیان داوە بە لێکۆڵینەوەی ژینگەیی (ئەبوقرات) توێژینەوەیەکی بڵاو کردەوە بەناونیشانی (بەزەپۆش و ئاووجێگەکاندا).

ئاماژە بۆ توێژەرەوەکانی بواری پزیشکی کردووە، کە ڕەچاوی وەرزەکانی ساڵ بکەن لەگەڵ ئەو ئاسەوارانەی لێی دەکەوێتەوە، ئەرستوتالیس لە نووسینەکانیدا لەسەر مێژووی سروشتی ئاماژی کردووە بۆ خوودی ئاژەڵەکان و نەریتیان و لەگەڵ ئەو بارودۆخە ژینگەییە باوەی کە لەهەر ڕووبەرێکی دیاریکراودا هەیە.

بەڵام زانا موسڵمانەکان وشەی ژینگەییان هەر لەسەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچییەوە و وەک زاراوە یەک بەکارهێناوە وەک ئاماژەیە بۆ ناوەندە سروشتییەکە واتە ئەو ناوەندە جوگرافیایی و جێگەی و ژیوارییەی

hewalname.com/ku/

بوونـەوەرە زیندووەکـەی تیـا دەژی بـە مرۆڤیشـەوە، وە بـۆ ئاماژەکردنـی بـۆ ئـاو وهـەوای کۆمەڵایەتـی، سیاسـی، ئەخلاقـی و فیکـری ئەوانـەی دەوری مرۆڤیـان داوە.

بـۆ نموونـە لـە (نامەکانـی اخـوان الصفـاو خـلان الوفـا) داهاتـووە، گەوهـەرە کانزاییـەکان لـە نزمتریـن ڕێزبەندییـە لـە پێکهاتـەی بوونەوەرەکانـدا، ئەمـە جەسـتەیەکە لـە چەنـد بەشـێک پێکهاتـووە لێـی جیادەبێتـەوە یـان زۆرتـر دەبێـت لێـی، هەمـوو لەشـت لەبەشـەکان خـۆراک وەردەگرێـت گەشـە دەکات و زۆر دەبێـت لـە هەرسـێ تیرەکەیـدا پانـی و درێـژی و قووڵیـدا، ئاژەڵیـش هاوبەشـی ڕووەک دەکات لـە خـۆراک و گەشـە کردنـدا، زۆریـش دەبێت بەسـەریەوە، لێشـی جیادەبێتـەوە، چونکـە جەسـتەیەکی جـوڵاو هەسـتەوەرە، مرۆڤیـش هاوبـەش ڕووەک و ئـاژەڵ دەکات لـە خەسـڵەتەکانیدا و زۆریـش دەبێـت بەسـەریەوە و لێشـی جیـا دەبێتـەوە چونکـە قسـەکەرە و جیـاوازە کۆکـەرەوەی هەمـوو خەسـڵەتەکانە.

لـەم قسـانەیانەوە دەزانیـن کـە توخمـە سـەرەکییەکانی ژینگەیـان ناسـیوە، وەک خـاک، هەواوئـاو، سـەرباری توخمـە زیندووەکانـی وەک مـرۆڤ ئـاژەڵ و ڕووەک، زانیویشـیانە

هەریەکەیان پێویستی بەوانی تر هەیە.

قسەکانی إخوان الصفا قسەیەکی ژینگەییە بە نزیک کراوەی هەموو پێکهاتەکانی سیستەمە ژینگەییەکە دەگرێتەوە، جگە لە شیکەرەوەکان کە بە چاوی ئاسایی نابینرێت ئەو کات نەیانتوانیەوە قسەی لەسەر بکەن.

ئەوەی سەرنجمات ڕادەکێشێت لە کتێبەکەی (جاحظ)ە، (١٦٣-٢٥٥ ک) کە باس لە دیتنە ژینگەییە ڕاستەقینەکەی ئاژەڵان دەکات، پاشان باس لە ڕەفتار و گەشەی ئاژەڵان دەکات وە پەیوەندی ئاژەڵان لەگەڵ یەکتریدا باس دەکات، لەم کتێبەدا تێبینی گرنگ هەیە لەسەر پەرەسەندن و کاریگەری ژینگە لەسەر سروشتی خۆرسکی ئاژەڵان، لەبەشی جۆرەکانی ئاژەڵاندا ناوی ئاژەڵەکان دەبینین و ڕەگەز و جۆرەکانیان دەرخراوە، قسەی تیایە لەسەر ئەندامەکان و پەرەسەندنیان و ڕەنگەکانیان، سەباری دەرخستنی شوێن و نیشتمانیان وە کاریگەری سروشت لەسەریان، وە پەیوەندی نێوان ئاژەڵەکان لەگەڵ یەکتریدا.

بەوەش (جاحظ) یەکەم کەسبووە کە ئاژەڵی خستۆتە ژێر تاقیکردنەوەی تاقیگەییەوە وە بایەخی داوە بە پەیوەندی نێوان زیندەوەران لەگەڵ یەکتریدا



hewalname.com/ku

لە زانا موسڵمانەکانی تر (کمالدین الدمیری) بوو (٧٤٢-٨٠٨ک) کتێبێکی دانا لەسەر (ژیانی گەورەی ئاژەڵ) کە تیایدا ناوی ئاژەڵانی وشکانی و ئاوی و ئاسمانی ڕوونکردۆتەوە، تێبینی گرنگی لەسەر دۆزینەوەی شوێنی هەر ئاژەڵێک لەشەجەرە ئاژەڵییەکەدا، لە ژینگەی ئاژەڵان و سروشتی و خۆراکیانی کۆڵیوەتەوە، بەڕێگایەکی زانستیانە لە ڕێگەی دیتن و تاقیکردنەوەدا، لەسەر ئەمەوە (دمیری) یەکەم کەس بوو کە قسەی لەسەر زانستی هاوبەشی و تەواوکاری کرد لە نێوان زیندەوەراندا، نەک وەک خۆرئاواییەکان دەڵێن بیگێڕنەوە بۆ فەیلوسوفی ئەڵمانی (غوتە) خاوەنی کتێبی (فاوست).

هەر لەم بارەیەوە (إبن مسکویە) (٤٢١ک)لە کتێبەکەیدا (الفوز الاصغر) باسی لە دابەشبوونی بوونەوەرە زیندووەکان کردووە بەسەر چەند بەشێکدا لەڕووی جووڵەی هێزەوە، وە لە کتێبەکەیدا (تهژیب الاخلاق) باسی لە ڕێزبەندی بوونەوەرە زیندووەکان کردووە لەڕووی هێزی تێگەیشتن و هەست کردنەوە.

هەروەها (إبن سیناء) (٣٧٠-٤٢٨ ک) لە کتێبەکەیدا بەناوی (الشفاء) باسی لە هەندێ لایەنی ژینگەیی



helwalname.com/kurd

کردووه، باسی لە پێکهاتنی بە بەردبووەکان و پوولەکەی دەریایی کردووه وەک بەڵگە لەسەر ئەوەی کە بەشێکی زەوی لەکۆندا ئاو دایپۆشیوه، باسی لە ئاژەڵ و ڕووەک کردووه.

(الأصمعی) (١٢٢-٢١٦ ک) بایەخی داوه بە لێکۆڵینەوەی کولله باسی لە قۆناغ و ڕەفتارەکانی کردووه، بە فراوانی باسی لە ژیانی هەندێک ئاژەڵ کردووه، هەر لەم بارەیەوه (إبن البیطار) کە لە (٤٤٦ ک) کۆچی دووای کردووه بە زانایەکی زانستی ڕووەک دادەنرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕووەک کردووه لە کێڵگەکانی داو ئەو زەوییەی بەرهەمی دێنێت، وه لەسەر ئەو هۆکارە ژینگەییە جیاوازانەی کار دەکەنە سەری.

بەم جۆره لەوه تێدەگەین کە زانا عەرەب و موسوڵمانەکان زانستی ژینگەیان جیا نەکردۆتەوه لە زانستی ڕووەک و ئاژەڵ و کانزاکان، بەڵکو هەمیشە ڕووەک و ئاژەڵیان بەستۆتەوه بە ژینگەکەوه و باسیان لە پەیوەندی نێوان ئاژەڵان کردووه،بەوەش ئەو زانایانە ڕێساکانی زانستی ژینگەیان چەسپاند، ئەوەی لە توانایاندا مابووەوه لە یۆنان و ڕۆمان، هند و فارسەوه.

hewalname.com/ku

هەوڵە جدییەکانی خۆرئاوا بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی ژینگە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا دەستی پێکرد، دووای ئەوەی زانای فەرەنسایی (دومر ١٦٨٣- ١٧٧٥ ز) دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی مێژووی سروشتی میرووەکان کە بەشێکی زۆری زانیاری ژینگەیی تێدا بوو.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێک توێژینەوە سەریهەڵدا کەزانایانی ژینگە کردیان لەسەر لایەنەکانی دانیشتوان و کۆمەڵەکانی، دووای ئەوە زانستی ژینگە بەخێرایی پەرەیسەند چەند سەرچاوەیەکی ژینگەیی بڵاوبووەوە لەوانە: سەرەتای ژینگەی ئاژەڵی لە (١٩٤٩) دا، وە گردبوونەوە سروشتییەکان لە (١٩٥٢) دا ئەمەی دووایيان کێشەی کۆمەڵگەی چارەسەر دەکرد لەڕێگەی فاکتەرە فیزیاویی، هەرێمایەتی و خۆراکییەکانەوە، کۆمەڵە و خوێندنگەی ژینگەیی جۆراو جۆر دروست بوو، هەریەک لە (کلیمنت) کە پێشەنگی خوێندنگە ئەمەریکاییەکە بوو لە ژینگەدا، وە (دوری و روسیل) کە پێشەنگی خوێندنگە فەرەنسایيەکە بوو، هەروەها خوێندنگە ڕوسیاییەکەش هاوبەشی باشی کرد لە لێکۆڵینەوە ژینگەییەکاندا.

hewalname.com/ku/

زانـای بەناوبانـگ (ریتـەر reiter) یەکـەم کـەس بـوو زاراوەی (ئیکۆلـۆژی Ecology) بەکارهێنـا بـۆ زانسـتی ژینگە لە (١٨٨٥ ز) دا، بەپشت بەستن بە زاراوە گریکیەکە (olkos) بـە واتـەی (مـاڵ یـان خانـوو)وە (LOGOS) بەواتـای زانسـت، بـەڵام هـەندێـک پێیـان وایـە زانـای ئەڵمانـی (ئارنسـت هیـکل Ernest Heackd) لـە (١٨٦٦) دا یەکـەم کـەس بـوو ئـەم نـاوەی زانسـتی ژینگـە نـاو پێناسـە شـی کـرد بـەوەی (ئـەو زانسـتەیە کـە لـە پەیوەنـدی نێـوان بوونـەوەرە زینـدووەکان دەکۆڵێتـەوە لەگـەڵا ئـەو ناوەنـدەی تیایـدا دەژی) ئـەم زانسـتە بایـەخ دەدات بـە بوونـەوەرە زینـدووەکان، لـە ڕووی خۆراکییان، ڕێگەکانی ژیانیـان، هـەبوونیـان لـە گردبوونـەوە و کۆمەڵگـە و گەلانیان، هـەروەهـا لێکۆڵینـەوەش دەکات لەسـەر فاکتـەرە نازینـدووەکان، وەک خەسـڵەتەکانی ئاوو هـەوا (گەرمـی، شێ، تیشـک) گازەکان و هـەوا، ئاو وە خەسـڵەتە فیزیایی و کیمیاییـەکان زەوی و هـەوا و ئـاو، ئێسـتا دۆزینـەوە ژینگەییـەکان سـەرقاڵی دۆزینـەوە ژینگەیـی بۆشـایین، زۆرتـر نزیـک دەبنـەوە لـە ئەگـەری گەشـتکردن بۆ هەسـارە دراوسـێکانی زەوی بـۆ لێکۆڵینـەوەی بارودۆخـە ئـاو و هەوایيـە زینـدەو نازیندەکانـی نـاوی.

## توخمەکانی ژینگە

هەندێک لە توێژەرەکان ژینگە دابەش دەکەن بە دوو بەشی سەرەکییەوە کە ئەمانەن:

### ١. ژینگەی سروشتی:

بریتیە لەو ڕواڵەتانەی کە مرۆڤ دەستی نیە لە هەبوونیاندا یان بەکارهێنانیاندا ئەمەش لەو خەڵاتە سروشتییانە پێکدێت وەک هەوا، ئاو، خاک، بوونەوەرە جۆراو جۆرە زیندووەکانی وەک، ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤ، بەشێوەیەکیت گشتی ئەم ژینگەیە لە (٤) سیستەمی پێکەوە گرێدراو پێکهاتووە ئەوانیش: بەرگە زەپۆشەکە، بەرگە ئاوییەکە، بەرگی رەق– وشکانی – بەرگە ژێوارییەکە – زیندەگییەکە – ئەوەی ئەم سیستەمانە لە خۆی دەگرێت وەک هەوا، ئاو، خاک،کانزاکان و سەرچاوە جیاوازەکانی وزە.

### ٢. ژینگەی دروستکراو:

ئەم ژینگەیە بە شێوەیەکی بنچینەیی لە دروستکراوە مادییەکە پێکدێت ئەوەی مرۆڤ دروستی کردووە، لەو

hewalname.com/ku

سیستەمە کۆمەڵایەتی و دامەزراوانەی دروستی کردووە، بۆیە دەتوانین لە ڕێگەی پەرەسەندنەوە سەیری ئەم ژینگە بکەین لەوەوە کە چۆن مرۆڤ ژینگە سروشتییەکەی گۆڕیوە و خستویەتیەوە ژێر ڕکێفی خۆیە و خزمەتی پێداویستییەکانی خۆی پێدەکات، بۆیە بەکارهێنانەکانی زەوی بۆ چالاکییە کشتوکاڵییەکان، پرۆسەکانی پشکنین بەدووای کانزاکاندا،چالاکییە پیشەسازییەکان بەشێکی گرنگی ژینگە دروست کراوەکان.

بەهەر حاڵ ژینگە بە هەردوو بەشەکەی سروشتییەکە و دروست کراوەکە تەواوکەری یەکترین هەموو بوونەوەرە زیندوو نازیندووەکانی سەر ڕووی ئەم هەسارەیە دەگرێتەوە کە کار لە یەکتری دەکەن.

بەڵام بەگوێرەی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ستۆکۆڵهم دەتوانین ژینگە دابەش بکەین بەسەر (٣) توخمدا کە ئەمانەن:

## ١. ژینگە سروشتییەکە.

٢. ژینگە بایۆلۆژییەکە: کە مرۆڤ و خێزانەکەی کۆمەڵگەکەی دەگرێتەوە، سەرباری بوونەوەرە

زیندووەکانی ناو ژینگە ژێوارییەکەی، ژینگەی بایۆلۆژی بە بەشێک لە ژینگە سروشتییەکەدا دەنرێت.

٣. ژینگە کۆمەڵایەتییەکە:- مەبەست لێی ئەو چوارچێوەیەی پەیوەندییەکانە و ئەوەی چۆنێتی پەیوەندی مرۆڤ دیاریدەکات لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەوەی کە دەبێتە بناغە بۆ ڕێکخستنی هەر کۆمەڵەیەک لە کۆمەڵەکان، جالە نێوان ئەندامەکانیدا بێت لەگەڵ یەکتر لە ژینگەیەکدا، یان لەنێوان کۆمەڵێکی جیاوازیان لەیەکچوودا بێت بەیەکەوە، شێوازی ئەم پەیوەندییانە ئەوە دروست دەکات کە پێی دەڵێن سیستەمی کۆمەڵایەتی.

مرۆڤ لەڕێگەی قۆناغە درێژەکەی ژیانیەوە، ژینگەیەکی شارستانی دروست کردووە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە ژیانیدا، زەوی ئاوەدانکردۆتەوە، گەیشتۆتە بۆشایی ڕەگەزەکانی ئەم ژینگە شارستانییە لە دوو لایەنی سەرەکییەوە دیاریدەکرێت، یەکەمیان لایەنە مادییەکە، ئەوەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ توانیویێتی دروستیان بکات وەک، خانووبەرە، پۆشاک و هۆیەکانی گواستنەوە هەموو ئەو ئامێرو ئامراز و دەزگایانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریان دەهێنێت، لایەنەکەی تر

hewalname.com/kurd

لایەنە نامادییەکەیە کە بیروباوەڕی مرۆڤ، داب و نەریت و کەلتوور، هزرو ڕۆشنبیری دەگرێتەوە، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە دەروونی مرۆڤدایە لەبەها، ئاداب و زانستەکان جا لە خۆوە بێت یان دەستی کەوتبێت.

## سیستەمی ژینگەیی:

زۆرێک لە زاناکانی ژینگە پەنا دەبەنە بەردابەشکردنی ژینگە بەسەریەکەی بچوکتردا کە بەسیستەمی ژینگەیی دەناسرێت، ئەوەش بۆ ئاسنکردنی لێکۆڵینەوەیەتی، بۆیە سیستەمی ژینگەیی یەکەیەکی ژینگەیی تەواوە، پێکدێت لە بوونەوەری زیندوو نازیندوو لە شوێنێکی دیاریکراودا، کارلێک لە یەکتری دەکەن بە گوێرەی سیستەمێکی وردو هاوسەنگ، لە جووڵەیەکی بەردەوامدا، لە پێناو بە جێگەیاندنی ڕۆڵە بنچینەییەکەی لە ژیاندا، بۆیە لەم سۆنگەیەوە بە سیستەمی ژینگەیی دەگوترێت (سیستەمی بژێوی).

لەم پێناسەیەوە دەردەکەوێت، کە دەبێت هەموو بوونەوەرە زیندووەکان ئەوەی کۆمەڵگە ژینگەییەکەی

لێپێکدێت بە هەند وەربگیرێت لەگەڵ ڕەگەزە نازیندووەکانی ناو ژینگەکە مرۆڤ پایە و پلەی خۆی هەیە لەناو سیستەمە ژینگەییەکەدا، ئەوەش بۆ پەرەسەندنی فیکری و دەروونی دەگەڕێتەوە، ئەو بەدەسەڵاتی هەرە گەورەیە لەسەر سیستەمە ژینگەییەکە. پارێزگاریکردنی ژینگەکە و لەبن نەهێنانی سەرچاوەکانی وێرانکردنی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو بەندە،

پەیوەندییەکی توند و تۆڵ هەیە لەنێوان ڕەگەزە سروشتی و ژێوارییەکانی ناو و سەر ڕووی زەوی و پێکهاتە جیاوازەکانی، ئەویش لەڕێگەی پەیوەندی و وابەستەیی فەرمانی ئاڵۆزەوە کە هەموویان بەستراون بە سیستەمە ژینگەییەکەوە.

دەشێ سیستەمە ژینگەییەکە زۆر گەورە بێت وەک، زەریا و بیابانەکان یان بچووک بێت وەک گۆماوێک، هەموو ئەم سیستەمە ژینگەییانە لە دوو جۆر پێکهاتەی سەرەکی پێکدین ئەوانیش:-

## أ- پێکهاتە نازیندووەکان (فاکتەرە سروشتییەکان)

ئەمانـە کۆمەڵـە هۆکارێکـی نازینـدوون کار دەکەنـە سـەر ژیانـی بوونـەوەرە زینـدووەکان جۆرەکانیـان و شـوێنی هەبوونیـان و دیاریـدەکات، دەتوانیـن ئـەم فاکتـەرە سروشـتییانە دابـەش بکەیـن بەسـەر (٣) جۆردا کە ئەمانەن:

### ١. بەرگە زەپۆشەکە:

ئـەم بەرگـە دەوری زەوی داوە، لەگەڵیدا دەسـوڕێتەوە و بەشـێکە لـە گـۆی زەوی بـەڵام ئەسـتوورییەکەی دیاریکـراو نییـە بـە (٤٥٠کیلومەتـر) مەزنـدە دەکرێـت، ئـەم بەرگـە لـە تێکەڵەیەک گاز پێکهاتووە وەک نایترۆجین (٧٨٪)، ئۆکسجین (٢١٪) وە کۆمەڵەیـەک گازی تـری دەگمـەن کـە ڕێژەکەیـان تەنهـا (١٪)، سـەرباری هەڵمـی ئـاو، گەرچـی ڕێژەکانـی ئـەم گازانـە لـە زەپۆشـی نزیـک ڕووی زەوییـەوە وادەردەکەوێت نەگـۆڕ بێـت، بـەڵام لـە چینـە بەرزەکانـدا جیـاوازە، ڕێـژەی ئۆکسـجین لـە بەرزایـی (٥) کیلۆمەتـر دەسـت دەکات بەکـەم بوونـەوە، ڕێـژەی هەڵمـی ئـاو و تەپوتـۆز لـە چینـە بەرزەکانـدا کـەم دەبێتـەوە، لـە کۆتایـی بەرگـە زەپۆشـەکەدا ڕێـژەی هایدروجیـن بـەرز دەبێتـەوە.

howalname.com/kurd

## ٢. بەرگی ڕەق(وشكانی):

بەشە ڕەقەكان، خاك و كانزاكان بەشێكن لەم بەرگە، بەشێوەیەكی گشتی ئەم بەرگە ڕەقە لە چەند چینێكی جیاواز پێكهاتووە، گەر لە سەنتەری زەوییەوە بەرەو دەرەوە دەست پێبكەین یەكەم چین، چینی دڵی ناوەكییە، كە دەكەوێتە قوڵایی نزیكەی (٥) هەزار كیلومەتر لە ژێر ڕووی زەوییەوە، هێشتا بەووردی و دروستی پێكهاتەكانی ئەم چینە نەزانراوە بەڵام هەندێك لە زانایان پێیان وایە زۆر قورس و ڕەقە لە كانزای ئاسن و نیكڵ پێكهاتووە. پاش ئەو چینی دڵی دەرەكی دێت ئەستوورییەكەی دەگاتە (٢٢٠٠كیلومەتر)، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم چینە شل و گەرم بێت، دووای ئەمەش ئەو چینە دێت كە دەوری چینی دڵە دەرەكییەی داوە، ئەستوورییەكەی نزیكەی (٩٠٠كم)، ئەم چینە لە بەردە ڕەقەكان پێكهاتووە لە كۆتاییدا توێكڵی زەوی دێت، ئەمە ڕووە دەرەكییەكەی زەوییە، ئەو بەشەیەكە لەسەری دەژین، ئەمە چینێكی زۆر تەنكە لەچاو قەبارەی زەویدا، ئەستوورییەكەی لە هەندێك شوێندا تەنها (٦) كیلومەترە، وە لە هەندێك شوێنی تردا دەگاتە (٦٠) كیلومەتر، ئەم توێكڵە لە دوو

چین پێکهاتووه یەکەمیان بە چینە دەرەکییەکە یان چینە کیشوەرییەکە دەناسرێت، کە لە بناغەدا لەبەردی گرانیت پێکهاتووە، ئەمە بەشی هەرە سەرەکی کیشوەرەکان پێکدێنێت وەک ئاسیاو ئوستراليا چینە دووەمەکەشی پێی دەگوترێت بازلت، ئەمە بنکی زەریاکان پێکدێنێت و کەوتۆتە ژێر کیشوەرەکانەوە.

توێکڵی زەوی بەسەر چەند بەشێکی زۆر گەورەدا دابەش دەبێت پێی دەگوترێت (پلێت) کیشوەرەکان لەسەر ئەم پلێتانە ڕاوەستاوون، بەهۆی کەلێن و کەلە بەری پانەوە لەیەکتر جیا دەبنەوە، ئەم پلێتانە جووڵەیەکی زۆر هێواش و بەردەوامیان هەیە، هێندە هێواش و لەسەرە خۆیە هەستی پێناکەین و تێبینی ناکەین.

ژینگە وشکانییەکەش دابەش دەبێت بەسەر چەند ناوچەیەکدا وەک بیابان و دارستان و کێڵگەکان، ژمارەیەکی زۆر گردبوونەوەی زیندەگییانە هەیە لە ژینگەی جیهاندا، وەک بیابانە گەرمەکان، بیابانە ساردەکان (تەندرا) و دارستانەکان، ئەمانیش دابەش دەبن بەسەر چەند هەرێمێکدا وەک هەرێمی دار بەڕووە هەمیشە سەوزەکان، هەرێمی دارستانە یەکسانییەکان، هەرێمی دارستانە

قووچەکییەکانی باکوور، دارستانە گەڵاڕێزانەکان یان وەک گردبوونەوە زیندەگییەکانی سەڤانای خولگەیی و هەرێمەکانی تری گژوگیا.

## ٣. بەرگی ئاوی:

هەموو ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە لە زەریا، دەریا، دەریاچە، ڕووبار و ژێر زەویدا هەیە، ئەو ئاوەش دەگررێتەوە کە لە شێوەی بەفر و سەهۆڵدایە، کۆی ئاوی جیهان دەگاتە نزیکەی (١,٣٨٦) ملیۆن کیلۆمەتر سێجایە، زیاتر لە (٩٦٪) ئاوی سوێرە، ئەوەی پەیوەندی بە ئاوی سازگارەوە هەیە، لە (٩٦٪) ی لە ڕووبار و بارستە سەهۆڵینەکاندا گلی خواردۆتەوە، لە (٣٠٪) ی لە زەویدایە، بەڵام سەرچاوەکانی ئاوی سازگار کە لە دەریاچە و ڕووبارەکاندایە، نزیکەی (٩٣١٠٠) کیلۆمەتر سیجا پێکد ێنێت،واتە نزیکەی (١٪) ی بڕی کۆی ئاوی سەر زەوی،بە دەریاجەو گوم وهۆرو زەلکاوەکان ئاوی ڕاوەستاوەوبەڵام بەڕووبارو جۆگاکان دەگوترێت ڕێڕەوە ئاوییەکان،ڕووبارو دەریاچەکان زورینەی ئەو سەرچاوە ئاوییەن کە ڕۆژانە خەڵکی بەکاریدەهێنن،جگە لەوەی

hewalname.com/ku/

ئاوی سازگار خۆی لەبناغە دا کەمەو سنووردارە،بەڵام بەکارهێنانی بەردەوام لە زیادبووندایە،ئەوەش بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و،زۆربەکاربردنی لەکشتوکاڵ وپیشەسازیدا.

## ب – پێکهاتە زیندووەکان: - (فاکتەرە زیندەگییەکان)

ئەم پێکهاتەیە هەمووبوونەوەرەزیندووەکان دەگرێتەوە،کەهەموویان هاوبەشن لە هەندێک لایەنداوەک هەست کردن،هەناسەدان،جووڵە،لەوپێکهاتانەمرۆڤ بوونەوەرەزیندووەسەرەتاییەکانی وەک قەوزە،بەکتریاو مشەخۆرەکان،دواترڕووەک وئاژەڵان بە هەمووجۆرەج یاوازەکانیانەوە،لێرەدابوونەوەرەزیندووەکان دەکرێن بە چەندئاستێکەوە،بەپشت بەستن بەپایەوپلەیانلەزنجیرە خۆراکییەکەدا.

## ١. بوونەوەری بەرهەمهێن: (PRODUCERS)

بوونەوەرەخودخۆراکییەکانیشیانپێدەگوترێت لەوانە ڕووەکەکانی سەروشکانی ئەوانەی ناو ئاو،وەهەندێک جۆری بەکتریا،ئەم بوونەوەرانەهاوبەشن لەوەداکەخۆیان

دەتوانن خۆراک بۆ خۆیان دروست بکەن،لەکەرەسەی نائەندامی ساکارەوە،بەهۆی کردارەکانی ڕۆشنەپێکهاتنەوە، هەروەها ئەم بوونەوەرانە سەرچاوەی بنچینەیی و سەرەکی وزەن لەسەر هەسارەکەمان، سەرباری ئەوەی ئەم بوونەوەرانە بڕێکی یەکجار زۆر دوانە ئۆکسیدی کاربۆن بەکار دەبن لە ڕێگەی کرداری ڕۆشنە پێکهاتنەوە، ئەو گازە ژێوارییە گرنگەش دەدات بە هەواکە کە ئۆکسجینە.

## ٢. بوونەرە بەکاربەرەکان:- Consumers

ئەو بوونەوەرانەیە کە خۆراکەکەیان لە بوونەوەری زیندووی ترەوە وەردەگرن، جا ئەو بوونەوەرانە ڕووەکی بن یان ئاژەڵی، ئەمانە ناتوانن خۆیان خۆراک بۆ خۆیان دروست بکەن هەر لەبەر ئەمەشە پێیان دەگوترێت بوونەوەرە زیندووە ناخود خۆراکییەکان، بوونەوەرە بەکاربەر و بوونەوەرە شیکەرەوەکانیش دەگرێتەوە، گیا خۆرەکان وەک ئەو میروانەی کە لەسەر گژوگیا دەژین، ئەمانە بوونەوەری بەکاربەرن پشت دەبەستن بەوەی ڕووەکە کە دروستی کردووە، پاشان لە لەشی خۆیاندا دەیگۆڕن بۆ کەرەسەی جیاواز لەش

hewalname.com/ku/

و شـانەکانیانی پێدروسـت دەکـەن، بەمانـە دەگوترێـت بوونـەوەری بەکاربـەری یەکـەم و چونکـە لـە خۆراکەکەیدا ڕاسـتەوخۆ پشـت بـە ڕووەک دەبەسـتێت، ئـەو ئاژەڵانـەی لەسـەر ئـەم میرووانـە دەژین هـەر بەکاربـەرن بـەڵام پێیان دەگوترێـت بەکاربـەری دووەم، چونکـە پشـت دەبەسـتێت بـەو کەرەسـە خۆراکیانـەی لەشـی مێرووەکـەی پێکهێنـاوە ئەوەی لەبناغـەدا لـە بنەچـە ڕووەکییەکـەوە دروسـت بـووە.

## ٣. بوونەوەرە شیکەرەوەکان:- Decomposer

ئـەو بوونـەوەرە زیندووانـەن کـە ناخـود خۆراکیـن، لـە خۆراکیانـدا پشـت دەبەسـتن بـەو کەرەسـە خۆراکییـە دارِزاوانـە، ئـەم بوونەوەرانـە کەرەسـە ئەندامییـەکان شـیدەکەنەوە و دەیگـۆڕن بـۆ کەرەسـەی ئاسـان، دووایـی دەگێڕدرێتـەوە بـۆ سیسـتەمە ژینگەییەکـە دووبـارە بەکاردوهێنرێتـەوە، بۆئـەوەی پرۆسـەی سـوڕندنی خـۆراک بـەردەوام بێـت، ئـەم بوونەوەرانـەش بریتیـن لـە بەکتریـا و مشـە خـۆرەکان.

hewalname.com/ku/

## هاوسەنگی سروشتیی سیستەمە ژینگەیی:

جیهان هەمووی سیستەمێکی ژینگەیی گەورەیە و هاوسەنگیشە ئەوەیە کەپێی دەگوترێت بەرگی زیندەگی (Biosphere) ئەوەی کە ناوچە گۆییەکەی گۆی زەوی دادەپۆشێت لە قوڵترین خاڵی ژێر زەوییەوە هەتا بەرزترین خاڵی سەر چیاکان هەتا ئەو شوێنەی زیندەوەری تێدایە.

بەم جۆرە دەتوانین سیستەمە ژینگەییەکە بە قەوارەیەک یان بەیەکە یەکی دینامیکی سەر بەخۆ و هاوسەنگ دابنێین، خود توانایی هەیە بۆ درێژە پێدان و بەردەوامی ژیان تیایدا.

ئەو کارەی دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان ئەو فاکتەرە جیاوازانەی ئەو سیستەمەی دروست کردووە، بەمەش سروشت ملکەچی کۆمەڵێک یاسا و پەیوەندی ئاڵۆزە لە کۆتاییەکەیدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی هاوسەنگییەک لەنێوان هەموو ڕەگەزە ژینگەییەکاندا، وای بۆ دەڕەخسێنێت کە بتوانێت بە بڕێکی گونجاو لەبار پارێزگاری لەو ڕەگەزانە بکات جگە لەوەی بەردەوام کەم دەکات و نوێ دەبێتەوە، ئەم ڕەگەزانە

newalname.com/ku/

وابەستەی یەکترین لە هاوئاهەنگی و پێکەوە گونجاوێکی وردان بە جۆرێک ڕۆڵەکەی خۆی لە سروشتدا بەباشی ئەنجام دەدات، بۆیە بەلای هەندێ کەسەوە هاوسەنگی واتای توانای سروشتە لە دابینکردنی بژێوی بۆ بوونەوەرە زیندووەکانی سەر ڕووی زەوی بەبێ ئەوەی کێشە و مەترسی دروست بکات لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی.

ڕەنگە هاوسەنگی ژینگەیی سەر ڕووی زەوی بەشێک بێت لەو هاوسەنگییە وردەی سیستەمە گەردوونییەکە، ئەمە واتای ئەوەیە ڕەگەز و بەخشندەییەکانی ژینگە لەلایەن ژینگە خۆیەوە پارێزگاری لێدەکرێت بەو ڕێژە دیاریکراوەی پەروەردگار دیاریکردووە پەروەردگار گەردوونی بە جۆرێک دروست کردووە کەشیاوە بۆ مرۆڤ، هیچ ڕەگەزێک بەسەر ئەویتردا زاڵ نابێت، لە ڕێژە دیاریکراوەکەی خۆی زۆرتر نابێت، مەگەر مرۆڤ نابەرپرسانە دەستی تێوەردات، ڕەگەزەکان هەموو بەیەکەوە گونجاو هاوئاهەنگن کار دەکەن، واتە ژینگە بەرەو بارودۆخێکی نیمچە جێگیر دەروات و پارێزگاری لە خەسڵەتە بنچینەییەکانی خۆی دەکات گەر دەست تێوەردانانەکانی مرۆڤ و کارەساتە سروشتییەکان

hewalname.com/kurd

لێگەڕین، پرانسیپی جێگیری لە سیستەمی ژینگە سروشتییەکەدا لە ڕێگەی ئارەزووی سیستەمە ژینگە سروشتییەکەوە بەدیدێت، وەک ئەو گۆڕانەی بەسەر دەریاو دەریاچەکاندا دێت هەتا هاوسەنگییەک دروست دەبێت لە ڕێگەی میکانیزمێکەوە کە دەیگێڕێتەوە بۆ حاڵەتی هاوسەنگی، کاتێک دووچاری فاکتەرێکی دەرەکی دەبێت.

ڕێکخستن و گونجان لە نێوان پێکهاتە زیندووەکان و پێکهاتە نازیندووەکانی ناو ژینگەکە بەهۆی سوورە بایۆجیو کیمیاییەکانەوە ڕوودەدات، وەک سووڕی کاربۆن و نایترۆجین و ئۆکسجین، بەوەش ئەو ڕەگەزانەی پێویستن بۆ بوونەوەرە زیندووەکان دەسوڕێن، شایانی ئاماژەیەئەم سوورە سروشتییانەی نێوان توخمەکان هاوکات و بەیەکەوەن.

بەشێوەیەکی گشتی لەفەلسەفەی هاوسەنگییە ژینگەییەکە دەرناچێت، ئەمە تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵێک پەیوەندی کە بوونەوەرە زیندووەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەم بوونەوەرانە بەسراونەتەوە بە فاکتەرە ژینگەییەکانەوە لە ڕێگەی بڕێکی یەکجار زۆر لە کارلێکی

بایۆلـۆژی، کارلێکـی سـوورەکان و دەرپەڕینـی وزە لـە سیستـەمە ژینگەییەکە فراوانەکە هاوسـەنگییەکی سروشتی دروسـت دەکات کـە خـۆی ڕاسـت دەکاتـەوە، پێویسـتی بـە کۆنترۆڵـی دەرەکـی نیـە.

دەتوانیـن هەندێـک ڕووخسـاری ئـەو هاوسـەنگییە جوانـەی ژینگـە دەربخەیـن، لـە ڕێگـەی ئـەوەی بـە زنجیـرە یـان بـە تۆڕەکانـی خۆراکـی دەناسـرێت لەنـاو سیسـتەمە ژینگەییەکـەدا بەگوێـرەی میکانیزمـی زنجیـرە خۆراکییەکـە (Foodchain)، بوونـەوەرە بەرهەمهێنـەرەکان، (ڕووەکـە سـەوزەکان) ئاوێتـەی ئەندامـی دروسـت دەکـەن لـە ئاوێتـەی نائەندامـی سـاکارەوە ئەویش بـە بەکارهێنانـی تیشـکی خـۆر، ئـاو دووانـە ئۆکسـیدی کاربـۆن، دوواتـر ڕووەک خـۆرەکان ئـەم ڕووەکانـە دەخـۆن ئەمـە ئەوانـەن کـە پێیـان دەگوترێت بەکاربـەری یەکـەم، دوواتـر لەلایـەن گۆشـت خۆرەکانـەوە ئـەم گیـا خۆرانـە یـان بەکاربـەرە یەکەمانـە دەخورێـن بـە مانیـش دەگوترێت بەکاربـەری دووەم، دوواتـر ئەمانیـش لـە ڕێگـەی بەکاربـەری سـێیەمەوە دەخورێـن، دووای مردنـی ئـەم زیندەوەرانـە، بوونـەوەرە شـیکەرەوەکان، ڕووەک و گۆشـت خـۆرەکان دەگـۆڕن بـۆ ڕەگـەزی نائەندامـی

ساکار، بۆئەوەی دیسان بمژرێنەوە لەلایەن بوونەوەرە بەرهەمهێنەرەکانەوە، هەروەها هاوسەنگییەکە زۆر بە ڕوونی لە هەندێک ڕەگەزی خۆراکیدا دەردەکەوێت توخمە کانزاییەکان بەکار دەبات ئەوەی لە ناو خاکدا هەیە، دوواتر هەر دەگەڕێتەوە بۆ ناو خاکەکە لە ئەنجامی شیبوونەوە و دارزانی لاشەی ئەو بوونەوەرە زیندووانە دووای مردنیان.

بەڵام زنجیرە خۆراکییە ڕێڕەوێکی هێڵی وەرناگرێت، بەڵکو ئەم زنجیرەیە ڕەنگە بەیەکدا بچێت ئەوەی لێدروست دەبێت کە پێی دەگوترێت تۆڕی خۆراکی (Food webs)، زۆرێک لە بەکاربەرەکان زیاتر لە جۆرێک ڕووەک یان ئاژەڵ دەخۆن، ئەمە ئەو شێوە هێڵییەی زنجیرە خۆراکییەکە دەگۆڕێت، دەیکات بە تۆڕێک کە لە چەند زنجیرە خۆراکییەکی پێکەوە گرێدراو پێکهاتووە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خۆراک لە سیستەمە ژینگەییەکەدا بەم میکانیزمانە تێدەپەڕێت بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و هاوسەنگ، ئەمەش زامنی بەردەوامی ژیانە لەسەر گۆی زەوی ئەم میکانیزمە ڕۆڵی بنچینەیی هەیە لە پارێزگایکردنی چڕی گازە زیندەگییەکان، ئۆکسجین

hewalname.com/kur

لەڕێگەی کرداری هەناسەدانەوە بەکاردەبرێت، دوواتر لە ئەنجامی کرداری ڕۆشنەپێکهاتندا دەگەڕێتەوە زەپۆش – هاوسەنگ بوونەوە یان گەڕانەوە -

بوونەوەرە بەرهەمهێنەکانی وەک ڕووەک و قەوزە سەرچاوەی سەرەکی ئۆکسجینن لەسەر ڕووی زەوی و لەڕێگەی کرداری ڕۆشنە پێکهاتنەوە، ڕووەک ئاو و دووانە ئۆکسیدی کاربۆن وەردەگرێت و ئۆکسجین دەداتەوە وەک بەرهەمێکی پایە دووی کردارەکە پاشان ئەو ئۆکسجینە بوونەوەرە زیندووەکانی تر وەریدەگرن و ئەوانیش دووانە ئۆکسیدی کاربۆن دەدەنەوە ڕووەک وەریدەگرێت.

ژمارەیەکی تریش گاز و توخم هەیە لەنێوان بوونەوەرو سروشتی و زیندووەکاندا ئاڵۆگۆڕ دەکات، دەردەچێت و دوواتر بەشێوە بنەچییەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، کاربۆن، نایترۆجین، فۆسفۆر، گۆگرد بە سوڕێکی داخراودا دەڕوات، ئەوەی ڕوو دەدات تەنها گۆڕانی شێوەیە، واتە دەگۆڕێت لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر. لە زنجیرەیەکی درێژی خۆراکیدا لەسەر ڕووی زەوی.

hewalname.com/kurd

ئاویش هەروەهایە سورێکی وردی حسابکراو مەزندە کراوەی هەیە لەنێوان ئاسمان و زەویدا پێی دەگوترێت (سوورِی ئاو لە سروشتدا) تیشکی خۆر و گەرمییەکەی برێک لە ئاوی دەریا و زەریاکان دەکات بە هەڵم، باو تەوژمە هەواییەکان هەڵیدەگرن وبەرزی دەکەنەوە هەتا چڕ دەبێتەوە هەوری لێ پێکدێت، دوواتر دەبێتە دڵۆپە ئاو یان کریستاڵی بەفر ئەویش بە گوێرەی پلەی گەرمییەکەی ئەو چینە بەرزانە و بە شێوەی داباریین و بەبڕی زانراو دەکەوێتە خوارەوە، قەربووی ئەو برە دەکاتەوە کە لە دەریا و زەریاکانە وە بزر بووە لە ڕێگەی بوون بە هەڵمەوە، یان دەچێتە ژێر زەوییەوە لە کانی و کاریز و بیرەوە دەردەکەوێتەوە و یان ڕەنگە ماوەیەکی درێژ لە هەناوی زەویدا بمێنێتەوە.

## مرۆڤ و تێکدانی هاوسەنگی ژینگەیی:

مرۆڤ بەهۆی ئەودەستێوەردانە هەرەمەکییەوە پشێوی دەخاتە ناو هەموو پێکهاتەکانی سیستەمە ژینگەییەکەوە و هاوسەنگییەکە دەگۆڕێت، لەو کاتەوە کە مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەوییە دەژی مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی



hewalname.com/ku/

ژینگەکەدا کات گرنگترین فاکتەری زیندەگییە لە ڕوودانی گۆڕانکارییەکانی ناو ژینگەکەدا، ساڵ لە دووای ساڵ کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی بەسەر ژینگەدا زۆرتر بووە، بەتایبەتی دووای ئەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجیاییە هەلی زۆر بۆ ئاسان بوو کە گۆڕانکاری بکات لە ژینگەکەدا بەگوێرەی زیاد بوونی پێداویستیەکانی لە خۆراک و پۆشاک، لە زۆر جاردا ئەم دەستێوەردانە دەبووە هۆی ئاسانکردنی سیستەمە ژینگەییە هاوسەنگەکە.

لەم (٥٠) ساڵەی دووایدا مرۆڤ گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر سیستەمە ژینگەییەکەدا هێناوە زۆر بەخێرایی و بەچڕی، کە مێژووی مرۆڤایەتی هیچ کاتێکی تر ئەوەی بەخۆوە نەدیوە، هەندێک ڕاپۆرتی باوەڕپێکراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دارمانی ژینگەیی زیانی گەیاندووە بە نزیکەی (٦٠٪) ی ئەو سەرچاوانەی ناو سیستەمە ژینگەییەکە وەک ئاوی سازگار، هەوای پاکژ و ئا و هەوایەکی تاڕادەیەک جێگیر.

لەڕاستیدا ئەو کێشە ژینگەییانەی کە ئێستا جیهانی پێدا تێپەڕ دەبێت و ئایندەش هەروا دەبێت لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ زۆر بوونی ژمارە دانیشتووان، سەرباری

بەکاربردنـی نائاڕاسـتە کـراو زێدەڕۆیـی و بەفیـڕۆدان، چاونوقانـدن لـەو زیانانـەی بـە سروشـت دەگات.

مـرۆڤ دارسـتانەکانی بڕیـوە و کردوویەتـی بـەزەوی کشـتوکاڵی، بەکارگـە و خانووبـەرە، زیـدەڕۆی زۆری لـە لەوەڕگاکانـدا کـردووە ئەویـش بـە لەوەڕاندنـی زۆر و چـڕو پـڕی مـەڕ و مـاڵات، پەنـای بردۆتـە بـەر بەکارهێنانـی پەیینـی کیمیـاوی و قڕکـەرەکان بەهەمـوو جـۆرە جیاوازەکانیـەوە، ئەمانـە هەمـوو فاکتـەری کاران لـە تێکـدای هاوسـەنگی سیسـتەمە ژینگەییەکـەدا، لـە کۆتایـی سـووڕەکەشـدا ئاسـەوارەکانی لەسـەر ژیانـی مـرۆڤ ڕەنـگ دەداتـەوە.

وەک دەزانرێـت دارسـتان سیسـتەمێکی ژینگەییـە پەیوەنـدی توندی بـە مرۆڤـەوە هەیـە، ڕووبەرەکـەی دەگاتـە ٢٨٪) ی ڕووبـەری کیشـوەرەکانی جیهـان، بۆیـە تێکـدان و نەهێشـتنی ڕەنگدانـەوەی مەترسـیداری دەبێـت لەسـەر سیسـتەمە ژینگەییەکـە، بەتایبەتـی لەسـەر هاوسـەنگی خـوازراوی نێـوان ڕێـژەی ئۆکسـجین و دووانـە ئۆکسـیدی کاربـۆن لـە هـەوادا.

خـراپ بەکارهێنانـی لەوەڕگاکانیـش دەبێتـە هـۆی تێکچوونـی ڕووەکـی خۆرسـک کـە ئەمەش ڕوویـدا تێکچوون

و دارمان له خاک و ئاووهەواشدا ڕوودەدات، گەر بەردەوام بوو خاکەکه تووشی ڕامالّین دەبێت، مرۆڤ دارستانه سروشتییەکانی گۆڕیوه بۆ زەوی کشتوکاڵی له بری سیستەمە ژینگەییه سروشتییەکه دەزگای دروست کراو بەکاردەهێنێت، لەبری زنجیره خۆراکییه و پەیوەندییه هاوبەشیەکەی نێوان بوونەوەرەکان ئەو کەرەسه جیاوازنەی سیستەمە ژینگەییەکه، شێوازێکی تری له پەیوەندی هێناوەته گۆڕێ، له نێوان بەرهەمه چێنراوەکه و ژینگەکەی دەوروبەری، پێویسته لێرەدا ئاماژه بۆ ئەوەبکەین ئەم کاره هەڵەیەکی گەورەیه مرۆڤ دەیکات هەڵەیەکی گەورەیە، گەر پێی وایە بەوە دەتوانێت ئەو پەیوەندییه سروشتییه ئاڵۆزەی که هەیه لەنێوان فکتەره ژینگەییەکان و ڕووەکەکاندا بگۆڕێت به فاکتەری دەستکرد، بەوە نەیاری دەکات لەگەڵ یاسا ڕێکوپێکەکەی سروشتدا، ئەمه وادەکات سیستەمە کشتوکاڵییەکه ماندوو ببێت زوو پەکی بکەوێت.

پەیینی کیماوی میرو قڕکەری بەکارهێناوە بۆئەوەی بەرهەمی زۆر بێت، ئەمەش بەدەوری خۆی بۆته هۆی تێکچوونی پیتی زەوییەکه و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و

hewalname.com/ku/

پەتا بە تایبەت ئەوانەی درێژخایێنن، بەوەش هەندێک زەوی کشتوکاڵی توانای بەرهەمهێنانی نەماوە، هەروەها ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە داماڵێنراوون لە دارو دەوەن زۆرە بەوەش ژمارەی ئەو ڕووەک و ئاژەڵانەی لەبن دێن و نامێنن ساڵانە لە زۆربوندایە. ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی لە ڕاپۆرتێکیدا کە (١٣٠٠) شارەزا لە ناوچە جیاوازەکانی جیهانەوە دایان نابوو، دەریان خستووە، کەم و کووڕی خۆراک بەیەکێک لە کێشە مەترسیدارەکان دادەنرێت، کە دانیشتووانی ئەم هەسارەیە دووچاری بوون، سەرباری کەمی عەمار کراوی ماسی و کشتوکاڵی، نزیکە (٨٠٠) ملیۆن کەس لە دەوڵەتە هەژارەکاندا دەناڵێنن بەدەست بەد خۆراکییەوە، کە لەبناغەدا لە کێشە ژینگەییەکانەوە پەیدابووە.

هەروەها ئەو ڕاپۆرتە زیانە ژینگەییەکان و ئەو نەخۆشییە کوشندانەی لەم ساڵانەی دووایدا بڵاوبوونەتەوە پێکەوە گریدەدات، وەک هەوکردنی توندی کۆئەندامی هەناسە (SARS)، ئەنفلۆنزای باڵندە، ڕاپۆرتەکە باسی لەوە کردووە، سەرچاوە سروشتییەکانی وەک ئاو خۆراک، سووتەمەنی و ئاوو هەوا گرنگن بۆ خۆپاریزی

hewalname.com/ku

لـه نەخۆشـییەکان پاراسـتنی تەندروسـتی مـرۆڤ، چونکـە زۆرێک لـە نەخۆشـییە مرۆییـەکان لەسـەرەتادا لەنـاو ئاژەڵـە ماڵییەکانـدا دەردەکـەوت وەک مریشـک، مەڕومـاڵات و سـەگ، دوواتـر دەگوێزرانـەوە بـۆ مـرۆڤ وەک ئەنفلونـزا، سـیل و سـوورێژە.

ئـەو پێشـکەوتنە خێرایـەی یاوەری شـۆڕشـی پیشـەسازی بـوو، فشـاری خسـتە سـەر ژمارەیـەک لـە سـەرچاوە سروشـتییەکان، بەتایبـەت ئـەو سـەرچاوانەی کـە نـوێ نابنـەوە وەک خەڵـوز، پەتـرۆڵ، کانـزاکان و ئـاوی ژێـر زەوی لـە هەندێـک ناوچـەدا، ئـەم سـەرچاوە سروشـتییانە چەنـد چاخێکی جیولوجی درێژیان ویسـتووە هەتا دروسـت بـوون، لەژیانـی مرۆڤـدا قەرەبووناکرێنـەوە.

لەگـەڵ پەرەسـەندنی مرۆڤـدا، فاکتەرێکـی زۆر گرنگـی تـر، سـەریهەڵداوە فشـارێکی زۆر تـری خسـتە سـەر ژینگـە، لەهەمـوو مەترسـییەکانی تـر مەترسـیدارتر بـوو، ئەویـش دیـاردەی ژینگـە پیسـبوونە، هەندێـک گازی زیـان بەخـش لـە دوکەڵکێشـی کارگەکانـەوە بـەرز دەبوونـەوە بـۆ نـاو زەپـۆش، کارگـەکان، پاشـەڕۆ کیمیاییـە پـڕ ژەهرەکانیـان فڕێدەدایـە ڕووبـار و دەریاچەکانـەوە



hewalname.com/ku

بەوەش هاوسەنگییەکەی نێوان توخمە جیاوازەکان تێکچوو، ئەم توخمانە نەیاندەتوانی پاشەڕۆکانی مرۆڤ ئەو پاشماوانەی لە چالاکییە جۆراو جۆرەکاندا دەمانەوە شیبکەنەوە بەوەش هەوا، ئاو و خاک پیسبوو، ئەمە سەرباری ئەو کێشە ژینگەییانەی لەگەڵ ئەم دیاردەی پیسبووندا پەیدا دەبوون.

hewalname.com/ku/

# بەشی دووەم

## پیسبوونی ژینگەیی

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## پیسبوونی ژینگەیی

## پێشەکی:

دیاردەی پیسبوونی ژینگەیی بۆتە دیاردەیەک کە هەمووان هەستی پێدەکەن، وایلێهاتووە ژینگە ناتوانێت سەرچاوە سرووشتیەکانی نویێ بکاتەوە، لە ئەنجامی چالاکییە مرۆییە زۆرەکانەوە کەوتۆتە ژێر فشارێکی توندەوە، تا وایلێهاتووە ئەم پیسبوونە بۆتە گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕووی هاوسەنگییە ژینگەییەکە دەبێتەوە، ئەوەی کە گۆی زەوی لە ماوەی مێژووە درێژەکەیدا ڕایگرتووە و پاراستوویەتی.

پیسبوون لە دیدی هەندێک لەوانەی بایەخدەدەن بە ژینگە، واتای بایەخدانە بە هەموو ئەو چالاکییە مرۆییانەی کە دەبنە هۆی زیان گەیاندن بە ژینگە سروشتییەکە، یان وا پێناسە دەکرێت، کەگۆڕانێکی نەخوازراوە، لە خەسڵەتە فیزیایی، کیمیایی و بایۆلۆژییەکەی ژینگەکەدا ڕوودەدات، کە لە بناغەدا لە چالاکیەکانی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت.

بە چەمکێکی گشتگیرتر پیسبوون واتای هەر گۆڕانێکە کە بەسەر توخمێک لە توخمەکانی ژینگەدا دێت جا ئەو



hewalname.com/ku

توخمە بوونەوەرێکی زیندوو بێت وەک مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک یان پێکهاتەیەکی سروشتی نازیندوو بێت وەک هەوا، خاک و ئاو، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پیسبوون خستنە سەری یان هێنانی توخمێکە بۆناو توخمەکانی ژینگە کە لە سیستەمە ژینگەییەکەدا نیە، یان دەبێتە هۆی کەم بوونەوە، یان زۆربوونی توخمێک لە توخمەکان بە شێوەیەک کە سیستەمە ژینگەییەکە نەتوانێت ئەو گۆڕانە نوێیە پەسەند بکات، ئەمەشە دەبێتە هۆی ڕوودانی ئەو تێکچوونە.

زۆر بایەخدان بەو پیسکەرانەی کەلە ئەنجامی فاکتەرە مرۆییەکانەوە پەیدادەبێت واتای ئەوەنییە پیسبوونی سروشتی نیە، هەزاران ساڵە، گڕکان و سووتانی دارستانەکان هەیە، بەڵام ژینگە دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە ڕووداوانەدا بکات، بەڵام بەهەمان توانا و لێوەشاوەیی ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو زۆربوونە گەورە لە ناکاوەی پیسبووندا بکات کەلە ئەنجامی چالاکییەکانی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت، ئەوەی کە پێی دەگوترێت پیسبوونی دەستکرد.

hewalname.com/ku/

## شێوەکانی پیسبوونی ژینگەیی:

پیسـبوون بەسـەر چەنـد شـێوەیەکدا دابـەش دەکرێـت، لەسـەر بنچینـەی سرووشـتی پیسـکەرەکان دابـەش دەبێـت بەسـەر دوو جـۆردا ئەوانیـش پیسـکەرە سرووشـتییەکان و پیسـکەرە پیشەسـازییەکانن یـان پیسـکەرە دەسـتکردەکانن، پیسـکەرە سرووشـتییەکان ئەوانـەن کـە لـە کەرەسـەکانی نـاو پێکهاتەکـەی ژینگەکـە خۆیـەوە پەیـدا دەبـن، وەک ئـەو کەرەسـانەی لـە دەمـی گڕکانەکانـەوە دەردەپەڕنـە دەرەوە، پیسـکەرە دەسـتکردەکانیش ئەوانـەن کـە لـە ئەنجامـی چالاکیەکانـی مرۆڤـەوە پەیدادەبـن، وەک پیشەسـازی و هۆیەکانـی گواسـتنەوە، پیسـکەرەکان بـە گوێـرەی سروشـتی فیزیاییـان دابـەش دەبـن بەسـەر پیسـکەری ڕەق، گاز، هەڵـم و شـلدا، هەروەهـا بەگوێـرەی سرووشـتی کیمیاییـان دابـەش دەبن بەسـەر کیمیـای ئەندامـی و کیمیـای نائەندامـی، هەندێکـی تـر پیسـبوون پۆلێـن دەکـەن بـۆ دوو جـۆر کـە ئەمانـەن:

hewalname.com/ku/

## پیسبوونی ماتریالی:

پیسبوونێکه دووچاری یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ژینگە دەبێت ئاسەوارەکانی ڕاستەوخۆ لەسەر مرۆڤ دەردەکەوێت، ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

## أ. پیسبوونی هەوا:

پیسبوونی هەوا بە بڵاوترین شێوەکانی پیسبوونی ژینگە دادەنرێت، ئەوەش لەبەرئەوەیە کە بەئاسانی دەگوێزرێتەوە و بڵاودەبێتەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، وە لە ماوەیەکی تاڕادەیەک کورتدا، کاتێک پیسبوونی هەوا ڕوودەدات، کە گەرد و تەنۆلکەی ئەندامی و نائەندامی لە هەواکەدا بە بڕێکی زۆر هەبێت.

ئۆکسیدەکانی گۆگرد، نایترۆجین، تەنۆلکە خۆ هەڵواسراوەکان، یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و هایدرۆکاربۆنات، ئەمانە ئەو پێنج پیسکەرە سەرەکییەن کە هەوا پیس دەکەن، ئەمە سەرباری ژمارەیەکی یەکجار زۆری پیسکەری پلە دووی تر، وەک فلۆریدی هایدرۆجین، کبریتیدی هایدرۆجین، ئامۆنیا، کلۆریدات و پرۆمیداتی

hewalname.com/ku/

قورقوشم، هەندێک هایدرۆکاربۆناتی وەک میسان، ئیسان، ئەسیلین و بۆنەکان....هتد، هەروەها تەمی دووکەڵاوی زۆرترین و باوترین پیسکەری دەرەکی هەوایە، ئەمە تێکەڵەیەکی تەماوییە لە کۆمەڵێک گاز و گەردیلەی ڕەنگ قاوەیی کاتێک دروست دەبێت کە کۆمەڵێک گازی دیاری کراو کارلێک بکەن، لەئەنجامی سووتانی سووتەمەنی وەک بەرهەمە نەوتییەکان دەردەچن بۆناو زەپۆش و لەگەڵ تیشکی خۆردا کارلێک دەکەن، لەم کارلێکەوە کەرەسەی کیمیایی زیان بەخش دروست دەبێت ئەمەیە پێی دەگوترێت تەمی دووکەڵاوی.

سەرباری ئەوانەی باسکرا، ئەو توێژینەوە زانستییانەی لەم بیست ساڵەی دووایداکراون دەریانخستووە کە سەدان ئاوێتەی کیمیاییی ئەندامی و نائەندامی –گەرچی کەمیشبن- لەئەنجامی چالاکییە جیاوازەکانی مرۆڤەوە دەردەپەڕن بۆ ناو هەوای زەپۆش بۆ نموونە تەنها لە ئەمەریکادا، ٢٦١ کەرەسە لە هەواکەدا هەیە، هەندێکیان زۆر بەخێرایی کارلێک دەکەن لەگەڵ ئاوێتەی تردا بەوەش مەترسییە تەندروستییەکان گەورەتردەبن، هەموو ئەو پیسکەرانەی باسکرا لەسەرچاوەی سروشتی و سەرچاوەی دەستکردەوە

hewalname.com/ku/

پەیدادەبن، سەرچاوە دەستکردەکان دەشێ سەرچاوەی جێگیربن، وەک دامەزراوە پیشەسازییە جیاوازەکان، وەک وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، کارگەکانی چیمەنتۆ، پەیینی کیمیایی و بۆیاخ، کانزاکانی وەک ئاڵتوون، ئەلەمنیۆم، ئاسن، و پیشەسازییەکانی نەوت، ئەمە سەرباری زبڵدان و شوێنی شاردنەوەی پاشەڕۆ ئەندامی و نائەندامییەکان، وە ئاورگەکانی سووتانی پاشەڕۆ پزیشکییەکان و پاشەڕۆ مەترسیدارەکان، وە وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاوی تەندروستی-ئاوی زێراب-کارەکانی ڕووخاندن و نۆژەنکردنەوە، وە ئەوانەی لە دەزگاو ئامێرە کارەباییەکانەوە دەردەچن، یان لە پەینی کیمیایی و ئەندامییەوە، بۆیاخ، جگەرەکێشان، دەزگاکانی فێنک کردنەوە و گەرم کردن.

دەکرێت سەرچاوەی پیسکردنەکە بزواوبێت وەک هۆیەکانی گواستنەوە، ئۆتۆمۆبێل، شەمەندەفەر، فڕۆکەو پاپۆڕ، ئەم هۆیانە ژمارەیەک گاز فڕێدەدەنە ناو هەواکەوە کە زیان دەگەیەنێت بە تەندروستی مرۆڤ، سەرچاوە سرووشتیەکانیش ئەوانە دەگرێتەوە کە لە توونەدی تیشکی خۆرەوە پەیدادەبن بەتایبەت لە هاوینی ناوچە

بیابانـە والاکانـدا، یـان ئـەو تەپوتـۆز و خڵتـە زۆر ووردەی کە بـاو گەردەلوولـەکان دەیهێنن، ئەمـە سـەرباری ئەوانـەی کـە لـە دزەکردنـی گازی سرووشـتیەوە دەردەچـن، یـان ئەوانـەی لـە تەقینـەوەی گڕکانـەوە بڵاو دەبنـەوە، دەنکۆڵـەی بـەر و هەڵاڵـەکان، بوونـەوەرە زیندووە زۆر وردەکان وەک بەکتریـا و ڤایـرۆس و مشـەخۆرەکان، یـان ئـەو تیشـکانەی کـە لـە خـاک و بـەردی توێکڵـی زەوییـەوە دەردەپـەڕن. ئـەم پیسـکەرانەی هـەوا کاریگـەری زیـان بەخشـی زۆریـان هەیـە لەسـەر ئـەو کەرەسـە و بوونـەوەرە زیندووانـەی لـە ژینگـەدا هـەن، هەبوونـی تـەپ و تـۆز و تەمـی دووکـەڵاوی دەبێتـە هـۆی کـەم بوونـەوەی مەودای بینینی ڕێگا زەمینی و ئاسـمانییەکان، هەندێکـی تریـان دەبنـە هـۆی ژەنـگ هەڵهێنـان و داخورانـی ئامێـر و تـەلار و خانووبـەرەکان، ئەمـە کاردەکاتـە سـەر تەمەنـە بەسوودەکەی و بـە زیانێکی گـەورەش دادەنرێـت.

ڕووەکـەکان بـە هـەوای پیـس دەخنکێـن و دەمـرن، پیسـبوونی هـەوا بـە تـەپ و تـۆز و دووکـەڵ و تەمـی دووکەڵاوی گەردیلەی وردی ڕەق، بڕی ئەو تیشکە خۆرەی دەگاتـە سـەر زەوی کـەم دەکەنـەوە، ئـەوەش کاردەکاتـە

سەر گەشەی ڕووەک و پێگەیشتنی بەرووبومەکان، لێوەشاوەیی کرداری ڕۆشنەپێکهاتن کەم دەکاتەوە، دەبێتە هۆی هەڵوەرینی گوڵی هەندێک ڕووەک وەک پرتەقاڵ و زۆرینەی ڕووەکە هەمیشە سەوزەکان.

قەبارەی پیسبوونی هەوا و مەودای هاوبەشیکردنی هەر دەوڵەتێک لەم جۆرە پیسبوونەدا ج٣یاوازە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە، دەوڵەتە پیشەسازییەکانی وەک دەوڵەتەکانی ئەمەریکای باکوور، خۆرئاوای ئەوروپا، ژاپۆن، وە کۆمەڵەی دەوڵەتانی هاوکاری ئابووری و گەشەپێدان زۆرترین بڕی پیسکەری هەوا بەرهەم دێنن، لەدووای ئەوان دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا و ڕووسیا، لەگەڵ سەرنج دان لەوەی پیسبوونی هەوا لە دەوڵەتە گەشندەکانیشدا زیادی کردووە لەسەرەتای حەفتاکانەوە بەهۆی زۆر بەکارهێنانی سووتەمەنی و نەکردنی کاری پێویست گونجاو بۆ بەرگرتن لەم جۆرە پیسبوونە.

پیسبوونی هەوا کێشەی تریشی لێدەکەوێتەوە، ئەمانەی کە باسکرا زۆرینەیان کێشەی ژینگەیی لۆکاڵ و خۆجێیان لێدەکەوێتەوە، تەنها ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە ئەو

newalname.com/kurd

پیسکەرانەیان لێوە دەردەچێت، بەڵام هەندێک کێشەی ژینگەیی تر هەیە وەک دیاردەی پەنگخواردنی گەرمی و ترشە باران کە ئەمانە سنوورە هەرێمیە دیاریکراوەکان دەبەزێنن و درێژدەبنەوە بۆ ناوچە گەلی وەها کە هیچ هاوبەشیەکیان نەکردووە لەم جۆرە پیسبوونەدا.

زۆری چڕی هەندێ گازی وەک دووانە ئۆکسیدی کاربۆن و میسان دەبنە هۆی پەنگخواردنی گەرمی و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی هەوای سەرگۆی زەوی، ئەمەش بێگومان گۆڕانی سرووشتی و ئاوو هەوای لێدەکەوێتەوە دوواییەکەی مەترسیدار دەبێت بۆ هەسارەکەمان، هەروەها زۆر دەرچوونی ئاوێتەکانی کلۆرو فلۆر و کاربۆن، ئەوەی کە لە سەلاجە و سپلیت و ئەو جۆرە دەزگایانەدا بەکاردەهێنرێت، ئەمە سەرباری بەرگرەکانی وەک کەفی پلاستیکی، ئۆکسیدەکانی نایترۆجین، ئەمانە هەموو ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە گەورەکردنی کونی ئۆزۆندا بەوەش زۆرترین تیشکی سەرو وەنەوشەیی بەناو بەرگە زەپۆشدا گوزەردەکات کە ئەمەش مەترسی زۆری هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ.

bewarname.com/kurd

چینی ئۆزۆن چینێکی پارێزەرە لەناو بەرگە زەپۆشەکەدا، گۆی زەوی دەپارێزێت لەنزیکەی ٩٥٪ ی ئەو تیشکە سەروو وەنەوشەییانە، گەورەبوونی کونی چینی ئۆزۆن ڕێگەش دەدات بە گازە گەردوونیەکان و تەنۆلکە نامۆکان کە بێنە ناو زەپۆشی زەوییەوە و گۆڕانکاری گەورەی تیاڕووبدات.

پیسبوونی هەوا دەبێتە هۆی زۆر داباریني ترشە باران، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بە ترشی کبریتیک و نایترۆجیک پیس دەبێت، ئەم دوو ترشە کاتێک پێک دێن کە کارلێک ڕوودەدات لەنێوان دووانەئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین لەگەڵ هەڵمی ئاوەکەدا، لەبناغەدا ئەم گازانە لە سووتانی خەڵوز و گاز و پەترۆڵەوە پەیدادەبن بەهۆی هۆیەکانی هاتووچۆ و کارگەکان و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

ئەم جۆرە بارانە زیانێکی زۆر دەدات لە ڕووبەرێکی فراوانی سیستەمە ژینگەییەکە، بەتەواوەتی ماسیەکانی چەند دەریاچەیەکی لەناوبردووە، سەرباری کاری لەسەر ژمارەیەکی تری زۆری بوونەوەرە زیندووەکان، خانووبەرە و پرد و پەیکەر و مۆنۆمێنتەکان لەناو دەبات، زاناکان

پێیان وایە گەر چڕی ئەم ترشەبارانە بەرزبێتەوە زیانی زۆر بە دارستان و خاک و توخمەکانی تری سیستەمە ژینگەییەکە دەگەیێنێت.

## ب. پیسبوونی ئاو:

مەبەست لە پیسبوونی ئاو ڕوودانی تێکچوون و پشێوییە لە سیستەمە ژینگەییەکەی ئاودا، بەجۆرێک دەست نەدات بۆ بەکارهێنانە سەرەکییەکان، وە نەتوانێت ئەو تەنۆلکە ورد و بوونەوەرە بچووک و پاشەڕۆ جیاوازانە لە سیستەمە ژینگەییەکەیدا لە خۆبگرێت.

hewalname.com/ku/

پیسبوونی ئاو بۆتە دیاردەیەک کە زۆر ڕوودەدات لە جیهاندا، ئەویش لەئەنجامی زۆربوونی چالاکییە مرۆییەکانەوە، وە پێداویستییەکانی گەشەکردنی زۆری ئابووری، داواکاری زۆر لەسەر کەرەسە خاوە بنچینیەکان، ئەوانەی بەناو ناوەندە ئاوییەکاندا دەگوێزرێنەوە، سەربارى ئەوە ئێستا زۆرێک لەکارگەکان لە کەنار دەریا و زەریاکاندا دادەمەزرێن.

ئـاو بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە دووچـاری کـرداری پیسـبوون دەبێتـەوە، بـەڵام سیسـتەمی ئـاوی سـازگار بێگومان زۆرتر توشـی پیسـبوون دەبێت، چونکە ڕاسـتەوخۆ بەرکەوتـن و پەیوەنـدی لەگـەڵ چالاکییـە ڕۆژانەکـەی مرۆڤدا هەیـە، لەبـەر کەمـی بڕەکەیەتـی لەچـاو سیسـتەمە ئاوییەکانی تـردا، ژینگـە دەریاییەکانیش بەدەرنیـن لـەو پیسـبوونە بـەڵام بـە بڕێکـی کەمتـر ئەمـەش لـە ئەنجامـی گەورەیـی قەبارەکـەی و دووری لـە سـەنتەرەکانی چالاکیـە مرۆییەکانەوەیـە.

لێکۆڵینەوەکانـی بەرنامـەی نەتەوەیەکگرتـووەکان بـۆ ژینگـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە ئـاوی ژێـر زەویـش بەدەرنەبـووە لـە پیسـبوون، لەگـەڵ ئـەوەی هەندێـک پێیـان وایـە دوورن لەسـەرچاوەکانی پیسـبوونەوە، ئـاوی ژێـر زەوی سـەرچاوەیەکی گرنگـە بـۆ ئـاوی خواردنـەوە و ئاودێـری زێدەڕۆیـی لەبەکارهێنانیـدا و پیسـبوونی بـە کەرەسـە زیانبەخشـەکان هەڕەشـەیەکی بـەردەوام دروسـت دەکات لەسـەر ئـەم سـەرچاوە گرنگـەی ئـاوی سـازگار.

ئـاوی ژێـر زەوی بەهـۆی سـەرپێچی و پاشـەڕۆی کارگـەکان، لوولەکانـی نـەوت، کانگاکانـی کانـزاکان، کەرەسـە تیشـک دەرەوەکان پیـس دەبێـت، سـەرباری ئـەو

پیسـبوونەی کەلـە ئەنجامـی کشـتوکاڵەوە پەیـدا دەبێـت. بەهـۆی بەکارهێنانی پەینی کیمیایی و قڕکەرەکانی مێرو و پیسـایی ئاژەڵـەوە پەیـدا دەبێـت.

## سەرچاوە و جۆرەکانی پیسکەرەکانی ئاو:

ئـاو لـە ڕێگـەی پاشـەڕۆی مرۆیـی، ڕووەکـی، ئاژەڵـی و پیشەسـازییەوە پیـس دەبێـت، لـەوەوە کـە تێـی دەڕژێ و یـان تێـی فڕێدەدرێـت، لەسـەرچاوە گرنگەکانـی پیسـبوونی ئـاو، ئـاوی زێرابـە ئەمـە سـەرچاوەی پیسـبوونی ئەندامـی ئـاوە، ئـاوی زێـراب و پاشـەڕۆی مـاڵان دەبێتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی هۆیەکانـی پیسـبوونی ئەندامـی و بایۆلـۆژی، دەبێتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی و گواسـتنەوەی بەڕێـگای جیـاواز، وەک مەلەکـردن لەنزیـک کەنـاراوەکان، یـان لـە ڕێـگای خواردنـی ماسـی و زینـدەوەرە ئاوییەکانـی ترەوە، هەروەها ئاوی زێراب بە سـابوون و پاکژکـەرەوە پیشەسـازییەکانیش پیـس دەبێـت.

ئـاوی زێـراب سـەرچاوەی خوێیەکانـی فۆسـفات و نەتراتـە، ئەمانـە ئاوێتـەی جێگیـرن لـەڕووی کیمیاییـەوە، ئاسـەوارەکانیان لەخاکدا تـا ماوەیەکـی درێـژ دەمێنێتـەوە،

زۆربوونـی ڕێـژەی ئـەم ئاوێتانـە لـە ئـاوی دەریاچەکانـدا، دەبێتـە هـۆی گەشـەکردنی زۆری قـەوزەو ڕووەکـە ئاوییەکانی تـر، دوواتـر ڕوودانـی ئـەوەی پێـی دەگوترێت (دیـاردەی دەوڵەمەندبوونـی خۆراکـی)، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی داپۆشینی ڕووی ئاوەکە بە قـەوزە، دواتر ئاسـەواری ژینگـەی زیـان بەخشـی لێدەکەوێتـەوە، لەوانـە تێکدانـی دیمەنـە سروشـتیە جوانەکـەی ڕووبـار و دەریاچـەکان و چێـژ لێوەرنەگرتنی.پەکخسـتن و کێشـەی کەشـتی ڕانـی و ئاودێری و بەرهەمهێنانی کارەبا، لـە بارو دۆخی مردنـی ئـەم قەوزانـەدا ئۆکسـجین بەکاردەبرێت لـە کرداری بـە ئۆکسـید بوونـدا ئەویش دەبێتـە هـۆی مردنـی ماسـی و بوونـەوەرە ئاوییـە زیندووەکانـی تـر.

پیشەسـازیش بەسـەرچاوەیەکی مەترسـیداری پیسبوونی ئـاو دادەنرێت، بەتایبـەت پاشـەڕۆی کارگەکانـی خـۆراک دروسـتکردن، داوە پیشەسـازیەکان، کەرەسـە کیمیاییـەکان، ئەمانـە ئـاو پیـس دەکـەن بـە چـەوری، خوێـن، بەکتریـا، تـرش و تفتـەکان، بۆیـاخ، نـەوت، ئاوێتەکانـی نـەوت کیمیاییـەکان، ئامۆنیـا و هیتـر، سـەرچاوە پیشەسـازیەکان سـەرچاوەی یەکەمن بۆ گەیشـتنی کانزا قورسـەکانی وەک

فانیدیۆم، نیکڵ، جیوە، زیو، قورقوشم بۆناو ئاوی دەریا و ڕووبارەکان پاشان تەوژمە دەریاییەکان دەیانگوێزنەوە بۆ قوڵایی دەریا و زەریاکان، پاشان بە چڕیەکی زۆر دەچنە لەشی ماسی و بوونەوەرە زیندووە ئاوییەکانەوە بەتایبەتی لەناو شانەکانی چەوری ئەو زیندەوەرانەدا کۆدەبێتەوە، دوواتر ئەم کانزایانە دەگوازرێنەوە بۆ لەشی مرۆڤ کاتێک ئەم ماسی و بوونەوەرە زیندووە ئاوییانە دەخوات ئەوەش دەبێتە هۆی ڕوودانی حاڵەتەکانی ژەهراوی بوونی جیاواز.

سەرباری ئەوانەی باسکرا ئاو بە گەرمیش پیس دەبێت، هەندێک لە پیشەسازییەکانی وەک ئاسن و پۆڵا، کاغەز، پاڕزنینی نەوت،...هتد، ئەو ئاوە گەرمەی کە لە ساردکردنەوەی ئامێرەکانەوە بەرهەم هاتووە دەیکەنەوە ڕووبار و دەریاچە و گۆمەکانەوە، ئەمەش دەبێتە بەرزکردنەوەی لەناکاوی پلەی گەرمی ئەو ئاوانە، بەوەش زیندەوەرەکانی ناوی دووچاری مەترسی دەبنەوە.

بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ئەو ئاوە کاریگەری زیان بەخش دەکاتە سەر ئەو ژینگە ئاوییە و زیندەوەرەکانی ناویشی، بەرزبوونەوەی لەناکاوی پلەی گەرمی ئاوەکە،

کاردەکاتە سەر گەشەکردنی زۆری هەندێک ڕووەک و قەوزەی بێسوود کە ناشێن بۆ خۆراکی زیندەوەرە ئاوییەکان، کاتێک ئەو قەوزانە دەمرن و لەناودەچن و شیدەبنەوە بڕێکی زۆری ئۆکسجینی تەواوەی ناو ئاوەکە بەکاردەبەن.

ئەمە سەرباری ئەو گازە ژەهراوییە پیسانەی کە لێوەی دەردەچێت و ساڵ بەدوای ساڵدا کەڵەکە دەبێت و دەبێتە هۆی لەناوچوونی ژیان لەو ژینگە ئاوییە پیسبووەدا، لەهەندێ بارو دۆخدا پیسبوونی گەرمی ئاو دەبێتە هۆی بەئۆکسیدبوونی هەندێک پیسکەری کانزایی ئەوانەی کارگەکان فڕێیان دەدەنە ڕووبەرە ئاوییەکانەوە، پاشان دەبێتە هۆی پەیدابوونی هەندێک ئۆکسیدی ژەهراوی لە ئاوەکەدا.

دەشێ چالاکیە کشتووکاڵیەکانیش ببنە سەرچاوەیەک بۆ پیسبوونی ئاو، لەکاتی بەکارهێنانی پەینی کشتوکاڵیدا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، بەشێک لەو پەینە لەخاکەکەدا دەمێنێتەوە، لەکاتی ئاودانـدا، ئەو پەینە زیادەیە لە ئاوەکەدا دەتوێتەوە، لەکۆتایی کارەکەدا دەگاتە ئاوە ژێر زەویەکە و پیسی دەکات.

هەروەها مێروو قڕكەرەكانیش، ئەوانەی دەپرژێنرێن بەسەر بەرووبەەمەكاندا هەندێک جار دزە دەكەن و دەچنە ناو ئاوی ئاودێرییەوە، یان لەڕێگەی شتن و پاككردنەوەی ئەو دەزگا و كەرەسانەی دەرمانی پێدەڕێژین ئەو قڕكەرانە دەچنە ئاوەكەوە، دوواتر دەگوێزرێنەوە بۆناو لەشی ماسی و بوونەوەرە ئاوییەكانی تر و ئەو مەڕ و ماڵاتەشی كە ئەو ئاوە پیسە دەخۆنەوە، ئەم قڕكەرانە لەڕێگانی زەوییە كشتوكاڵیەكانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ ناو ئەو سەوزە و ڕووەكانەی كە مرۆڤ بە كاڵی و بە كوڵاوی دەیخوات بەوەش مرۆڤ توشی هەندێک نەخۆشی پیس دەبێت، لیستی ئەم كەرەسە قڕكەرانە دوور و درێژە بەڵام هەرە بەناوبانگەكانیان D.D.T. و فۆسفاتی ئەندامییە كە بەكاردەهێنرێت بۆ قەڵاچۆكردنی مێروو ئەمانە مەترسی و زیانی زۆریان لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەیە.

هەبوونی ئاوێتەكانی نەترات لە ئاوی خواردنەوەدا یان لەناو خۆراكی مرۆڤدا، مەترسی هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ، بەهۆی زێدەڕۆی لە بەكارهێنانی پەییندا، ئەوانەی بەڕێژەیەكی زۆر نایترۆجینیان تێدایە، یان لەناو هەندێک لەو ڕووەكانەی كە بۆ خۆراكی مرۆڤ بەكاردەهێنرێت.لە

پیسکەرە بەناوبانگەکانی تری ئاو نەوتە، بەهۆی ڕووداو و کارەساتەکانی پاپۆڕ و نەوت گوێزەرەوە گەورەکانەوە پەیدا دەبێت کە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، یان لەڕێگەی شتن و پاککردنەوەی تەنکەری نەوت گوێزەرەوەکانەوە، ئەو پیسییەش دەکرێتە دەریا و زەریاکانەوە، یەکێکی تر لە ڕێگاکانی پیسبوونی ئاوی دەریا و زەریاکان بە نەوت دزەکردن و هەڵقوڵانێتی لە پرۆسەکانی گەڕان و پشکنین بەدووای نەوتدا.

ئەم جۆرە پیسبوونە ئاسەواری ژینگەیی زیان بەخش و مەترسیداری هەیە لەسەر پێکهاتەی سیستەمە ژینگەییەکە، ئەوەش کاریگەرییەکی بەرچاو دەکاتە سەر زنجیرە خۆراکییەکە هەروەها ئەم پیسکەرانە بەتایبەتی ئەندامییەکانیان بڕێکی زۆری ئۆکسجینی تواوەوەی ناو ئاوەکە بەکاردەبەن، ئەو پەڵە نەوتییە سەرئاوکەوتووانە بەردەگرن لە تیشکی خۆر و ئۆکسجین و ناهێڵین بگاتە قوڵایی ئاوەکە، ئەمەش کار لە کرداری ڕۆشنەپێکهاتن دەکات لەناو ئاوەکەدا.

hewalname.com/ku/

## ج. پیسبوونی زەوی:

ئـەم جـۆرە پیسـبوونە بەرگـی ڕەقـو توێکڵـی سـەرەوەی گـۆی زەوی دەگرێتـەوە، ئـەوەی ئەڵقـەی یەکـەم ئەڵقـەی بنچینەییـە لـە سیسـتەمە ژینگەییەکـەدا، ئەمـە بناغـەی ژیـان و نهێنـی بەردەوامییەتـی، گومانـی تێدانییـە زۆربوونـی یەکجار خێرای دانیشـتوان لـەم سـاڵانەی دووایدا فشـارێکی زۆری خسـتۆتە سـەر توخمەکانـی ژینگـە، بەتایبـەت لەسـەر ئـەم بەشـەی سیسـتەمە ژینگەییەکـە، پیسـکەرەکانی خـاک و زەوی زۆر زیادیکـردووە، ئـەوەش بەزۆربـوون و گەورەبوونـی قەبـارەی پاشـەڕۆ و ئـەو پاشـماوانەی کەلـە ژیانـی ڕۆژانـەی مرۆڤـی هاوچەرخـەوە پەیدادەبێـت کەلـە ئەنجامی زۆربوونـی ژمـارەی دانیشـتوان و زۆر بەکاربردنی شـمەک و کەرەسـەکان هـەر ڕوو لـە زۆربوونـە.

پاشـەڕۆ ڕەقەکانـی وەک زبـڵ و خاشـاک بـە زۆربوونـی ژمـارەی دانیشـتوان زۆرتردەبـن، بـڕی زبـڵ و خاشـاک بـۆ هەرکەسـێک لـە دەوڵەتـە گەشـەندەکاندا مەزندەکراوە بـە ٠،٨ کگم لـە ڕۆژێکدا بـەڵام لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا تێکڕا دەگاتـە ١،٩٥ کگم، لـە فەرەنسـادا دەگاتـە ١،١ کگم بـۆ هـەر کەسـێک لـە ڕۆژێکدا، واتـە بـڕی ئـەو زبـڵ و خاشـاکە

hewalname.com/kurd

کە تاک لە دووای خۆی بەجێیدەهێڵێت پەیوەندی هەیە بە دەستکەوتو ئاستی گوزەرانی تاکەکانەوە.

ئەو پەرەسەندن و پێشکەوتنەی بەسەر پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوەدا هاتووە، بۆتە هۆی ئەوەی کە پاشماوەو پاشەڕۆ لە چالاکییە مرۆییەکانەوە زۆر ببێت، بە تایبەت لە بوارەکانی پیشەسازی کشتوکاڵ خزمەتگوزاری، گەشت و گوزار و ناردنە دەرەوەدا ئەمە وادەکات کەرەسە و پاشەڕۆ ڕەقەکان کەڵەکەببن، ئەو پاشەڕۆیانە لە کارگە، کێڵگە، یانە، ماڵ، چێشتخانە و شەقامەکانەوە کۆدەبنەوە، خاک بە پاشەڕۆی کێڵگەکانیش پیس دەبێت وەک قالۆری بەرووبوومە ووشکەڵەکان و ئەو خۆڵەمێشەی لە سووتانیانەوە پەیدادەبێت.بە کورتی دیاردەی پیسبوونی زەوی زۆر زیادی کردووە، لەگەڵ زۆربوونی بەکارهێنانی پەیینی نایترۆجینی بۆ قەرەبووکردنەوەی پیتی خاک و ئارەزووی زۆر بەکارهێنانی بەرهەمهێنانی بەرووبوەومە کشتوکاڵیەکان.زۆر بەکارهێنانی قڕکەرەکانی مێروو، بۆ پارێزگاریکردنی بەرهەمە کشتووکاڵیەکان لە نەخۆشی و پەتا کشتوکاڵیەکان، ئەمە دەبێتە هۆی تێکچوونی پیتی زەویەکە و نزم بوونەوەی بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، هەندێک لەو کەرەسە کیمیاییە زیان

بەخشانە کار لە پێکهاتەی سرووشتی ڕووەکەکە دەکات، بەشێوەیەکی گشتی بەها خۆراکیەکانیان دادەبەزێت.

زۆربوونی چالاکیە پیشەسازی و کانزاکاری بۆتە هۆی زۆربوونی پیسکەرو پاشەڕۆ ڕەقەکان جا کیمیایی بێت یان تیشک دەرەوە، بەتایبەت هەندێک لە حوکمەتەکان ئەم پاشەڕۆیانە فڕێدەدەنە سەر زەوی، یان لەهەناوی زەویدا دەیشارنەوە، لەهەردوو حاڵەتەکەدا کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ڕوون و لەبەرچاوە، لە مەودای درێژدا کاردەکاتە سەر مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک.

لێکۆڵینەوە و مەزەندە خۆجێیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پاشەڕۆی ناوماڵ ٤٥-٥٠٪ کۆی پاشەرۆ ڕەقەکان پێکدێنێت، کەرتەکانی پیشەسازی و خانوو دروست کردن ٢٠-٢٥٪ ی کۆی پاشەرۆ ڕەقەکان پێکدێنن، دامەزراوە بازرگانییەکان ٢٥-٣٠٪، هەموو پاشەڕۆکان مەترسیدارن جا لە هەر کەرت و سەرچاوەیەکەوەبێت، بەڵام پاشەڕۆ پیشەسازی و پزیشکییەکان زۆرترین کەرەسەی ترسناک و مەترسیداری تێدایە.

ئەو کەرەسە ئەندامییانەی لەناو زبڵ و خاشاکدان بۆگەن دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی گازی

ژەهـراوی (گازی میسـان)، وە دەرچوونـی بۆنـی پیـس و ناخـۆش، بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی و پەتـا بەهـۆی مێـش و مێشـوولە، ئاژەڵـە بەرەڵاکانـی دەورو بـەرەوە، بەتایبـەت ئەگـەر ئـەو زبڵ و خاشـاکە لـە خەسـتەخانەکانەوە هاتبێت، ڕەنگە هەندێـک لـەو پیسـکەرانە دزەبکـەن بۆنـاو ئـاوی ژێـر زەوییەکـە لـە چینـە جیۆلۆجییـە قوڵەکانـدا و پیسـی بـکات، ئەگـەر فڕێبدرێتـە سـەر زەوی خاکەکـە پیـس دەکات، چونکـە هەندێـک لـەو پاشـەڕۆیانە لـەڕووی بایۆلۆژیـەوە بەئاسـانی شـی نابنـەوە هەندێکیشـیان ژەهراویـن وەک کانـزا قورسـەکان.

خـاک بەکانـزا قورسـەکانی وەک قوڕقوشـم، جیـوە، کادمیـۆم و ئەلەمنیـۆم پیـس دەبێـت لـە شـانەی ڕووەک و بەرەکانیانـدا دەنیشـێت، لەڕێگـەی زنجیـرە خۆراکیەکـەوە، دەگوێزرێتـەوە بـۆ مـرۆڤ، ئـەم پیسـکەرانە لەڕێگـەی ئـەو پاشـەڕۆیانەوە دەگەنـە خاکەکـە نەشـاردراونەتەوە، یـان لەگـەڵ ئـاوی پیسـبووی ئاودێریـدا، یـان لـە ئەنجامـی ئـەو بارانـەوە کـە ئاوێتـەی تێدا تـوواوەتـەوە دەگاتـە نـاو خاکەکە.

پیسـبوونی خـاک هـەر بـە تەنهـا ڕووەکەکـە ناگرێتـەوە، بەڵکـو دەڕوات بـۆ بوونـەوەرە زیندووەکانـی تریـش ئەوانـەی

پشت بە ڕووەک دەبەستن بۆ خۆراک وەک مرۆڤ خۆی، لەلایەکی ترەوە پیسبوونی خاک دەبێتە هۆی زۆربوونی کێشەی پیسبوونی کیمیایی خۆراک ئەویش لەڕێگەی کاریگەری ئەو پیسکەرە ژینگەییانە لەسەر بەرووبوومە کشتوکاڵییانە و لەسەر سامانی ئاژەڵی ئاویی و وشکانی، مەڕ و مالات، باڵندە و پەلەوەر تووشی نەخۆشی دەبن، ئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی ئاژەڵی بەتایبەت شیر، وە کاریش دەکاتە سەر زاو و زێیان.

سەرباری ئەمانە پیسکەری تریش هەیە خاک و زەوی پیس دەکەن وەک، ترشە باران تەپوتۆزی ئەتۆمی ئەوەی لە تەقینەوە ئەتۆمییەکانەوە پەیدا دەبێت.

## پیسبوونی ناماتریالی: یان پیسبوونی فیزیایی:

ئەمە پیسبوونێکی هەست پێنەکراوە، لە گرنگترین شێوەکانی پیسبوون بە ژاوەژاو و پیسبوون بە تیشکە.

### أ- پیسبوون بە ژاوەژاو:

ژاوەژاو دەنگێکەلە شێوەی شەپۆلدا دەردەچێت، لەگەڵ بیستن و گوێچکەی مرۆڤدا ناگونجێت و پێی خۆش نیە،

newalname.com/ku/

زۆر جار لە شێوەی دەنگی لەرەلەر بەرزدایە، دەبێتە هۆی لەرینەوەی توندی پەردەی گوێ، دەنگێکی نارێک وپێکە بە پێچەوانەی ئاوازە موسیقاییەکانەوە کە مرۆڤ پێی خۆشە و کەیفی پێی دێت.

وشەی ژاوەژاو لە دەستەواژە لاتینیەکەوە NAUSES وەرگیراوە، پێناسەی زۆر و جیاوازی بۆ دەکرێت لە ئەنسکلۆبیدیایی بەریتانیدا هاتووە (ژاوەژاو دەنگێکی داوانەکراوە، بەڵام ئەنسکلۆبیدیا ئەمەریکاییدا هاتووە (ژاوەژاو دەنگێکی نەخوازراوە)، ژاوەژاو بەندە لەسەر مەودای وەرگرتنی گوێی مرۆڤ، چونکە بەرگەگرتنی گوێی مرۆڤ جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، بەندیشە لەسەر فاکتەرە سایکۆلۆجیەکان، دەنگ دوو واتای هەیە واتایەکیان فەسیۆلۆجییە، چونکە هەستکردن بە دەنگ بەندە لەسەر توانای کۆئەندامی دەمار لەڕووی وەرگرتنی دەنگ و شیکردنەوەی، هەندێک دەنگ هەیە ناتوانین بیبیستین، واتای دووەمی فیزیاییە، مەبەست لێی ئەو شەپۆلانەیە کە بە دەنگ ناویان دەبەین، بێگوێدانە ئەوەی وەرگری هەبێت یان نا.

یان بەشێوەیەکی تر هەر دەنگێک ژاوەژاوی لێوە دروست بێت بێزارکەرە، لە گۆشە نیگا یاساییشەوە،

پیسـبوون بـە هەڵـەی زەپۆشـە دەبێتـە هـۆی بریندارکردنـی ماتریالـی تاکـەکان.

پیسـبوون بـە ژاوەژاو گەورەتریـن کێشـەی شـارە قەرەباڵغەکانە، بەتایبەت شـارە پیشەسـازییەکان، ئەم دیاردە ژینگەییە ئەنجامێکە لە ئەنجامەکانی پێشکەوتنی شارستانی کـە نێگەتیڤانـە کاردەکاتە سـەر تەندروسـتی مـرۆڤ بەتایبەت هەسـتی بیسـتن وەک دەزانرێـت گوێـی مـرۆڤ دەتوانێـت هەسـت بـەو دەنگانـە بـکات کـە پلـەی هێرتزەکەیـان لـە ٢٠ پلـە بـۆ ٢٠٠ پلەیـە (مەبەسـت لـە هێرتـز ژمـارەی جارەکانـی لەرینەوەیـە لـە چرکەیەکـدا)، لـە سروشـتدا دەنـگ هەیـە کەمتر یـان زۆرتـرە لـەو دوو لەرینەوەیـە بەوانـە دەگوترێـت لەژێـر یـان لەسـەرو دەنگـەوەن.

کێشـەکانی پیسـبوون بە ژاوەژاو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زۆر بووندایـە بەتایبـەت لـە ناوچـە شارنشـین و قەرەباڵغەکانـدا یـان ئەوانـەی نزیکـن لـە شـوێنەکانی کانـزا دەرهێنانـەوە، ڕێـگا خێـراکان، ناوچەکانـی نزیـک فڕۆکەخانـەکان، یـان ئـەو شـوێنانەی کاری بیناسـازی پڕۆژەکانـی تێداجێبەجـێ دەکرێت، ژا وەژاو بە هەموو جۆر و پلە و سەرچاوەکانیەوە هـەر زیـان بـە تەندروسـتی مـرۆڤ ناگەیەنن بەڵکو زیانیشـی بـۆ ئـاژەڵ و باڵنـدە و ڕووەکیش هەیـە.

newalname.com/ku/

## ب- پیسبوون بە تیشک:

زۆرێک لـە زانـاکان پێیـان وایـە تیشـکەکان دەرئەنجامـی ئـەو تەقینـەوە گەورانـەن، کاتێـک پـەروەردگار گەردوونـی دروسـت کـردووە، پێش بیسـت هـەزار ملیـۆن سـاڵ، ئـەم دیاردەیە لەلایـەن زانـای فەرەنسایی هنری بکرل لـە سـاڵی ١٨٩٦ دا دۆزرایـەوە، بـە دوایـدا کچـە زانـای پۆڵۆنـی مـاری کـوری هـات، ئەویـش هـەر لـەم ڕێگەیـەوە کاری دەکـرد، چاکـەی بەکارهێنانـی دەسـتەواژەی چالاکـی تیشـکی Radio Activity بـۆ ئـەو دەگەڕێتـەوە، ئـەوەش بـۆ بەڵگەیـە لەسـەر توانـای نـاووک هەندێـک گەردیلـە بـۆ لەخـۆوە گۆڕانـی بـۆ ناووکـی تـر، ئـەوەی بـە کەرەسـە تیشـک دەرەوەکان یـان هاوشـێوە تیشـک دەرەوەکان دەناسـرێن، ئـەم کەرەسـانە لەژێـر دوو ناونیشـانەدا پۆلێـن دەکرێـن، یەکەمیـان بـە هاوشـێوە جێگیـرەکان دەناسـرێن، ئەمانـە هەرگیـز ناگۆڕێـن، زۆرینـەی توخمەکانـی سروشـت پێکدێنن، دووەم هاوشـێوە ناجێگیرەکانـن یـان تیشـک دەرەوەکانـن، ئەمانـە لـە سروشـتدا هەبوونیـان لەچـاو جێگیرەکانـدا زۆر کەمـە، هـۆی ناجێگیریشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ هەبوونـی وزەی زۆر لەنـاو خانەکانـی گەردیلەکەدا.ئەمـە وایلێـدەکات هەمیشـە

هـەر لەخـۆوە لـە هەوڵـی خۆڕزگارکردنداب‌ێـت لەدەسـت ئـەو وزەیە.کاتێـک ڕەهـا دەبێت لێـی یـان بەشـێکی ڕەهـا دەبێت ئـەوکات دەڵێیـن هەڵوەشـاوەتەوە یـان پوکاوەتـەوە، لەئەنجامـدا ناووکـی گەردیلەکـە دەگوێزرێتـەوە لەحاڵەتێکەوە بـۆ حاڵەتێکـی تـر ئەگـەر تیشـکی گامـای دەرکـرد، یـان دەبێتە هاوشـێوەیەکی تـر گـەر تیشـکی ئالفـا و بێتـای دەرکـرد.

سـەرچاوەکانی پیسـبوون بـە تیشـک دوو سـەرچاوە دەگرێتـەوە، سـەرچاوەیەکیان سرووشـتیە و ئەویتریـان لەئەنجامی چالاکیەکانی مرۆڤەوەیە، سـەرچاوە سروشـتیەکە تیشـکە گەردوونیـەکان دەگرێتـەوە بڕەکەشـی جیـاواز دەبێت بـە جیـاوازی بـەرز و نزمـی لـە ئاسـتی ڕووی دەریـاوە، وە بەجیـاوازی شـوێنە جوگرافیاییەکـە، هەروەهـا ئـەو بەردانەی کـە توێکڵـی دەرەوەی گـۆی زەوییـان پێکهێنـاوە بڕێکـی کەمیان توخمـی تیشـک دەرەوە تێدایـە وەکـو یۆرانیـۆم وسـوریوم، چـڕی توخمـە تیشـک دەرەوەکان جیـاوازە بـە جیـاوازی جـۆری خاکەکـە، بۆیـە دەبینیـن لـە بـەردە گرانیتیەکانـدا چڕیەکـەی بـەرز دەبێتـەوە بـەڵام لـە بـەردە لمینییەکانـدا نـزم دەبێتـەوە.

hewalname.com/kurd

ئـەو تیشـكانەی لەخاكـەوە دەردەچـن لەبناغـەدا لـە تیشـكی گامـا پێكهاتـوون، چونكـە تیشـكی ئەلفـا و بێتـا لەنـاو توێكڵـی دەرەوەی خاكەكـەدا دەمژرێـت، هەندێـك توخمـی سروشـتی تیشـك دەرەوە وەك كاربۆنـی ١٤، پۆتاسـیۆمی ٤٠، لەنـاو خواردنـی مـرۆڤ و لەنـاو لەشـیدا هەیـە، هەروەهـا لەلەشـی مرۆڤدا رادیۆمـی ٢٢٦، بولونیۆمـی ٢١٠، ئیسترۆنسـیومی ٩٠ هەیە.بـەڵام ئـەو سـەرچاوانەی لـە چالاكییەكانـی مرۆڤـەوە بەرهـەم دێـت بریتیـن لـە تیشـكی ئێكس، كەبەشـێوەیەكی بەربڵاو لـە دیاریكردنی نەخۆشـی و چارەسـەرەكەیدا بەكاردەهێنرێت هەروەهـا ئـەو دەرواتانـەی كـە بۆچارەسـەركردنی هەندێـك نەخۆشـی بەكاردێـن وەك ژەهـراوی بوونـی دەرەقـی بڕێكـی زۆركـەم یـۆدی تیشـك دەرەوەی تێدایـە، دەزگاكانـی تەلەفزیـۆن، كۆمپیوتـەر و دەزگا ئەلكترۆنـی یـەكان بەسـەرچاوەی هەندێـك جـۆری تیشـك دادەنرێـن.

سـەرباری ئەوانـەی باسـكرا كـوورە ئەتۆمییـەكان بـە سـەرچاوەیەكی سـەرەكی پیسـبوون بـە تیشـك دادەنرێـن، هـەر لـە كۆنـەوە و ئێسـتاش ئـەم كـورە ئەتۆمییانـە

hewalname.com/kurd

بەکاردەهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا، لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەم کوورانەوە ژینگە بە تیشک پیس دەبێت، بە تایبەت ژینگەی دەورو بەری کوورەکان، هەندێک جار بەهۆی تەقینەوەی ئەو کووره ئەتۆمییانەوە، ڕێژەی پیسبوونە ژینگەییەکە زۆر بەرز دەبێتەوە، وەک ئەوەی لە کووره ئەتۆمییەکانی چێرنۆبڵدارڕوویدا.

لەسەرچاوەکانی تری پیسبوون بە تیشک چەکی ئەتۆمییە، یەکەم تەقینەوەی چەکی ئەتۆمی ئەوەی هیرۆشیما و ناگازاکی بوو لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە ژاپۆن، دووای ئەوە تاقیکردنەوەکانی چەکی ئەتۆمی لەسەر ئاستێکی فراوان بڵاوبووەوە، بەتایبەت لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سۆڤێتی جاران، بەریتانیا، لەو فاکتەرە سەرەکیانەی دەبنە هۆی پیسبوون بە تیشک، ئەو تاقیکردنەوە ئەتۆمییانەی کە دەوڵەتانی یانەی ئەتۆمی ئەنجامی دەدەن، ئەم تاقیکردنەوەیانە بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی بڕێکی زۆری ئەتۆمی تیشکدەرەوە لەو ناوچانەدا کە تاقیکردنەوەکانی تێدا ئەنجام دەدران، با ئەم تۆزە تیشکدەرەوەیانەی هەڵدەگرت بەرزی دەکردەوە بۆ چینەکانی سەرەوەی زەپۆش، ئەوەی کە

hewaname.com/ku

هەندێک هاوشێوەی تیشک دەرەوەی وەک سیزیۆمی ١٣٧، ئسترۆنسیومی ٩٠، کاربۆنی ١٤، یۆدی ١٣١....هتد.تێدایە.

ئەوانەی کە چالاکیە تیشک دەرەوەکانیان هەتا ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت دوواتر دادەبەزێتە سەر هەندیک ناوچە کە زۆر دوورن لە شوێنی تاقیکردنەوەکەوە، بەوەش هەوا، ئاو و خۆراک پیس دەکات، وە لە ڕێگەی زنجیرە خۆراکییەوە ئەو تیشکانە دەگەن بە مێروو، ڕووەک، باڵندە و ئاژەڵەکان دوواتریش بە مرۆڤ، ئەوەی زۆرتر کێشەکە قورس دەکات ئەوەیە، ئەم کەرەسە تیشک دەرەوەیانە هەتا ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت، ئەمەش وادەکات زیانەکانی لەسەر توخمە ژینگەییەکان چەند جارە ببێتەوە.

## کاریگەرییە تەندروستییەکانی پیسبوون:

لە باسەکانی خستنەڕووی شێوەکانی پیسبووندا، ئاماژەشمان کرد بۆ هەندێک لە کاریگەرییەکانی ئەو پیسبوونە لەسەر ڕووەک، ئاژەڵ، مرۆڤ و هەندێک لایەنی تر لە سیستەمە ژینگەییەکە، بەڵام لێرەوە هەوڵدەدەین کاریگەری ئەو پیسکەرانە بخەینەڕوو بەتایبەت لەسەر تەندروستی مرۆڤ.

hewalname.com/ku

## پیسکەرەکانی هەوا:

پیسکەرەکانی هەوا بە شێوەیەکی تایبەت کاریگەری زۆر گەورەیان هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ، چونکە دەبنە هۆی توشبوونی بە ژمارەیەک زۆر نەخۆشی ترسناک، وەک نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسە، نەخۆشیەکانی دڵ و شیرپەنجە، هەوای پیسبوو دەیان هەزار ژەهر و کەرەسەی زۆر مەترسیداری تێدایە لەسەر چالاکیە فسیۆلۆجییەکانی مرۆڤ، بۆیە هەوای پیسبوو مەترسیدارترە لە خۆراکی پیسبوو، چونکە پیسییەکان ڕاستەوخۆ لەڕێگەی هەوای هەڵمژراوەوە دەگوێزرێنەوە بۆ خوێن بە ڕێژەی ١٠٠٪، بە پێچەوانەی خواردنی خۆراکی پیسبوو، چونکە هەمووی ناچێتە ناو خوێن، تەنها ڕێژەیەکی دیاریکراو ئەوەی ڕیخۆڵەکان دەیمژن ئەوە دەچێتە خوێنەوە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە لەو کەرەسە پیسانە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا ئاوێتەی ناتەواوەن، لەڕێگای پیسایی مرۆڤەوە دەچنە دەرەوە.

مەزندە کراوە لەناوچە شارنشینیەکاندا زیاتر لە یەک ملیار کەس هەیە دووچاری ئاستی ناتەندروست دەبن بەهۆی پیسکەرەکانی هەواوە، لە ٩٠٪ ی ئەمانە لە دەوڵەتە

hewalname.com/ku/

گەشـەندەکاندان. بەهەرحـاڵ، زانیـاری زۆر لەبەردەسـتدایە لەسـەر ئاسـەوارە کـورت مەوداکانـی تووشـبوان بـە ئاسـتێکی بـەرزی ئـەو کەرەسـە کیمیاییـە مەترسـیدارانەی لـە هـەوادا هەیـە، بـەڵام زۆر کـەم دەزانیـن لەسـەر ئـەوەی کەچی بەسـەر ئەو کەسانەدا دێت کە دووچاری چڕییەکی زۆر کەمـی ئـەم کەرەسـە کیمیاییانـە دەبنـەوە، بـەڵام بـۆ ماوەیەکی درێژ، لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانین ئەو ئاسـەوارانە پێوانە بکەین کە تووشـی دانیشـتوان دەبن ئەویش لەسـەر بناغـەی ئـەو گۆڕانـە فسـیۆلۆژی و نەخۆشـی و مردنانـەوە کـە ڕوودەدات، هەروەهـا بازدانـە کرۆمۆسـۆمییەکان (بەرهەمهێنانی وەچەیەکی نوێی بۆماوەیی کـە زۆرینەیـان زیانبەخشـن) ئەمانـە هەموویـان ڕەنگـە هـۆی کیمیاییـان هەبێت و هەمیشـەیی بن، شـێرپەنجە و کەمووکوڕیەکانـی دروست بوونی جەستە لـە چوارچێوەی ئەو مەترسییانەی تردابـن لەسـەر تەندروسـتی کـە ڕەنگـە لـە دووچاربوونـی درێـژ مـەوداوە پەیدابێت بـۆ ئـەو کەرەسـە ژەهراوییانـە، کەمووکووڕی جەستەیی بە ڕێژەی ٢-٣٪ لەکۆی حاڵەتەکانی لەدایکبووندا ڕوودەدات لـەم ڕێژەیـە لـە ٢٥٪ ی دەگەڕێتـەوە بـۆ: تیشـک، ڤایـرۆس، داوودەرمـان و کەرەسـەی کیمیایـی بـەڵام ئـەو ڕێژەی کـە مـاوە و دەگاتـە ٦٥-٧٠٪ لـە ئەنجامـی

hewanname.com/ku/

کۆمەڵە هۆیەکی نەزانراوەوە ڕوودەدات، بەڵام ڕەنگە لە کۆمەڵێک کارلێکی نێوان هەندێک فاکتەری ژینگەیی بێت لەگەڵ فاکتەرە کرۆمۆسۆمییەکاندا.

کاریگەری تووشبوون بە هەر پیسبوویەک بەندە لەسەر ماوەی تووشبوونەکە، توندیەکەی جۆری کەرەسە پیسبووەکە، دوو جۆرە توشبوون هەیە، یەکەمیان توشبوونێکە کە ئاستەکەی زۆر بەرزە و نائاساییە وەکو حاڵەتەکانی دەرپەڕینی لاوەکی کەرەسە کیمیاییەکان، یان حاڵەتەکانی تووشبوون لەکاتی کارکردندا، حاڵەتەکانی پیسبوونی یەکجاری زۆری هەواکە، جۆری دووەمی تووشبوون، ئەوەیە کەبەشێوەیەکی گشتی تووشی پیسبوون بێت لە ژینگەکەی دەوروبەرەوە.

لەکاتی ڕەهابوونی هەر پیسکەرێکدا وەک کانزا قوورسەکان، کەرەسە ئەندامییە ژەهراوییە جێگیرەکان بەرەو ژینگە، ئەو کەرەسانە بڵاو دەبنەوە لەناو بەش و پێکهاتەکانی ژینگەکەدا دابەشدەبێت، بەشێوەیەک کە پشت دەبەستێت بەوەی پێی دەگوترێت (خەسڵەتە فەرمانییەکان) ئەوەی دەرئەنجامی کۆتایی خەسڵەتە کیمیایی و فیزیاییەکانی ئەو پیسکەرەیە، یان بۆ ئاوێتەکانی

ئـەوەی لـە گۆڕانـی شـێوە کیمیاییەکەیـەوە پەیـدا دەبێـت لـە ژینگەکـەدا لەژێـر کاریگەریـی فاکتـەرە ژینگەییەکانـدا ئەوانیـش، جێگیرییـە ژینگەییەکـە و جووڵـە ژینگەییەکەیـە، پیسـکەرەکانیش ناتوانن ئاوێتەی سیسـتی ژینگەیی دروسـت بکـەن.

کـە پیسـکەرەکە توشـی فاکتـەر ژینگەییەکانـی دەوروبـەر دەبێت، وەک شێ و ئۆکسجینی ناو زەوی، یان فیزیاییەکانی وەک گـەرمـی، ڕووناکـی و فاکتـەرە بایۆلۆژییـەکان وەک کاریگـەری زینـدەوەرە یەکجـار ووردەکان، ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە شـێوە کیمیاییەکـەی خـۆی بگۆڕێـت لـە شـێوەکەیەوە بۆ شـێوەیەکی تر، یان ئاوێتـەی نوێ بەرهەم بهێنێـت، بـەم کارلێکانـە دەگوترێـت پرۆسـەکانی گۆڕانـی ژینگەیـی پیسـکەرەکان.

hewalname.com/ku

بەهەرحـاڵ هەڵسـەنگاندنی ئاسـەوارە تەندروسـتیەکانی توشـبوون بـە پیسـکەرە کیمیاییەکانی ژینگە کارێکی ئاسـان نیە وە ڕەنگە موسـتەحیلیش بێت، چونکە تاکەکانی بەگشـتی لەیـەک کاتدا دووچاری چەندین پیسـکەر دەبنـەوە، وەک لـە هەڵمژینـەوە، لەهەرسـەوە لەڕێگـەی پێسـتەوە، وە لەڕێگـەی ئـاو و خـۆراک و خاکـەوە.

لە زۆرجاردا کاریگەریی هەر کەرەسەیەکی پیسبوو یان زۆرتردەبێت یان کەمتر دەبێتەوە کاتێک لەگەڵ پیسکەرێکی تردا کارلێک دەکات، ئاسەوارە تەندروستییەکانی گازی ئۆکسیدی گۆگرد بە هەبوونی هەر تەنۆلکەیەکی ڕەق زۆرتر دەکات، جگەرەکێشان ڕوودانی شێرپەنجە زۆرتر دەکات لەئەنجامی توشبوون بە گازی ڕادۆن لەناو خانووبەرەکاندا.

لەشی مرۆڤی ئاسایی لەڕێگەی هەناسەدان و کرداری هەرس کردنەوە دووچاری کەرەسە ژەهراوییەکانی توخمە تیشکدەرەکانەوە دەبێت بە پلەیەکی سەرەکی، وە لە ڕێگاکانی ترەوە بە پلەیەکی کەمتر وەک پێست، پشکنین و چارەسەرکردن، پیسبوونی هەوای ناوماڵەکان ڕەنگە ببێتە هۆی توشبوون بە شێرپەنجە، لەئەنجامی توشبوون بە گازی ڕادوم و دوکەڵی جگەرەکە، لە ناوچە گوند نشینەکانی دەوڵەتە گەشەندەکان ڕەنگە ببێتە هۆی زۆربوونی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و کۆئەندامی هەناسەدان، لەئەنجامی دەرچوونی ئەو گازانەی کە لە سووتانی بارستە زیندەگییەکەوە دەردەچن.

hevalname.com/ku/

## لەبنهێنانی چینی ئۆزۆن:

ئـەو لێکۆڵینەوەیانـەی کـە لـە بـواری کاریگـەری تەندروسـتی لـە بنهاتنـی چینـی ئـۆزۆن زۆربوونـی تیشـکی سـەروو وەنەوشـەیی ئەنجـام دراوون سـەلماندوویانە کـە تووشـبوون بـە تیشـکی زۆری سـەروو وەنەوشـەیی، ئەوەی چینی ئۆزۆن دەبڕێ و دەگاتە سەر زەوی کارایی کۆئەندامـی بەرگـری لەشـی مـرۆڤ لاوازدەکات، ئەمـەش وا لـە مـرۆڤ دەکات کـە زۆر تووشـی نەخۆشـییە پەتـاکان بـکات ئـەوەی کـە لـە ڤایرۆسـەوە بڵاودەبێتـەوە، وەک گـەڕی یـان ئەوانـەی بەهـۆی بەکتریـاوە بڵاودەبنـەوە وەک سـیل، یـان ئـەو نەخۆشـیانەی کـە بەهـۆی مشـەخۆرەکانەوە بڵاودەبنـەوە، لـە دەمێکـەوە دەزانرێت دووچاربوون تیشـکی سـەروو وەنەوشـە دەبێتـە هـۆی نەزۆکـی مـرۆڤ.

بەگشـتی تووشـبوون بە ڕێژەیەکی زۆری تیشـکی سەروو وەنەوشـەیی، ئـەوەی کـە لەئەنجامـی تێکچوونـی چینـی ئۆزۆنـەوە پەیـدا دەبێت، دەبێتـە هـۆی زۆربوونـی ژمـارەی ئەوانـەی تووشـی نابینایـی دەبـن بەرزبۆتـەوە بـۆ نزیکـەی ۱۰۰ ۰۰۰ کـەس لـە سـاڵێکدا و لەسـەر ئاسـتی هەمـوو جیهـان، بـە گوێـرەی ڕاپۆرتـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لەبنهاتنـی

hewalname.com/kurd

چینی ئۆزۆن بەڕێژەی ١٠٪ ڕەنگە ببێتە هۆی توشبوونی نزیکەی ١،٧ ملیۆن کەس بە نەخۆشی ئاوی سپی چاو، ئەمە سەرباری توشبوونی چاو بە ئاوی شین، چونکە بەرگەی ئەو تیشکە ناگرێت.

سەرباری ئەمانە داخورانی چینی ئۆزۆن کە وەک قەڵغان وایە بۆ زەوی دەبێتە هۆی زۆربوونی تێکڕاکانی شێرپەنجەی پێستی نا ڤیتامی بە ڕێژەی ٢٦٪، چونکە تیشکی سەروو وەنەوشەیی جۆری B ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دروست کردنی دوومەڵی ڤیتامی، ئەمە مەترسیدارترین جۆری شێرپەنجەی پێستە، ئەمە واتای ڕوودانی ٣٠٠ هەزار حاڵەتی شێرپەنجەی پێستە لە ساڵێکدا.

hewalname.com/ku

کاریگەریە تەندروستییەکان هەر بەردەوامە ڕاناوەستن، زۆربوونی دزەکردنی تیشکی سەروو وەنەوشەیی، بەهۆی گەورەبوونی کونی ئۆزۆنەوە، دەبێتە هۆی توشبوون بە سووتانەوە (خۆربردن)، چونکە کاریگەری تیشکی سەروو وەنەوشەیی جۆری B لەسەر پێستی مرۆڤی پێست و ڕەنگ کاڵەکان زۆرترە و پێستەکە سوور هەڵدەگەڕێت ئەوەی بەسەردا دێت کە پێی دەگوترێت

خۆربـردن بـه خۆرسـووتان، هەروەهـا دەبێتـه هـۆی ڕوودانـی چەنـد گۆڕانێکـی بۆماوەیـی، چونکـه ئـەو تیشـک سـەروو وەنەوشـەییەی دەگاتـه سـەرزەوی ووزەیەکـی بـەرزی هەیـه، لـه توانایدایـه گـەردە بایۆلۆژیەکانـی لەشـی مـرۆڤ تێـک بشـکێنێت لەوانـه ترشـی D.N.A کـه بەرپرسـه لـه گواسـتنەوە خەسـڵەته بۆماوەییـەکان.

## پەنگخواردنی گەرمی:

بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمـی ئـەوەی لـه پەنگخواردنـی گەرمییـەوە پەیـدا دەبێـت، دەبێتـه هـۆی بەرزبوونـەوەی تێکڕاکانـی مـردن، پشـێوی دەروونـی، ماندووبوونـی کۆئەندامـی خوێـن و کۆئەندامـی هەناسـەدانی مـرۆڤ، لـەم چوارچێوەیـەدا تیمێکـی زانسـتی نێودەوڵەتـی لـه ڕاپۆرتێکدا بەناونیشـانی (کاریگـەری گۆڕانـه ئـاو و هەواییـه هەرێمیـەکان لەسـەر تەندروسـتی مرۆڤ) بـاس لـەوە دەکات زۆرێـک لـەو نەخۆشـیانەی مـرۆڤ توشـی دەبێـت و بـاوە، وابەسـتەی گۆڕانـه ئـاو و هەواییەکەیـه، ئـەو نەخۆشـییانەش لەنێـوان نەخۆشـییەکانی دڵـه کـه دەبێتـه هـۆی مـردن هەتـا نەخۆشـییەکانی هەوکردنـی سـییەکان لـه ئەنجامـی شـەپۆلەکانی گەرمیـدا.

هەروەها گۆڕانە ئاو و هەواییەکان، دەبنە هۆی گۆڕینی ڕێگاکانی گواستنەوەی نەخۆشیەکان.وەک دەزانریێت ئەم نەخۆشیانە بەبەرزبوونەوەی پلەی گەرمی زۆر تر بڵاو دەبنەوە، وە بە دڵنیاییەوە ڕووداوەکانی تووشبوون بە ئاوی پیس بەکەرەسە کیمیاییەکان زۆر زیاد دەکات لەکاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکانی وەک لافاو، گەردەلوول و سایکلۆنەکان، کە چاوەڕواندەکریێت لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیدا ئەم کارەساتانەش زۆردەبن، ئەو مەزندانەی کەلە ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانییەوە، وەرگیراون جەخت لەوە دەکەنەوە کە دیاردەی پەنگخواردنی گەرمی دەبێتە هۆی مردنی ١٥٠ هەزار کەس لە ساڵێکدا.

دەشێ ئەو کاریگەرییانەی کەلە ئەنجامی پەنگخواردنی گەرمیەوە پەیدا دەبن ناڕاستەوخۆبن، وەکو ئەگەری زۆربوونی گواستنەوەی ئەو نەخۆشیانەی کەلە گواستنەوەیاندا پشت دەبەستن بە گوێزەرەوەی وەک مێرووەکان و هاوشێوەکانیان، هەروەها گۆڕانە ئاو و هەواییە چاوەڕوانکراوەکان بڵاوبوونەوەی نەخۆسییەکان زۆرتر دەکات، بەتایبەت ئەو نەخۆشیانەی کە بە

هـۆی مێشـوولەوە دەگوێزرێنـەوە و بڵاودەبنـەوە، وەک مەلاریـا، زەردەتـا، هەوکردنـی سـەحایا، نەخۆشـی کولێرا، نەخۆشـیەکانی ژەهـراوی بوونـی خـۆراک.وەک سـالمۆنیلا و شـیکیلا، هەوکردنـی ڤایرۆسـی مێشـک، هەندێـک مەزنـدە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن، بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمـی بـە بـڕی ٣ پلـەی سـەدی دەبێتـە هـۆی ٥٠-٨٠ حاڵەتـی نوێـی مەلاریـا لـە سـاڵێکدا، دەبێتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی نەخۆشییەکە بە هەموو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و باکـووری ئەوروپـادا.

## پیسکەرەکانی ئاو:

پیسـبوونی ئـاو بەکەرەسـەی ئەندامـی، کیمیایـی و بەکتریـای زیانبەخـش، ئەمانـە لـە ڕێگـەی پێسـت، دەم، بریـن، خواردنـەوە، بەکارهێنـان و مەلەکـردن لـەم ئاوەپیسـانەدادەگوێزرێتەوە بـۆ مـرۆڤ، لـە بیرمـان نەچێت نەخۆشـییەکانی وەک گرانەتـا، سـکچوون، ڕشـانەوە، کۆلێرا، هەوکردنـی جگـەر و کۆئەندامـی دەمـار هۆیەکانـی ئـەو ئـاوە پیسـەیە کـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی لـە پاشـەڕۆی مرۆڤـەوە دێـت، مەترسیشـی دەگاتـە مـرۆڤ لەڕێگـەی خواردنـی ماسـی و ئـەو بوونـەوەرە ئاوییـە زیندووانـەی تـر کـە

لەشیان چڕییەکی زۆری ئەم کەرەسانەی تێدایە، ڕەنگە ئەم پیسکەرانە ببنە هۆی کەم و کووڕی جەستەیی لە کرۆمۆسۆمەکاندا، وە هەندێک جار ببنە هۆی مردن، یان پوکانەوەی کۆئەندامی زاوزێ و نەزۆکی، بۆ نمونە کلۆرین و وەرگیراوە ئەندامییەکان، ئەوانەی دەچنە پیشەسازی پلاستیک و مێروو قڕکەرەکانەوە لە گەلێ جۆری تری کەرەسەی کیمیایی ئەوانەی کە دێنە پیشەسازییەوە، زۆرینەیان دەبنە هۆی توشبوون بە شێرپەنجە، نزمبوونەوەی رشتنی هۆڕمۆنی نێرینە، شێرپەنجەی منداڵدان، کەم بوونەوەی بەرگری شێوانی کۆرپەلە. زۆربوونی ڕێژەی نەترات لە ئاودا و، بەشێوەیەکی گشتی لە ئاوی ژێر زەوی دا بۆتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ بۆ دەوڵەت گەلێکی زۆر، نەترات مەترسی تەندروستی زۆری هەیە بەتایبەت بۆ منداڵ، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە بڵاوکراوەکەیدا لەسەر سایتی خۆی ڕایگەیاندووە، ئەو نەخۆشیانەی کە لە ئەنجامی پیسبوونی ئاوەوە دەکەونەوە بۆتە هۆی مردنی ٢،٣ ملیۆن کەس ساڵانە لە جیهاندا ئەمە هاوتایە لەگەڵ ٦٪ ی کۆی مردن لە هەموو جیهاندا.

hewalname.com/ku/

## ژاوەژاو:

ژاوەژاو دەبێتە هۆی ڕوودانی تووشبوون بە حاڵەتی نەخۆشی جیاوازی بەردەوام، ئەم کاریگەریانە دەبنە هۆی گوێ گرانی کاتی یان درێژخایەن، کاریش دەکاتە سەر کۆئەندامی دەمار، دەبێتە بارگرژی و شڵەژان، وە ڕەنگە بێتە هۆی دارمانی ئەقڵی ئەوەش لە ئەنجامی دەنگی تیژی لەناکاو، کە لەباری ئاساییدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن، ئارەقە کردنەوەی زۆر، تێکچوونی هەناسەدان، زۆربوونی چالاکی هەندێک لە گلاندەکان، بەوەش ڕێژەی شەکر لە خوێندا بەرز دەبێتەوە و دەبێتە هۆی پەرچەکرداری ناهاوسەنگ وەک خەیاڵ بردنەوە، هۆش پەرتبوون، کەم بوونەوەی توانای چڕکردنەوەی بیر و هۆش، ئەمە سەرباری توشبوون بە سووتانەوەی گەدە، سەرئێشە، هەستکردن بە ماندووبوون، خەوزڕان، هەندێک لەو لێکۆڵینەوەیانەی کە زانا نەمساوییەکان کردوویانە ئاماژەی تێدایە لەسەر کەم بوونەوەی تەمەنی مرۆڤ بە ڕادەی ٨-١٠ ساڵ بۆ ئەوانەی لە شارە گەورەکاندا دەژین بەبەراورد لەگەڵ گوندنشینەکاندا، بە بەڵگەی زانستی دەرکەوتووە، ئەوانەی لە شوێنی ئارامدا دەژین گوێیان سووکترە لە چاو ئەوانەی لە ژاوەژاودا دەژین.

## پیسکەرە تیشکییەکان:

مەترسی ئەم پیسکەرە تیشکیانە لەوەدا خۆی حەشارداوە کە دەبنە هۆی نەخۆشی زۆر و مەترسیدار وەک نەخۆشیەکانی، شێرپەنجەی، خوێن، پێست، مۆخی ئێسقان، کۆئەندامی هەرس، دەمار، هەناسە. ئەمە سەرباری نەخۆشیە بۆماوەییەکان کە ئاسەوارەکانی نەوە دوای نەوە دەردەکەوێت.وەک ئەوەی توشی هێرۆشیما و ناگازاکی بوو، لە ساڵی ١٩٤٥دا وە بووە هۆی گیان لەدەست دانی هەزاران کەس وە ئاسەوارەکانی هەتا ئێستاش دەردەکەون.

هەر بوونەوەرێکی زیندوو کە دووچاری تیشکی ئەتۆمی بێتەوە، ئەو گەردیلانەی لەشی مرۆڤیان پێک هێناوە بارگاوی دەبن بەوەش شانەکانی لەش وێران دەبێت، پلەی ئەو مەترسیانەی لە تیشکەوە پەیدادەبێت بەندە لەسەر چەند فاکتەرێک لەوانە جۆر و بڕی ووزەکە و ماوەی دووچاربوون بەو تیشکە.

newalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

# بەشی سێیەم

## هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی

لەگـەڵ زۆربوونـی فشـارە ئابـووری و کۆمەڵایەتیەکانـی سـەر ژینگە و توخمەکانی لە کۆتایی سـەدەی بیسـتەوە هەتا سـەرەتای سـەدەی بیسـت و یـەک لـە نیشـتمانی عـەرەب و جیهاندا، پێویسـتی زیادی کردووە لـەو ڕووەوە کـە تـاک و کۆمەڵـەکان دەبێـت شـارەزایی و هەسـتی تەواویـان دەسـت بکەوێـت لەسـەر پێکهاتـەو توخمەکانـی ژینگـە، لەسـەر پـرس و کێشـە ژینگەییـەکان، وە تێگەیشـتن لـە پەیوەندییـە کارلێکـە هاوبەشـەکەی نێـوان مـرۆڤ و ژینگەکـەی، وە مەزنـدە کردنـی بەهـای پێکهاتـە بنچینەییەکانـی ژینگەکـەی دەوروبـەری، ناسـینەوە تێگەیشـتن لـە کێشـە ژینگەییـەکان، هاوبەشـیکردن لـە چارەسـەر کردنـی، بەرگرتـن لـە ڕوودانـی، وە دوورکەوتنـەوە لـە کارەسـاتە ژینگەییـەکان یـان ئەوانـەی پەیوەنـدی دارن پێـش ڕوودانـی ئـەو کارەسـاتانە، ئـەو قەیرانـە ئابووری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەی هەندێک جار لێیـان دەکەوێتـەوە، ئەمانـە هەمـووی هۆشـیار کردنـەوەی ژینگەییـان پێویسـت کـردووە و سـەپاندوویانە.

## چەمكی هۆشیار كردنەوەی ژینگەیی:

دەتوانین بە كورتی بڵێین هۆشیار كردنەوەی ژینگەیی هەموو ئەو بەرنامە و چالاكببانە دەگرێتەوە كە ئاڕاستەی خەڵكی گشتی دەكرێن، یان ئاڕاستەی توێژێكی دیاریكراو دەكرێت بەمەبەستی ناساندن و ڕوونكردنەوەی چەمكێكی ژینگەیی دیاریكراو، یان كێشەیەكی ژینگەیی بۆ مەبەستی دروست كردنی هەستی بەرپرسیارێتی و بایەخپێدان، دوواتر بۆ گۆڕینی ئاڕاستە و دیدوبۆچونیان، بۆ هاوبەشیكردن لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاودا، یان پڕۆسەی دووبارە ئاڕاستە كردنەوە و پێكەوە گرێدانی لقە جیاوازەكانی زانیاری و شارەزایی پەروەردەییە بۆ ئاسانكردن و درك كردنی تەواو بە كێشە ژینگەییەكان بواریش دەدات كە كاری عەقلانی بكرێت بۆ هاوبەشیكردن لەبەر پرسیارێتی كێشە ژینگەییەكان وە بەرزكردنەوەی جۆری ژینگەكە.

## گرنگی هۆشیاركردنەوەی ژینگەیی:

گرنگی و ڕۆڵی هۆشیار كردنەوەی ژینگەیی لەوەدایە كە دۆزینەوەی هۆشیارییە، هەست كردنی تاك و

hewalname.com/ku/

کۆمەڵەکانـە، بەدەسـت هێنانـی زانیارییـە، دوواتـر گۆڕینـی ئاڕاسـتە و ڕەفتـارە سـەبارەت بـە ژینگـە، هاوبەشـیکردنیانە لـە چارەسـەر کردنـە ژینگەییـەکان، خۆیـان کێشـەکە دەسـت نیشـان دەکـەن بـەر دەگـرن لـە مەترسـییە ژینگەییـەکان لەڕێگـەی گەشـەپێدانی شـارەزاییەکانیانەوە بـۆ بەدوواداچوونـی پرسـە ژینگەییـەکان، بەڕێوەبردنـی ژینگەیـی پەیوەسـت بـە پەرەسـەند بەبێ دەسکاری ژینگەکە ئـەوەش لەپێنـاو گەشـە کردنێکـی بـەردەوام و درێژخایێنـە.

## ئامانجـی هۆشـیارکردنەوەی ژینگەیـی لـە بـواری ژینگـە پیسـبووندا بەدیهێنانـی کۆمەڵێـک ئامانجـە کـە گرنگترینیـان ئەمانـەن:-

١. دەسـتەبەر کردنـی هەلـی تـەواو بـۆ تاکـەکان هەتـا زانیـاری و شـارەزایی تەواویـان دەسـت بکەوێت پابەندبـن بـە باشـکردنی ژینگـە و پارێزگاریکردنیـەوە بـۆ زامنکردنـی بەدیهێنانـی گەشەسـەندنێکی بـەردەوام.

٢. باشـکردنی ئاسـتی گوزەرانـی مـرۆڤ لـە ڕێگـەی کەمکردنـەوەی ئاسـەواری پیسـبوون لەسـەر تەندروسـتی.

٣. پەرەپێدانـی ڕەوشـتەکانی ژینگەیـی بەجۆرێـک ئـەو ڕەووشـتانە ببنـە چاودێـر لەسـەر مـرۆڤ کاتێـک مامەڵـە

لەگـەڵ ژینگەکەیـدا دەکات.

٤. کاراکردنـی ڕۆڵـی هەمـووان لـە هاوبەشـیکردن لـە بڕیاردانـدا بـۆ چاودێریکردنـی ژینگـەی دەوروبـەر.

٥. یارمەتی دانی تاک بۆ دۆزینەوەی کێشە ژینگەییەکان و دۆزینـەوەی چارەسـەری گونجاو بۆیان.

٦-پتەوکردنـی ڕەفتـاری پۆزەتیڤانـەی تاکـەکان لـە مامەڵـە کـردن لەگـەڵ توخمەکانی ژینگـەدا.

٧. بایەخدانی جیهانی بەهۆشیار کردنەوەی ژینگەیی.

مـرۆڤ لـەو کاتـەوە کـە ژیانـی لەسـەر ڕووی ئـەم زەوییـە دەسـت پێکـردووە بەشـێکی جیانەکـراوە بـووە لـە ژینگەکـەی، لەسـەرەتادا پێداویسـتیەکەم و سـنووردارەکانی مـرۆڤ نەبۆتـە مایـەی دڵەڕاوکـی لەسـەر گونجانـی لەگـەڵ ژینگەکـەدا، چونکـە قەبـارە و جـۆری ئـەو زیانانـەی بـە ژینگەکـە دەگەیشـت زۆر کـەم بـوو، بـەڵام لـە ئێسـتادا و بەهـۆی زۆر بوونـی ژمـارەی دانیشـتوان و جۆراوجۆریتـی پێداویسـتیەکانی، ئەمـە سـەرباری چالاکییـە زۆرەکـەی مـرۆڤ لەئەنجامی پێشکەوتنی پیشەسـازی و تەکنولۆجیایی وایکـردووە کـە تێکچوونـی ژینگەیـی بـە خێراییەکـی زۆر ترسـناک بـڕوات.

hewalname.com/ku

کـەم بوونـەوەی ڕووبـەری دارسـتانەکان بـە تایبەتـی لـە ناوچـە یەکسـانییەکان، نەمانـی پیتـی خـاک زۆر بوونـی ڕووبـەرە بـە بیابانبـووەکان، فراوانبوونـی شارنشـینێتی، خێـرا لـە بنهێنانـی سـەرچاوە سروشـتییەکان ئەوانـەی نـوێ نابنـەوە، زۆر بوونـی دیاردەی پیسـبوون بـە هەمـوو شـێوەکانیەوە، قـڕ بـوون و لەناوچوونـی زۆرێـک لـە بوونـەوەرە زینـدووەکان ڕووەکـی بـن یـان ئاژەڵـی، ئەمانـە هەندێـک نموونـەن لەسـەر ئـەوەی کـە پێـی دەگوترێـت قەیرانـی ژینگەیـی.

بۆیـە پێویسـتە سیاسـەت و سـتراتیژ دابنرێـت بـۆ ژینگـە پارێزی لـە ڕێگـەی سیسـتەم و یاسـا و ڕێسـاوە، لەڕێگـەی ڕێکەوتننامـە نێودەوڵەتییـەکان و هەرێمایەتییەکانـەوە، ئەمـەش دەخوازێـت تـاک و کۆمەڵگـەی وەهـا هەبێـت کـە پلەیەکـی بـەرزی هۆشـیاری ژینگەییـان هەبێـت، ئەمـەش ڕوو نـادات هەتـا مـرۆڤ ژینگەکـەی خـۆی بـاش نەناسـێت و کێشـەکانی نەزانێـت، هەتـا هۆشـیاری نەبێـت لەسـەر چارەسـەرەکان، هەتـا نەتوانێـت بەپـێ ی توانـا ئـەو کێشـانە سـووک بـکات.

لەسـەرەتادا زۆر دەوڵەت پێیان وابوو ئەم کێشـانە بەتەنها تایبەتن بە دەوڵەتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکانەوە، دوواتر

دەرکەوت کە دەوڵەت گەلێکی زۆر دەکەونە بەرکاریگەری ئەم کێشانە، چونکە پیسبوون سنووری سیاسی نازانێت، ئاستی کۆمەڵایەتی جیاناکاتەوە ئەوەی لە وڵاتێکدا ڕوودەدات کاریگەری بۆسەر وڵاتانی دەوروبەریش دەبێت ڕۆڵی هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی لێرەوە دەردەکەوێت چونکە زانیاری بڵاو دەکاتەوە، شارەزایی پێویست دەدات بەتاک و کۆمەڵ، ئەرێنی بەدەست دەخات لە مامەڵە کردن لەگەڵ کێشە ژینگەییەکاندا

ڕاگەیاندنە جیهانییەکەی ژینگە لە کۆنگرەی ستوکهوڵمی (١٩٧٢) ی سوید و ئەوەی لێ کەوتەوە سەبارەت بە دامەزراندنی ڕێکخراوەیەک بەناوی (ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە UNEP) کە جەختی دەکردەوە لەسەر ڕەسم کردنی سیاستەکانی هۆشیار کردنەوەی ژینگەی لە چوارچێوەی بەرنامە نێودەوڵەتییەکانی پەروەردەی ژینگەیی (IEEP)، ئەوەی کە پشت دەبەستێت بەدیدی گشتگیری لەبەرنامەکانی هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی ژینگەیی لە چوارچێوەی بەرنامە سیستەماتیکیەکانی خوێندنگەکان و ناسیستەماتیکییەکان، وە پشت بەستن بەهۆیەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندنە جیاوازەکان.

hewalname.com/ku/

بەم جۆرە چەمکی پەروەردەکردن و ڕۆشنبیر کردنی ژینگەیی ڕەهەندێکی ترەی وەرگرت، چونکە کۆنگرەی بەلگرادی ساڵی (١٩٧٥) جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی (پەروەردەیی ژینگەیی ئەو شێوازەیە لە پەروەردە کە ئامانجی دروستکردنی نەوەیەکی هۆشیارو بایەخدەرە بە ژینگە و ئەو کێشانەی وابەستەیەتی، تواناو شارەزایی عەقلی و هەستی پابەندێتی وای هەیە کە بتوانێت بەشێوەی تاک یان بە شێوەی کۆمەڵ چارەسەری کێشە ژینگەییەکان بکات و نەهێڵێت جارێکی تر سەرهەڵبداتەوە)

هەروەها کۆنگرەی بەتلیسی (١٩٧٧) یش جەختی کردووە لەسەری ئەمیان پێناسەی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی بەم جۆرە کرد، (هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی پرۆسەی دووبارە ئاراستە کردن و پێکەوە گرێدانی لقە جیاوازەکانی زانیاری و شارەزایی پەروەردەییە، ئەوەی هەست کردن بەتەواوی کێشەکان ئاسان دەکات، هەلیش دەڕەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی کاری عاقڵانە و هاوبەشیکردن لە دوورکەوتنەوە لە کێشە ژینگەییەکان و بەرزکردنەوەی جۆری ژینگەکە)

hewalname.com/ku/

هەروەهـا لـه کۆبوونەوەکانـی بەرنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ ژینگـه لـه سـاڵی (١٩٨١) جەخـت کرایـەوە لەسـەر هۆشـیار کردنـەوەی ژینگەیـی لێرەدا بـه دەق دەڵێت (پـەروەردەی ژینگەیـی ئـەو پرۆسـه فێرکارییـه کـه گەشـەپێدانی هۆشـیاری هاوڵاتییـان بـه ژینگـه و ئـەو کێشـانەی وابەسـتەیەتی دەکاتـه ئامانجـی خـۆی زانیـاری و شـارەزاییان دەداتـێ، ئاراسـتەکانیان بـۆ دیاریدەکات، فێریان دەکات بەرگـەی بەرپرسـیارێتی تـاک و بەکۆمـەڵ بگـرن لـه ئاسـت چارەسـەرکردنی کێشـه هاوچەرخەکانـدا، کاربکـەن بـۆ بەرگرتـن لەسـەرهەڵدانی ژینگەیـی نـوێ).

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەوەی باسـکرا، دەتوانیـن بڵێیـن هۆشـیار کردنـەوەی ژینگەیـی لـه دیـدی جیهانییـەوە پرۆسـەی دروسـت کردنـی بەهـا، ئاراسـته، شـارەزایی و هەسـت کردنـی پێویسـت بـۆ تێگەیشـتن و مەزنـده کردنـی پەیوەندییـه ئاڵـۆزەکان، ئـەوەی مـرۆڤ دەبەسـتێتەوە بـه ژینگـه ژێوارییەکـەی دەوروبـەری پێویسـتی ژینگـه پارێزی سـەرچاوەکان ڕوون دەکاتـەوە، بەهـره لێوەرگرتنیـان بـاش دەکات لـه پێنـاو بەرزکردنـەوەی ئاسـتی گوزەرانیانـدا.

newalname.com/ku/

## ڕۆڵـی هۆشـیار کردنـەوەی ژینگەیـی لـە چارەسـەر کردنـی کێشـە ژینگەییەکانـدا:-

هۆشـیار کردنـەوەی ژینگەیـی بەشـێوەیەکی کارا هاوبەشـیدەکات لـە کـەم کردنـەوەی کێشـە ژینگەییـەکان، لەڕێگـەی پرۆگرامـە جیاوازەکانـی هۆشـیارکردنەوەی ژینگەییـەوە، لێکۆڵینـەوەکان جەختیـان لـە کارایـی ئەمـە کردۆتـەوە شـان بـە شـانی هۆیەکاتـی تـر، چونکـە ئـەو ژینگەیـەی کـە سیسـتەمە کۆمەڵایەتـی و تەکنەلۆجیاییەکـەی تێدایـە هاوئاهەنگی دەکات لەبەرامبـەر کێشـە ژینگەییەکانـی وەک پیسـبوون لـە بنهێنانـی سـەرچاوە سروشـتییەکان، لەگـەڵ زۆربوونـی بەردەوامـی ژمـارەی دانیشـتوان. یاسـا ژینگەییـەکان، توێژینـەوە زانسـتییەکان، هۆشـیار کردنـەوەی ژینگەیـی ئەمانـە بەهـۆ و ڕێگـەی نموونـەی دادەنرێـن بـۆ ژینگـە پارێـزی.

مرۆڤایەتی پێویسـتی بەڕەووشـتی کۆمەڵایەتی هاوچـەرخ هەیـە، کـە پەیوەندی هەیـە بـە ڕێزگرتـن لـە ژینگـە، ئێمـە بـەم ڕەوشـتانە ناگەین هەتا هۆشـیار کردنـەوەی ژینگەیـی جدی نەکەیـن لەسـەر پەیوەنـدی مـرۆڤ بـە ژینگەکەیـەوە، فێـری

مافەکانی خۆی بکرێت لە ژینگەکەیدا، لەبەرامبەریشدا پێویستە ئەرکەکانیشی بزانێت سەبارەت بە ژینگەکەی، چونکە ماف بەبێ ئەرک نابێت، زۆر گرنگە هاولاتیان هۆشیاری ژینگەییان هەبێت، هەتا بتوانن ژینگەکەیان بپارێزن و سنورێک دابنێن بۆ ڕاوکردن لە ناوچە پارێزراوەکاندا، وە بەدوای کارەکانی جێبەجێکردنی دووبارە نیشتەجێکردنەوە ئاژەڵە کێوییەکان بچن و نەهێڵن بە سستی بڕوات، چونکە هەندێک لەو جۆرە ئاژەڵانە هەڕەشەی قڕبوون و نەمانیان لەسەرە، چاودێری ئەوانە بکەن کە پابەندنابن بە ژینگەپارێزییەوە لەکاتی دامەزراندنی پڕۆژە پیشەسازییەکان لە شارەکان و ناوچە پڕ دانیشتووەکاندا.

بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی دەبێتە هۆی ڕێنمایی و کەم کردنەوەی ئەو خەرجییانەی دەکەوێتە سەر دەوڵەت بۆ ژینگەپارێزی، هاوبەشیش دەکات لەگەشەکردنی ڕەفتاری شارستانییانەی هاولاتییان، ئەمەوادەکات هەموو هەوڵەکان چڕبکرێنەوە و هەموو دەزگا پەیوەندی دارەکان بەژینگە بخرێنە گەڕ لەڕێگەی چڕکردنەوەی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، بەرنامەی مەشقپێکردنی کارگەران دابنرێت

newalname.com/kul

لە بوارە ژینگەییەکاندا هاوبەشیبکرێت لە کۆڕو سیمنار و کۆنگرەکاندا، وەرشەی کارکردنی پەیوەندی دار بە ژینگەوە دابمەزرێت، فراوانکردنی بەرنامەکانی ژینگە پارێزی و پارێزگاریکردن لە ژیانی خۆرسک – ڕووەکی و ئاژەڵی – لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

## ڕێگاکانی هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی:

گەلێک ڕێگە هەیە کە بەهۆیەوە هۆشیاری ژینگەیی بەدیدێت ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن:-

١. پەروەردەیی ژینگەیی.
٢. خێزان.
٣. خوێندنگە و پرۆگرامەکانی خوێندن.
٤. زانکۆ.
٥. ماس میدیاکان.
٦. ڕێکخراوە ژینگەییەکان.
٧. کۆنگرە و بەیەکگەیشتنە نێودەوڵەتییەکان.

لەو بەشانەی لەدوواوە دێن هەندێک ڕۆڵ و ئەرکی ئەو دامەزراوە و دەستە ژینگەییانە دەخەینە ڕووی لەبواری هۆشیار کردنەوەی ژینگەییدا.

hewalname.com/ku

hewalname.com/ku/

# بەشی چوارەم

## ئیسلام و هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## ئیسلام و هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی

پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمویێت (ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ) ئەم ئایەتە پیرۆزە زۆر بەڕۆشنی ئاماژە بۆ وێرانکارییە دەکات کە لەئاو وشکانیدا ڕوودەدات لەئەنجامی دەستێوەردانی مرۆڤ لەگەردوندا، ئایەتەکە ئاماژە بەو زیانەیە گەورەیە دەکات کەبەسەر گەردوندا دێت لەئەنجامی ئەو کارەدا، لەسەر ئەمەوە ئیسلام داوای ژینگە پارێزی دەکات، داوای ژینگەییەک دەکات پاکژ و خاوێن دوور لە هەموو جۆرە پیسبوون و تێکدانێک، لەم بەشەدا بەکورتی قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین.

hewalname.com/ku

## چەمکی ژینگە لە ئیسلامدا:

وەک دەزانرێت ئیسلام لەڕێگەی چەمک و ڕێنماییەکانیەوە ئاینێکی کامڵ و تواوە، ئەم تەواوکارییە لەوەدا دەردەکەوێت کە باسی لەهەموو ئەو کارو بابەتانە کردووە، کەپەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە لەم دونیا

و لەکۆتایشـدا، لەنـاو ئـەم بابەتانـەدا، ئـەو ژینگەیـەی کـە مرۆڤی تیا دەژی کەسـەرچاوەی ژیان و بناغـەی هەبونێتی، پـەروەردگار ژینگـەی خسـتۆتە ژێـر ڕکێفـی مرۆڤـەوە، بۆئـەوەی ڕەنیـوی بهێنێـت و پـەرەی پێبـدات بـۆ سـوودی خـۆی چونکەخەلیفیەتـی لەسـەر زەوی، گەرچـی وشـەی ژینگـە (Environment) بـاس نەکـراوە لـە قورئانـی پیـرۆز و فەرموودەکانـی پێغەمبـەردا (د.خ)، بـەڵام ئەگـەر ئێمـە چەمکی ژینگە وا دیاربکەین کە بریتیە لـە (زەوی و ئـەوەی تیایدایە لـە پێکهاتـە نازیندووەکانی وەک رواڵەتەکانی سـەر ڕووی زەوی لە شاخ و بان و دەشت و دۆڵ، بەرد و کانزا و خـاک و سـەرچاوەکانی ئـاو، وە پێکهاتـە زیندووەکانـی وەک ڕووەک و ئاژەڵ، جا لەسـەر ڕووی زەوی بێت یـان لـە نـاو ئـاودا، وەئەوەی دەوری گـۆی زەوی داوە لەبەرگـە گازەکـە و ئـەو توخمـە سـەرکییانەی کـە پێویسـتە بـۆ ژیـان لەسـەر ڕووی زەوی) بۆیـە دەبینین ژینگـە بـە گوێرەی ئـەم چەمکـە (زەوی و ئـەوەی لەسـەرێتی و لـە دەوروبەرێتـی، لـە قورئانـی پێرۆزدا زیاتر لـە (١٩٩) جێگـە نـاوی هاتـووە)، بـەڵام زانـا موسـڵمانەکان وشـەی ژینگەیـان وەک زاراوە لەسـەدەی سـێیەمی کۆچییـەوە بەکارهێنـاوە، ڕەنگـە (إبـن عبدربـە) خاوەنـی (العقـد الفریـد) کۆنتریـن کەسـێک بێـت

واتای زاراوەیی وشەکەی لا هەبێت، ئەوەی ئاماژە دەکات بۆ ئەو ناوەندە سروشتییەی کە بوونەوەرە زیندووەکانی تیا دەژی، هەروەها ئاماژەش دەکات بۆ ئاوو هەوای کۆمەڵایەتی (سیاسی و ئەخلاقی، فیکری) ئەوەی دەوری مرۆڤی داوە.

## چەمکی ژینگە پیسبوون لە ئیسلامدا:

پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ) ئایەتی (٢٠٥) لە سورەتی البقره، یان دەفەرموێت (وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ) ئایەتی (٢٠٥) لە سورەتی البقره.

لەم دوو ئایەتە پیرۆزدەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چەمکی ژینگە لای ئیسلام، ئاماژەیە بۆ هەر تێکچوون و پشێویەک کە تووشی هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتە ماتریالی و مەعنەوییەکانی ژینگەکە بکەوێت لە ڕووی شەرعیەوە بە حەرام دادەنرێت، خوای گەورە دەفەرموێت (صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ) ئایەتی (٨٨) لە سورەتی النمل، هەموو شتێک لای خوای گەورە بەبڕی زانراوە

newalname.com/ku/

بەگوێرەی زانیاری خوای گەورەیە، هەر بەتەنها خۆی دەزانێت بڕی هەر توخمێک لە توخمەکانی ژینگە چەندە و بە چ خەسڵەتێک و مواسەفاتێکە، خوای گەورە خۆی کەفیلی ئەم توخمانەیە کە ڕۆڵی دیاریکراو و ڕەسم بۆ کێشراوی خۆیان وەک پەروەردگار بۆی دیاریکردوون لە هاوبەشییەکی دروست کرانەی ورد، کەلە هاوئاهەنگییەکی زۆر وردو هاوسەنگدان لەگڵ یەکتری، پەروەردگار دەفەرموێت:

(إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ) ئایەتی (٤٩) لە سورەتی القمر

(وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا) ئایەتی (٢) لە سورەتی الفرقان.

(وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ) ئایەتی (٨) لە سورەتی الرعد.

وەک دەزانرێت بڕدیاریکردنی دیاریکراوەکەیە، بەو سنورەی کە هەیەتی، ئەم بڕە دیاریکراوە زۆر وردە پەروەردگار دیاریکردووە، هەر توخمە یان هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی ژینگە سروشتی جۆری و بڕی و فەرمانەکانی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا ڕۆڵ و بەرنامەکەی لەهەبووندا خوای گەورە

دیاریکردووه، ژینگەی هاوسەنگ کردووه و توانای داوەتە زیندەوەرەکانی سەری بژێنێت، ئەمە ئەرکە بنچینەییەکەی ژینگەیە لە پێناوی ئەمەدا ژینگەی دروست کردووه، بۆیە تێکدانی یان هەر نارێکییەک کە دەکەوێتە ناو توخمێک لە توخمەکانەوە، ئاسەوار لەسەر هەموو توخمەکانی تر بەجێدەهێڵێت و دەبێتە هۆی پەکخستنی لە بەجێگەیاندنی ڕۆڵە نەخشە بۆ کێشراوەکەیدا.

## ڕواڵەتەکانی بایەخدانی ئیسلام بە ژینگە:

ئیسلام بایەخی داوە بە ژینگە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە داوای پارێزگاریکردنی جۆر و وەچە دەکات، پارێزگاری دارو درەخت و هەموو بوونەوەرە زیندووەکانی دەوێت ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاگرتنی هاوسەنگییەکی زۆر جوان، کە نیشانە و بەڵگەیە بۆ گەورەیی پەروەردگار گەر مرۆڤ دەستی وەردایە ئەم داهێنانە گەردوونیە و ئەو هاوسەنگییە ژیوارییەوە بەوەی هەر تێکدان و پشێوییەک بخاتە ناو سیستەمە ژینگەییەکەوە، بەوەش پشێوەی دەخاتە تەرازووی هاوسەنگییەکەی پەروەردگارەوە، ئەوەش کاردەکاتە سەر

hewalname.com/ku/

جۆراو جۆری زیندەگی، وە لەبنهێنانی و قڕبوونی جۆری، پەروەردگار ئاگاداری کردوینەتەوە کە هەر بوونەوەرە لە ژیاندا ڕۆڵێکی هەیە دەبێت بەجێی بگەیەنێت، بۆ بەردەوامی ژیانی خۆی و ئەوانی تر، خوای گەورە نموونەیەکمان بۆ دێنێتەوە لە چیرۆکی (گوفان) داو لەسەردەمی نوحدا سلاوی خوای لێبێت کاتێک فەرمانی پێدا کەشتیەک دروست بکات لەهەر جۆرە و جووتێک هەڵبگرێت ئەمە بۆ پارێزگاری جۆرو وەچەیە، بۆیە دەفەرموێت:

(حَتَّى إِذَا جَاء أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلاَّ مَن سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلاَّ قَلِيلٌ) ئایەتی (٤٠) سورەتی هود.

(فَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ أَنِ اصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا فَإِذَا جَاء أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ فَاسْلُكْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ مِنْهُمْ وَلَا تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُوا إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ) ئایەتی (٧٢) لە سورەتی المومنون.

شێوەیەکی تر لە بایەخدانی ئیسلام بە ژینگە بانگەوازە بۆ پاک و خاوەنی، پەروەردگار دەفەرموێت (وثیابکم فطهر) ئایەتی (٤) لە سورەتی المدثر، پێغەمبەری خواش دەفەرموێت (تنظفوا فإن الأسلام نظیف) لە (احمد أبوداود و ترمذی، ابن ماجە، الحاکم)ەوە.

newalname.com/ku/

هەروەها ئیسلام داوای بەفیڕۆنەدان و زیدەڕۆی دەکات، داوا دەکات ژینگە تێکنەدرێت و وێران نەکرێت، پارێزگاری لە توخمە سەرەکییەکانی بکرێت وەک هەوا، خاک و ئاو، خوای گەورە ئاگاداری کردوینەتەوە لەبرو بەهای سوودەکانی ئاو دەفەرموویێت: (أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاءَ الَّذِي تَشْرَبُونَ أَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ لَوْ نَشَاءُ جَعَلْنَاهُ أُجَاجًا فَلَوْلَا تَشْكُرُونَ) ئایەتی (٨٦-٠٧) لە سورەتی الواقعە.

واتە: ئەی سەرنجی ئەو ئاوە نادەن کە ڕۆژانە چەند جار دەیخۆنەوە و لە کوێوە هات؟ کێ دروستی کرد؟ لەچییەوە دروست بوو؟ ئایا ئێوە لە هەورەکانەوە داتان بەزاندووە یان ئێمە، ئەگەر بمانەوێت ئەو ئاوە دەکەینە خوێییەکی تاڵ و سوێر، ئایا ڕەوانیەکە شوکرانە بژێر و سوپاس گوزاربن[1].

خوای گەورە گرنگی ئاو و ڕەوانڕۆییەکەی بۆ ڕوونکردوینەتەوە، ئەو واتای بێگەردی و پاکژییە، دەفەرموویێت: (وَأَنزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا لِنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا) ئایەتی (١٤-١٦) سورەتی النبأ . واتە (ئایا لەهەورە گوشراوەکان بارانێکی زۆرمان نەباراندووە؟ تابەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها دانەوێڵە و

١. بۆ لێکدانەوەی ئایەتەکان پشتمان بەستووە بە تەفسیری ئاسان.

ڕووەک بڕوێنین، باخ و باخاتی چڕ و پڕ و لەیەک ئالاّ و بەدیبهێنین) هەروەها پێغەمبەری خوا (د.خ) کە چۆن سوود لەئاو وەربگرین دەفەرمووێت (الناس شرکاء فی ثلاث الماء والکلأ والنار) خەڵکی لە (٣) شتدا هاوبەشن ئاو، لەوڕگە و ئاگر.

هەروەها پێغەمبەری خوا (د.خ) نەهی کردووە لە میزکردنە ناو ئاوی ڕۆشتوو ڕاوەستاو، ئەوەش بۆ پارێزگارییەتی لە پیسبوون و بەخاوێن هێشتنەوەی دەفەرموێت: (لایبولن أحدکم فی الماء الراکد ثم یغتسل فیە) پارێزگاریکردنی زەوی وشکانی جا کشتوکاڵی بێت یان ناکشتوکاڵی نابێت بە پاشەڕۆ و پاشماوەی زیان بەخش دەفەرموێت: (جعلت لی لأرض مسجدا و طهورا) زەوی بۆ کردونەتە مزگەوت خاوێن ماوەتەوە، هەروەها پیسایی کردن لە شوێنی نەگونجاو خاوەنەکەی بەر نەفەرەت دەکەوێت، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت (أتقوا الملاعن الثلاث، البراز فی الموارد، و فی قارعە الطریق و فی الظل) واتە خۆتان لە سێ نەفەرەت بپارێزن، پیسایی ناو سەرچاوەکان، سەر ڕێگاکان و شوێنی سێبەر، لەفەرموودەیەکی تردا، (فأن ذلک یستوجب لعنە اللە و

newalname.com/kurd

ملائكتـه و النـاس أجمعيـن) ئەمـە دەبێتـە مایـەی نەفرەتـی خـوا و فریشـتەکانی و هەمـوو خەڵکـی، ئیسـلام وایکـردووە لابردنـی پاشـەڕۆ لەسـەرە ڕێگـەکان پاداشـتی هەبێـت، پێغەمبـەر (د.خ) دەفەرمویـت (إماطـه الأذی عـن الطریـق صدقة) دوور خستنەوەی ئازار لەسـەرە ڕێگاکان چاکەیـە، دەربارەی هـەوا پارێزی، یەکـەم پیسـکەری کلاسیکی هـەوا سـووتانە لەگـەڵ ئـەو دوو کەڵـەی لێـی دەکەوێتـەوە کـە زیانـی ژینگەیـی و تەندروسـتی هەیە لەسـەر مرۆڤ، خـوای گـەورە ئاسـەوارەکانی دوکەڵـی بـۆ ڕوونکردوینەتـەوە بـە ئـازاری پـڕ ئێـش وێنـای کـردووە، دەفەرموێـت: (فَارْتَقِــبْ يَــوْمَ تَأْتِــي السَّــمَاء بِدُخَــانٍ مُّبِيــنٍ يَغْشَــى النَّــاسَ هَــذَا عَــذَابٌ أَلِيـمٌ) ئایەتـی (١٠-١١) لـە سـورەتی الدخـان، واتـە (ئەوانـەی هـەروا بەسـەریانەوە ناچێـت، چاوەڕێـی ڕۆژێـک بکـەن کـە دووکەڵێکـی ئاشـکرا بـەری ئاسـمان دەگرێـت، هەمـوو خەڵکـی دادەگرێتـەوە، خەڵکـی بەترسـەوە دەڵێـن ئەمـە سزاو ئازارێکـی پـڕ ئێشـە وا ڕووی تێکردوویـن)

هەروەهـا ئیسـلام جەختـی کردۆتـەوە لەسـەر خەلافەتـی مـرۆڤ لەسـەر زەوی، وە دەبێـت بەرگـەی هەمـوو بەرپرسـیێتیەک بگـرێ لـەو خەلافەتـەوە کـە زمینـی بـۆ

تەرخانکراوە، خـوای گـەورە دەفەرموێـت (وَإِذْ قَــالَ رَبُّــكَ لِلْمَلاَئِكَـةِ إِنِّـى جَاعِـلٌ فِـى الأَرْضِ خَلِيفَـةً قَالُـواْ أَتَجْعَـلُ فِيهَـا مَـن يُفْسِـدُ فِيهَـا وَيَسْـفِكُ الدِّمَـاء وَنَحْـنُ نُسَـبِّحُ بِحَمْـدِكَ وَنُقَـدِّسُ لَـكَ قَــالَ إِنِّــى أَعْلَــمُ مَـا لاَ تَعْلَمُــونَ) ئایەتـی (٣٠) لـە سـورەتی البقره و واتـە (وەبیرمـان بێنـەوە کاتێک پـەروەردگارت بـە فریشـتەکانی وت، مـن لـە زەویـدا جێنشـینێک دادەنێـم تـا زەوی ئاوەدتـان بکاتـەوە، فریشـتەکان وتیـان، ئایـا کەسـی تێدا دەکەیتـە جێنشین کە خراپە و تاوانی تیا بکات و خوێن ڕێـژی تیـا ئەنجام بدات ؟ لـە کاتێکدا ئێمـە شایسـتەترین، تەسـبحات و ستایشـگەرو سوپاسـگوزاری تۆیـن و قـەدری تۆ بەچاکی دەزانین، لـە وەڵامیاندا خودا فەرمووی ئـەوەی مـن دەیزانـم ئێـوە نایزانـن).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت (أَلَــمْ تَــرَ أَنَّ اللَّهَ أَنــزَلَ مِــنَ السَّـمَاءِ مَـاءً فَأَخْرَجْنَـا بِـهِ ثَمَـرَاتٍ مُّخْتَلِفًـا أَلْوَانُهَـا وَمِـنَ الْجِبَـالِ جُـدَدٌ بِيـضٌ وَحُمْـرٌ مُّخْتَلِـفٌ أَلْوَانُهَـا وَغَرَابِيـبُ سُـودٌ وَمِـنَ النَّـاسِ وَالـدَّوَابِّ وَالأَنْعَـامِ مُخْتَلِـفٌ أَلْوَانُــهُ كَذَلِـكَ إِنَّمَـا يَخْشَـى اللَّهَ مِــنْ عِبَـادِهِ الْعُلَمَـاء إِنَّ اللَّهَ عَزِيـزٌ غَفُـورٌ) ئایەتی (٢٧-٢٨) لـە سـورەتی فاطر.

واتـە (ئایـا نابینـی خـوا لـە ئاسـمان بـاران دەبارێنێـت،

بەو بارانە جۆرەها بەرووبوومی جیاوازمان دەرهێنا کە ڕەنگیان، قەبارەیان، تامیان، بۆنیان، شێوەیان، شوێنیان، وەرزیان جیاوازە، هەروەها کەژ و کێوەکانمان بە زنجیرە کێشاوە، هەیانە چین و هێڵ و نەخشی سپی و سوورە، ئەوانیش ڕەنگیان جیاوازە، هەشیانە ڕەشێکی تاریک و تۆخە، هەروەها لە خەڵکیش لە گیانداران ماڵاتیش جۆرەها ڕەنگ و شێوەو قەبارەی جیاواز هەیە، بەڕاست زاناکان لەناو بەندەکانی خودا ئەوان زۆر لەخوا دەترسن، خواش زۆر بەباڵادەست و زۆریش لێخۆشبووە)

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت (قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاء لِّلسَّائِلِينَ ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ اِئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ) ئایەتی (٩-١١) سورەتی فصلت.

واتە (ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ، باشە ئێوە باوەڕتان بەو زاتە نیە کە زەوی لە دووڕۆژدا دروست کردوە وەهاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیاردەدەن، بەمەرجێ ئەو بەدیهێنەرو دروست کارە، پەروەردگاری هەر هەموو

جیهانـەکان و بوونەوەرەکانـە، پاشـان ویسـتی ئاسـمان ڕێکبخـات و دروسـتی بـکات لـە کاتێکـدا دوو کـەڵ بـووە، فەرمـوو و فەرمانبـەردارو ملکەچ دەبن بە خۆشـی خۆتـان، یـان بـە زۆر بتانخەمـە ژێر دەسـەڵاتی خۆمـەوە، هـەردوولا خێـرا ووتیـان ملکەچـی تۆیـن...)

ئیسـلام نموونەیی ترین شـێوازی دەستنیشـانکردووە بۆ بەهـرە وەرگرتـن لـە سروشـت، هانـی خەڵکـی داوە زەوی ئـاوەدان بکەنـەوە بە چانـدن و کشـتوکاڵ و دروسـتکردنی خانووبـەرە، لـەو ئایەتـە پیرۆزانـەی کـە بەڵگـەن بـۆ ئەمـە دەفەرمویێت (هُـوَ أَنشَـأَكُم مِّـنَ الأَرْضِ وَاسْـتَعْمَرَكُمْ فِيهَـا) ئایەتی (٦١) سـورەتی هـود، (خـوای گـەورە لەخاکـەوە، ئێـوەی دروسـت کـردووە، زەوی پـێ ئـاوەدان کردونەتـەوە) یـان دەفەرمویێت (وَسَـخَّرَ لَكُـمُ الأَنْهَـارَ وَسَـخَّر لَكُـمُ الشَّـمْسَ وَالْقَمَـرَ دَآئِبَيـنَ وَسَـخَّرَ لَكُـمُ اللَّيْـلَ وَالنَّهَـارَ وَآتَاكُـم مِّـن كُلِّ مَـا سَـأَلْتُمُوهُ وَإِن تَعُـدُّواْ نِعْمَـتَ اللّهِ لاَ تُحْصُوهَـا) ئایەتـی (٣٢-٣٤) لـە سـورەتی إبراهیـم. واتـە (بـەو بەندانـەم بڵـێ کـە باوەڕیـان هێنـاوە خـوا ئـەو زاتەیـە کـە ئاسـمانەکان و زەوی بەدیهێنـاوە و بارانـی باراندووە ناخـی زەوی بـۆ ئێـوە دەرهێنـاوە کەشـتی لـە دەریـا بـۆ ئێـوە بارهێنـاوە هەتـا بەفەرمانـی ئـەو زاتـە

بـڕوات بەسـەریەوە، هـەر خـۆی بەدیهێنـەری ئـەو مـاددە سـەرەتاییانەیە کـە کەشتی لێدروست دەکرێت، هـەر ئـەوە بەدیهێنـەری وزە و ئاووهـەوا، خـۆر و مانگیشـی بـۆ ڕام هێناوون کـە بـەردەوام لـە جـەرخ و خولـدان شـەووڕۆژیش بـۆ خزمەتگـوزاری ئێـوە بەدیهێنـاوە، لەهەرچـی شـتێک داواتـان کردبێـت پێـی بەخشـیوون، ئەگـەر بەخشـش و نیعمەتەکانی خوا بژاردە بکەین ئـەوا ناتوانین) پێغەمبـەری خـوا (د.خ) دەفەرموویێت: (إن قامت على احدكم القيامـه و فی یده فسیله فلیغرسها) واتـه (ئەگـەر قیامـەت لـه یەکێتـان هەڵسـاو شـەتڵێکی بەدەسـتەوە بـوو بابیڕوێنێـت).

یـان دەفەرموویێـت: (هـەر موسـڵمانێک شـەتڵێک یـان ڕووەکێک بچێنێت کـە باڵندەو ئاژەڵ و مرۆڤ لێی بخوات ئـەوە بـە خێـر و چاکـە بـۆی دەنوسـرێت).

ئیسـلام جەختیشـی کردۆتـەوە لەسـەر پرەنسـیپی پێکـەوە ژیانـی ئاشـتییانە لەگـەڵ بوونـەوەرە زیندووەکانـدا، نـەک هـەر ئەوەنـدە بەڵکـو داواشـی کـردووە چاودێـری بکرێـن و بایەخیـان پێبدرێـت و ئازاریـان پێنەگەیێنرێت، لـه پێغەمبـەری خۆیـان پرسـی (د.خ) و ئایـا ئاژەڵان مافیـان بەسـەرمانەوە هەیـە فەرمـووی بەڵـی: (هەمـوو جگـەر تەڕێـک خێـرو

چاکەیە) هەر لەو بارەیەوە دەفەرموویت (بەچاکی و باشی سواری ئاژەڵان ببن و بیان خۆن)، تەنانەت ئیسلام هانی موسڵمانانی داوە هەتا لە کاتی سەربڕینیشدا بەزەییان بە ئاژەڵاندا بێتەوە، بەندکردنی ئاژەڵێکی لاواز و پێنەدانی نان و ئاو تاوانێکی گەورەیە و ئەوانەی دەیکەن دەکەونە بەر تووڕەیی ئازاری پەروەردگار لەوانەوە کە باسکرا بۆمان دەردەکەوێت مەودای بایەخدانی ئیسلام بە بە ژینگە چەندە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بایەخدانە گشتگیرە و بۆ هەموو لایەنێک لەلایەنەکانی ژینگە درێژ دەبێتەوە، دەتوانین بەبێ دوو دڵی ئەوە بڵێین کە ئیسلام پێش هەموو ئایینەکانی تر کەوتووە لەڕووی ژینگەپارێزییەوە، هۆشداری داوە لەڕووی خراپ بەهرە لێوەرگرتنی.

## بەها ژینگەییەکان لە ئیسلامدا:

لەڕێگەی ئەو ئایەتی پیرۆزانەی پەروەردگار و ئەو فەرمووده پڕ سوودانەی پێغەمبەری خوا (د.خ) وە دەتوانین بڵێین پەروەردەی ئیسلامی کۆشش دەکات بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک بەهای ژینگەیی، مەبەست لەبەهای ژینگەیی، هەندێک حوکم و فەرمانی پێوانەییە کەلە

بنەچە ئیسلامییەکەیەوە سەریهەڵداوە، ئەوەی کەلەجێگەی ئاڕاستەکارییە بۆ ڕەفتاری مرۆڤ لەئاست ژینگەکەی، بەجۆرێک وای لێبکات جێنشینی لەسەر زەوی بەدیبهێنێت، گرنگترین ئەو بەها ژینگەییانەش کە ئیسلام جەختی لێدەکاتەوە، داوا لە مرۆڤی موسڵمان دەکات کە جێبەجێی بکات ئەمانەن:

١. بەهای ژینگەپارێزی.
٢. بەهای بەهرە لێوەرگرتنی نموونەیی لەژینگە.
٣. بەهای خۆگونجاندن و باوەڕەکان.
٤. بەهای جوانییەکان.

لەخوارەوە بەکورتی ئەو بەهایانە ڕووندەکەینەوە:

hewalname.com/ku

## یەکەم/ بەهای ژینگە پارێزی:

ئەم بەهایانە تایبەتن بە ئاڕاستە کردنی ڕەفتاری تاکەکان بەئاقاری ژینگە پارێزیدا، وە پاراستنی پێکهاتە جیاوازەکانی ژینگەکە ئەمانە دەگرێتەوە:-

١. پارێزگاری پاکژی بەرگەزەپۆشەکە.
٢. پارێزگاری لەپاکژی سامانە ئاوییەکە.

٣. پارێزگاری و چاودێری سامانی ڕووەکی.
٤. پارێزگاری و چاودێری سامانی ئاژەڵی.
٥. پارێزگاری لەبەکارهێنانی سامانە کانزایی و ناکانزاییەکە.
٦. پارێزگاری پاک ڕاگرتنی ڕێگاو بانەکان.
٧. پارێزگاری و پاک ڕاگرتنی ماڵی خوداو ماڵە گشتییەکان.
٨. پارێزگاری لەتەندروستی جەستەیی.
٩. پارێزگاری لەئارامی و دەستەبەرکردنی.

## دووەم/ بەهای بەهرە لێوەرگرتنی نموونەیی لە ژینگە:

ئەمەش ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بەئاراستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان بە ئاقاری بەهرە لێوەرگرتنی باشی پێکهاتەو سەرچاوەکانی ژینگە، کە ئەمانە دەگرێتەوە، زیدەڕۆیی بەفیڕۆدان، خۆش ڕابواردن، ئیسلام داوای مام ناوەندێتی و هاوسەنگی دەکات لەهەموو شتێکدا، داوا دەکات مام ناوەندبین لەبەکاربردنی سەرچاوە ژینگەییەکاندا، بەجۆرێک پێداویستیەکانمان و ئەوەی کە دەمانەوێت دابینی بکەین بەبێ زیادەڕۆیی و بەفیڕۆدان.

hewalname.com/ku/

## سێیەم / بەهای خۆگونجاندن و باوەڕەکان:

ئەمـەش ئـەو بەهایانەیەکـە تایبەتـن بەئاڕاسـتەکردنی ڕەفتاری تاکەکان بەئاقاری خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەکەدا، وە بەئاقـاری ڕاسـتکردنەوەی بـاوەرە نیگەتیڤەکانیـان دەربـارەی ژینگـە وەک خۆگونجانـدن و لەگـەڵ گۆڕانـە سروشـتییەکانی وەک (سـەختی بارودۆخـی ئاووهەوایـی، سروشـتی زەوییەکـە) وە دوورکەوتنـەوە لەبیروبـاوەرە ئەفسـانەییەکانی وەک (جادوو کـردن، دارپیرۆزکـردن ڕمـڵ لێـدان و ڕەشـبینی)

hewalname.com/ku/

## چوارەم / بەهای جوانییەکان:

ئەمـەش ئـەو بەهایانـە دەگرێتـەوە کـە تایبەتـن بەئاڕاسـتەکردنی ڕەفتـاری تاکەکان بەئاقاری چێژوەرگرتـن لـە جوانییەکانـی پێکهاتەکانـی ژینگـە، پـەروەردگار دەفەرموێت: (أَلَـمْ تَـرَ أَنَّ اللَّهَ أَنـزَلَ مِـنَ السَّـمَاءِ مَـاءً فَأَخْرَجْنَـا بِـهِ ثَمَـرَاتٍ مُّخْتَلِفًـا أَلْوَانُهَـا وَمِـنَ الْجِبَـالِ جُـدَدٌ بِيـضٌ وَحُمْـرٌ مُّخْتَلِـفٌ أَلْوَانُهَـا وَغَرَابِيـبُ سُـودٌ وَمِـنَ النَّـاسِ وَالـدَّوَابِّ وَالأَنْعَـامِ مُخْتَلِـفٌ أَلْوَانُـهُ كَذَلِـكَ إِنَّمَـا يَخْشَـى اللَّهَ مِـنْ عِبَـادِهِ الْعُلَمَـاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيـزٌ غَفُـورٌ) ئایەتـی (٢٧-٢٨) لـە سـورەتی فاطـر

واتـه (ئايا نابينی کـه خـوا لەئاسـمانەوه بـاران دەبارێنێت، بـەو بارانـه جۆرەهـا بەرووبوومـی جیاوازمـان دەرهێنـا کـه ڕەنگیـان جیـاوازه، هەروەهـا کەژوکێوەکانمـان بەزنجیـره کێشـاوه هەيانـه چيـن و هێـڵ و نەخشـی سـپی و سـووره، ئەوانيـش ڕەنگيـان جيـاوازه، هەروەهـا لـه خەڵکيـش لـه گيانداران و مـەڕو ماڵاتيش جۆرەها ڕەنگ و شێوه هەيه، بەڕاسـتی زانـاکان زۆر لـه خـوا دەترسـن، خـوای گـەوره زۆربـاڵا دەسـته و زۆريـش لێخۆشـبووه).

يـان خـوای گـەوره دەفەرموێت (وَلَقَـدْ جَعَلْنَـا فِـى السَّـمَاء بُرُوجًـا وَزَيَّنَّاهَـا لِلنَّاظِرِيـنَ) ئايەتـی (١٦) لەسـورەتی الحجـر.

واتـه (بەڕاسـتی ئێمـه لەئاسـماندا ئەسـتێرەی گـەوره و بورجمـان دروسـت کـردووه و ڕازاندومانەتـەوه بـۆ ئەوانـەی سـەيری دەکـەن).

پێغەمبـەری خـوا (د.خ) دەفەرموێت (إن اللـه جميل يحب الجمـال) واتـه (خـوا جوانـه و جوانيشـی خـۆش دەوێت).

ئـەم بەهـا ژينگەييانـه ئيسـلام دەيچەسـپێنێت و پتـەوی دەکات، دەبێتـه هـۆی گەشـەپێدانی بنچينـه باوەڕييەکـه، ئيسـلام هەرلـه سـەرەتاوه، روکنەکانـی ئيسـلام لەنـاو کۆمەڵگەکـەدا چەقانـدووه لەسـەر ئەمانـەوه هەمـوو کارێکـی

پەروەردەیی دادەمەزرێنێت، چونکە هەموو ڕەوشتییە باشەکانی تری لێدەکەوێتەوە، وە کارە باشەکانی تر بۆ هەردوو دونیا، بەمەش ڕەوتی مرۆڤ ڕاست دەبێتەوە و کرداری دروست و ڕاست دەردەچێت.

## شێوازەکانی ئیسلام بۆ ژینگە پارێزی:

شێوازەکانی ژینگەپارێزی لە ئیسلامدا جۆراوجۆرە بەگوێرەی هەڵوێستەکانی ژیان.بەڵکو بەگوێرەی داخوازییەکانی لەیەک هەڵوێستدا، چونکە ئیسلام کۆمەڵێک ڕێنمایی ئاسمانی گشتگیرە، بۆیە شێوازەکانی پەروەردەکردنیشی جۆراوجۆرە و دەگۆڕێت بە گوێرەی هەڵوێستە جیاوازەکانی مرۆڤ، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم شێوازانە ئەنجامی خۆیان دەپێکن و ئەوە دەدەن بەدەستەوە کە خوازراوە، چونکە کۆکن و دەگونجێن لەگەڵ دەرونی مرۆڤایەتیدا لە هەموو بارودۆخێکدا، ئەو شێوازانەش ئەمانەن:

hewalname.com

## یەکەم/ شێوازی ئاڕاستەکردنی ڕاستەوخۆ:

ئەم شێوازە پشت دەبەستێت بە ئاڕاستەکردنی ڕاستەوخۆ ڕووەو چەمک و واتا ئیسلامییەکانی تایبەت بە ژینگە و کێشەکانی و پێوەرەکانی مامەڵە کردن لەگەڵیدا، وەک شێوازی گوتار و پەندی ئایینی، ئامۆژگاری، وەبیرهێنانەوەی ئەوەی پڕ سوود و چاکە لە ژینگە و لەسەرچاوە و سەرچاوەکانیدا.

بەگشتی ئاڕاستەکردنی ڕاستەوخۆ دابەش دەبێت بەسەر دوو شێوازدا، یەکەمیان پێی دەگوترێت، شێوازی ئاڕاستەکاری، پرۆسە گوتارییەکان دەخرێنە کار بەرەو ئاڕاستەکردنی فێرخواز بەرەو جۆرێکی نوێی ڕەفتار، یان بۆ پشتگیریکردنی جۆرێک ڕەفتار کە بمانەوێت جێگیر بکرێت و بەردەوام بێت، بەڵام بە شێوازی دووەم دەگوترێت شێوازی ڕاگەیاندن کە مەبەست لێی خستنە سەر، یان سەربارکردنە بۆ شتێک کە زانراو بێت یان بتەوێت دەستکاری لایەنێکی بکەیت، لە ستراتیژی فێرکردندا ڕەنگە ئاڕاستەکردنی ڕاستەوخۆ لقوپۆپی لێببێتەوە، یەکەمیان لەسەر قایل کردن و لێکدانەوەی پەندو دەرسە لە ئاڕاستەکاری، بەڵام دووەمیان پابەندبوونە بێگوێدانە

newname.com/ku

لێکدانـەوەی پەنـدو دەرس لـە ئاڕاسـتەکاری پـەروەردگار دەفەرموێت (وَلاَ تُفْسِـدُواْ فِـى الأَرْضِ بَعْـدَ إِصْلاَحِهَـا وَادْعُـوهُ خَوْفًـا وَطَمَعًـا إِنَّ رَحْمَـتَ اللهِّ قَرِيـبٌ مِّـنَ الْمُحْسِـنِينَ) ئايەتـی (٥٦) لەسـورەتی الأعـراف.

واتـە (خەڵکینـە فەسـاد و گوناهـو تـاوان ئەنجـام مـەدەن لـە زەویدا، دووای ئـەوەی کـە چاکـەکاری ڕەنگـی گرتـووە، هانـا و هـاوار بـۆ خـوا بـەرن لـە ترسـی سـزای دۆزەخ، وە بـە ئومیدی بەدەسـت هێنانـی بەهەشـت، بەڕاسـتی ڕەحمەتـی خـوا نزیکـە لـە چاکـە خوازانـەوە).

ئـەم شـێوازە پێغەمبـەری خـوا (د.خ) بەکاریهێنـاوە، فەرمانـی بـە هاوەڵاکانیشـی داوە پەیڕەویـی لێبکەیـن، ئەمـە بەشـێوازێکی کاریگـەر دادەنرێـت لەسـەر دەروونـی هەمـوو کەسـێک هەرچەنـد پایـە و پلەیـان بەرزبێـت، ئەبوبەکـری سـدیق خـوای لـێ ڕازی بێـت ئامـۆژگاری ئوسـامەی کـوڕی زەیدی دەکـرد کـە سـەرکردەیی سـوپای موسـڵمانەکان بـوو (هیـچ منداڵ و پیـر و ژنێـک مەکوژن، هیـچ دارخورمایـەک هەڵنەکەنـدن و نەیسـوتێنن، داری بـەردار نەبـڕن مەڕو ماڵات و گاو حوشـتر سـەرنەبڕن تەنهـا ئەوەنـدەی بـۆ خـواردن دەشـێت).

منالان بەتایبەتی زۆر پێویستیان بە ئاڕاستەکردنی ڕاستەوخۆ هەیە لە ڕووی زانیارییەوە، چونکە شەیدای زانیاری ئارەزووی ئاگاییان هەیە، ئەمە سەرباری ئەوەی شارەزاییان کەمە بەبەراوورد لەگەڵ گەورەکاندا.

زۆر پێویستمان بە ستراتیژی قایل بوون و پابەندبوونی هەیە لەم شێوازەدا، قەیدی نیە زانیارییەکانی تایبەت بە ژینگە و کێشەکانی پێوەرەکانی مامەڵە کردن لەگەڵیدا پشت ببەستێت بەبناغەی ژیری و قایل کردنی بە تایبەت بۆ پێگەیشتووەکان، ئەمە سوود زۆرتر دەگەیێنێت و کاری زۆرتر پێدەکرێت لەبەرامبەر ئاڕاستەکارییەکدا کە بنچینەکانی ناتیگەیشتن بێت بۆ فێرخوازەکە.

hewalname.com/ku

## دووەم / شێوازی پەند ئامێز:

پەند و عیبرەت وەرگرتن لەو شێوازانەیە کە ئیسلام لە زۆر شوێن بەکاریهێناوە، ئەمە حاڵەتێکی دەرونییە مرۆڤ دەگەیێنێ ئەوەی بزانێت کرۆکی ئەوەی دەبیسێت و یان دەبینێت چیە، دەگاتە ئەنجامێکی کاریگەر دڵی پێی قایل دەبێت چیە، لەئەنجامی ئەمەدا هەڵپە دەکات بۆ ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی فیکری لەبارو گونجاو، لەو جۆرە پەندانەکە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەردا (د.خ) هاتووە:-

١. پەند وەرگرتن لە چیرۆکەکانەوە، وەک فەرموودەکەی پەروەردگار (لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي الأَلْبَابِ) ئایەتی (١١١) لە سورەتی یوسف واتە (بەڕاستی لە چیرۆک و سەرگوزشتە و بەسەرهاتەکانی پێغەمبەراندا پەندوو ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند.

٢. پەند وەرگرتن لەنیعمەت و چاکەکانی خواو دروست کراوەکانی، دەفەرموویت (وَإِنَّ لَكُمْ فِي الأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ) واتە (لە بەدیهێنانی مەرو ماڵاتیشدا جێگەی سەرنج و پەندەبۆتان، جالەوەی لە سکیانەوە بەدیدێت - مەبەست شیوە - پێمان بەخشیوون بخۆنەوە کەڵکی زۆری لێوەر بگرن بیخۆن).

٣. پەند وەرگرتن لە ڕووداوە مێژوویەکانەوە، وەک فەرموودەکەی پەروەردگار (قُلْ سِيرُوا فِي الأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ) ئایەتی (٢٠) لەسورەتی العنکبوت واتە (پێیان بڵێ بابگەڕێن بەسەر زەویدا، سەیربکەن و سەرنج بدەن چۆن خوای گەورە ئەو هەموو بوونەوەرانەی دروست کردووە).

بەم جۆرە دەتوانین پشت ببەستن بە پرۆگرامی پەند وەرگرتن و تێڕوانین لەوەی دەخرێتە بەردەم فێرخواز لە چەمک و زانیارییە ژینگەییەکان لە چوارچێوەی ئەوەدا کە دەیخوێنێت لە چیرۆکەکانی قورئان و پێغەمبەراندا، یان لەو چیرۆکە ئەدەبیانەی کە خاوەن ڕێبازێکی ئیسلامین و بەدیهێنەری خێروچاکەن، هەروەها بیرکردنەوە و تێڕوانین، لەوەی دەخرێتە ڕوو لەو لێکۆڵینەوەیانەی لەسەر بوونەوەرەکان مێژووی مرۆڤایەتیدا کراوە، وە پوختە کردووە دەستکردەکانی پەروەردگار لە بوونەوەرە زیندووەکان و نازیندووەکان.

hewalname.com/ku/

## سێیەم / شێوازی چیرۆک ئامێز:

پەروەردەی ئیسلامی شێوازی چیرۆک ئامێزی بەکارهێناوە بۆ هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی، ئەمە لە شێوازە گرنگەکانی پەروەردەی ژینگەییە لەبەرئەو کاریگەرییە دەروونییەی هەیەتی لەسەر تاکەکان، بەتایبەت کاتێک ئەم چیرۆکانە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دابڕێژرێن و هۆشی مرۆڤ بۆ لای خۆیان کێش بکەن، کارلێک لەگەڵ بیسەردا بکات تا ئەو ڕادەیەی

لاسایی کەسایەیەتێکی ناو چیرۆکەکە بکاتەوە و هەست بەهەستەکانی کەسایەتییەکە بکات، لە ڕووی دەرونییەوە خۆی گرێبدات بەو هەڵوێستانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە بەختیار دەبێت بە بەختیاری کەسایەتییەکە و دڵتەنگ دەبێت بە دڵتەنگی ئەو و بەوەش مەیلی خێرخوازی لەنەستیدا دروست دەبێت، لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا ڕەنگ دەداتەوە وە جا بەرامبەر کەسانی تر بێت یان بەرامبەر ژینگەکەی.

ئەمە ئەو شێوازە بووە کەلە پەروەردەی ئیسلامیدا جەختی لێکراوەتەوە، قورئانی پیرۆز گرنگی چیرۆکی بەدەرخستووە کە چەند باشە، وە چ کارییەگی هەیە لەسەر لایەنی دەروونی و ڕەوشی لەپەروەردەدا، وە پەروەردەکردنی دەروون بۆ ناسینەوەی سونەتەکانی خوا لە دروست کردنی کەسانی چاکەکار و خراپە کار و زیدەڕۆکان، لەسەر نمونەی ئەم جۆرە مرۆڤانە کەلە چوارچێوەی ئەم شێوازانەدان، وە بۆ زانینی ئاڕاستەکاری بەها ئیسلامییەکان ئەوانەی کۆنترۆڵی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی دەکەن، خوای پەروەردگار دەفەرمویێت (نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا

إِلَيْـكَ هَـذَا الْقُـرْآنَ وَإِن كُنـتَ مِـن قَبْلِـهِ لَمِـنَ الْغَافِلِيـنَ) ئايەتـی (٣) لـە سـورەتی یوسـف واتـە (ئێمـە چاکتریـن چیـرۆک و بەسـەرهاتت بۆ دەگێڕینەوە، لەڕێگەی سروش و نیگامانەوە لـە شـێوەی ئـەم قورئانـەدا، هەرچەنـدە تـۆ پێش ئـەم باسـە لـەم بەسـەرهاتە بێئاگایـت).

هەروەهـا خـوای گـەورە ڕۆڵـی چیرۆکـی لـە سـازاندن و بیرکردنـەوە و پەنـد لێوەرگرتنـدا زۆر دەرخسـتووە دەفەرموێت (.... فَاقْصُـصِ الْقَصَـصَ لَعَلَّهُـمْ يَتَفَكَّـرُونَ) ئایەتـی (١٧٦) لـە سـورەتی الأعـراف واتـە (ئـەم جـۆرە چیرۆکانـە بگێـڕەرەوە بەڵکـو بیربکەنـەوە).

هەروەهـا لـە سـوننەتەکانی پێغەمبەریشـدا (د.خ) شـێوازی چیـرۆک هەیـە هۆیەکـی پەروەردەیـی کارا لـە ئاڕاسـتە کـردن و ڕێنوێنـی کـردن و ئامۆژگاریکردنـدا، سـونەتەکانی پێغەمبـەر (د.خ) لەسـەر ئـەو چیرۆکانـە چـڕ بۆتـەوە، کـە کاریگـەری ڕوحـی، ڕوشـتی، کۆمەڵایەتـی و مرۆڤایەتییـان هەیـە، ئامانـج لێیـان چاندنـی ئـەو چاکـە و خێـرو بەهـا و پەنـدە بەرزانەیـە لـە دەروونـی مرۆڤـدا، بەتایبـەت ئەوانـەی پەیوەنـدی دارن بـە ژینگـە و کێشـەکانییەوە و ئـەم شـێوازە لـە توانایدایـە، سـەرنجی بیسـەر و وەرگـر بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـی، جۆرێـک لەپـەروەردەی بـەردەوام ڕوودات بەبێ

ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ تاکەکانـدا، لـە نیشانەکانیشـی ئـەو توانایانـە کەلـەم شـێوازەدا هەیـە ئەویش گەشـەپێدانی بیرکردنـەوەی زانسـتی و لۆجیکییـە، بـە تایبـەت کاتێـک دایەلۆگـی چیرۆکەکـە پشـتی ببەسـتێت بـە بەڵگـە و سـەلماندن لەنێـوان کەسـایەتییەکانی چیرۆکەکـەدا.

## چوارەم / شێوازی لێکچواندن (نموونە هێنانەوە):

ئیسـلام لـە ڕێگـەی قورئـان و سـونەتەکانی پێغەمبـەرەوە دروودی خـوای لێبێـت، پەنـدو نموونـەی هێناوەتـەوە بـۆ گەشـەپێدانی زانیـاری لەسـەر پرسـە ئیسـلامییەکان، لەوانـەش ئاڕاسـتە کردنـی پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و ژینگەکـەی، پـەروەردگار دەفەرموێت (وَلَقَـدْ ضَرَبْنَـا لِلنَّـاسِ فِـى هَـذَا الْقُـرْآنِ مِـن كُلِّ مَثَـلٍ لَّعَلَّهُـمْ يَتَذَكَّـرُونَ) ئایەتـی (٢٧) لەسـورەتی الزمـر.

واتـە (ئێمـە لـەم قورئانەدا، هەموو جۆرە نموونەیەکمان بۆ خەڵکی هێناوەتـەوە هەتا بیرێک بکەنـەوە) لەڕێگاوبوارەکانی نموونـە هێنانـەوە و نموونـە هێنانـەوەی سـەرچاوەیێکی ژینگەییـە ئەویش ڕووەکـە کاتێـک تێکـەڵاو بـە ئـاو دەکرێت پارچـە پارچـە دەبێت، ئـەوە نموونەیـە بـۆ ژیانـی ئـەم دونیا (وەک ئایەتـی ٤٥ لـە سـورەتی الكهـف).

یان ئەو ڕووەکەی کە دەڕوێت و بەرەکەی چەند جارە دەبێت، وەک نموونە بۆ خەرجکردن لەپێناو خوای گەورەدا، (وەک ئایەتی ژمارە ٢١٦ ی سورەتی البقرە). یان لە فەرموودەیەکی تری پێغەمبەردا (د.خ) کە مرۆڤی موسڵمان دەچوێنێت بە ڕووەکی بەردار مرۆڤی دوو ڕووش بەداری بێبەر.

یان سەرچاوەێکی ژینگەیی بەکاردەهێنرێت وەک دارێکی باش و دارێکی خراپ، بۆ دەرخستنی واتای ڕەفتارێکی دیاریکراو و وەک وشەی خۆش و وشەی پیس، وەک ئایەتی (٢٤-٢٥) لە سورەتی ئیبراهیم.

ڕەنگە بوونەوەرە زیندووەکان و ڕەفتارەکانیان لە ژینگەدا بەکاربهێنرێت، بۆ نزیکردنەوەی چەمکە مەعنوییەکان و کارە غەیبیەکان بۆ هۆشی مرۆڤ، وەک لێکچواندنی ئەوانەی هاوبەش بۆ خوا پەیدا دەکەن بەجاڵجاڵۆکە، ئەوانەی لاوازترین خانوو بۆ خۆیان دروست دەکەن، وەکو ئایەتی ژمارە (٤١) لە سورەتی العنکبوت.

مامۆستایان دەتوانن سوود لەئایەتەکانی قورئان وەربگرن، بۆ نزیک خستنەوەی چەمکەکان و مەبەستەکان و وە هەموو شێوازە جیاوازەکانی هۆشیار کردنەوەی

ژینگەیی بۆ مێشکی قوتابیان، هەروەها دەتوانن سوود وەربگرن لەو نموونە شاستییانەی کەمەبەست و ناوەڕۆکیان هەیە لە ژینگە قوتابییەکەوە بۆ بەدیهێنانی هەموو مەبەستەکانی تری زانیاری سەبارەت بە ژینگە و کێشەکانی پێوەرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا و چ لەڕووی پاراستنییەوە بێت یان لەڕووی چارەسەر کردنییەوە.

## پێنجەم/ شێوازی ئارەزوومەندانە و تۆقاندن:

ئەمە یەکێکە لە گرنگترین ئەو شێوازانەی کە پەروەردەی ئیسلامی بەکاری دەهێنێت، ئەمە لەو شێوازانەیە کە دەگونجێت لەگەڵ سروشتی دەروونی مرۆڤایەتیدا، زاناکان پێی دەڵێن شێوازی پاداشت و سزا، ئەمە لە شێوازە دادپەروەرەکانە، بۆ پاداشت دانەوەی چاکەکارانە و سزادانی هەڵەکاران، بەجۆرێک کەچاکەکارەکە زیاتر چاکە دەکات، بەرپەرچی هەڵەکارانیش دەدرێتەوە.

قورئانی پیرۆز لە زۆر جێگەدا چەقی خستۆتە سەر شێوازی ئارەزوومەندانە و شێوازی تۆقاندن چونکە کاریگەری کارای هەیە لەسەر خۆرسکی مرۆڤایەتی ئەوەی خوای گەورە خۆی دروستی کردووە ئەو باشتر پێی دەزانێت، دەزانێت نهێنی، خەسڵەت، پاڵنەر و



hewalname.com/ku

هاندەرەكانيـان چيـە ؟ نموونـەش بـۆ ئەمـە فەرموودەكـەی خودايـە (وَلاَ تُفْسِـدُواْ فِـى الأَرْضِ بَعْـدَ إِصْلاَحِهَـا وَادْعُـوهُ خَوْفًـا وَطَمَعًــا) ئايەتـی (٩) لەسـورەتی الأنبيـاء

واتـە (خەڵكينـە فەسـادو گوناهـو تـاوان ئەنجـام مـەدەن لـە زەويدا، دووای ئـەوەی كـە چاكـەكاری ڕەنگـی گرتـووە، هانـا و هـاوار بـۆ خـوا بـەرن لـە ترسـی سـزای دۆزەخ...).

يـان دەفەرموێـت (إِنَّهُــمْ كَانُــوا يُسَــارِعُونَ فِــى الْخَيْــرَاتِ وَيَدْعُونَنَــا رَغَبًــا وَرَهَبًــا وَكَانُــوا لَنَــا خَاشِــعِينَ) ئايەتـی (٩٠) لـە سـورەتی الأنبيـاء

واتـە (....بەڕاسـتی ئەوانـە هەموويـان گـورج و گـۆڵن لـە ئەنجامدانـی خێـر و چاكـە، نزای بەكوڵيان دەكرد بەئومێدی ڕەحمـەت و بەهەشـتی ئێمـە، وە لـەدۆزەخ و خەشـمی ئێمـە دەترسـان و ئـەوان هەميشـە ترسـی ئێمـە يان لەدڵـدا بـوو بۆيـە هەميشـە مل كەچـی ئێمـە بـوون).

يـان دەفەرموێـت (وَكَذَلِـكَ نَجْـزِى مَــنْ أَسْـرَفَ وَلَـمْ يُؤْمِـن بِآيَــاتِ رَبِّــهِ وَلَعَــذَابُ الْآخِـرَةِ أَشَــدُّ وَأَبْقَــى) ئايەتـی (١٢٧) لـە سـورەتی طـە.

واتـە (ئابـەو شـێوەيە تۆڵـە دەكەينـەوە لـەو كەسـەی كەلـە سـنوور دەترازێت، بـاوەڕ بەئايەتەكانـی پـەروەردگار

ناهێنێت، بێگومان سزای قیامەت زۆر سەخت ترو بەردەوامترە).

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ) ئایەتی (٦) لەسورەتی التحريم.

واتە (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگرێک کە سووتەمەنییەکەی خەڵکی و بەردە، سەرپەرشتیاری ئەو دۆزەخ و ئاگرە جۆرە فریشتەیەکن کە زۆر ڕەق و توندو تیژن، نافەرمانی خوا ناکەن لە هیچ شتێکدا کە فەرمانیان بداتێ، هەروەها پێغەمبەری خوا (د.خ) ئەم شێوازەی بەکارهێناوە بۆیە دەفەرموویت:

(مامن سلم يغرس غرسا أو يزرع زرعا، فيأكل منه طير أو أنسان أو بهيمه الا كان له به صدقه) واتە هەر موسڵمانێک شەتڵێک بڕوێنێت یان ڕووەکێک بچێنێت کە باڵندەیەک یان مرۆڤ یان ئاژەڵێک بیخوات بێگومان خێرو چاکەی بۆ دەنوسرێت، هەروەها ئاماژەشی بۆ شێوازی ترساندن و هەڕەشە کردووە کاتێک باس لە ژنێک دەکات

hewaname.com/ku

کە پشیلەیەکی بەند کردووە بێ نان و ئاوی کردووە هەتا مردووە، بەوە گوناهی دەگات و تۆڵەی لێدەکرێتەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە پەروەردەی ئیسلامی جەختی کردۆتەوە لە شێوازی حەز و ئارەزووکردن زۆرتر لەشێوازی ترس و تۆقاندن، شێوازی ترس و هەڕەشەو تۆقاندن لەو کاتانەدا بەکارهێنراوەکە کە زۆر پێویست بووە.

## شەشەم / شێوازی پاداشت و سزا.

پەروەردەیی ئیسلامی شێوازی پاداشت و سزای بەکارهێناوە بۆ هاندانی ڕەفتاری ئەرێنی و وازهێنان لە ڕەفتاری نەرێنی، لەبواری هانداندا بۆ چاکە کردن، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (من أحيا أرضا ميتة فهي له) هەرکەسێک زەوییەکی مردوو ببوژێنێتەوە دەبێتە هی خۆی) ئەمە بۆ هاندانی بوژانەوە و ئاوەدانکردنەوەی زەوییە بەیارەکانە.

شێوازەکانی پاداشت و هاندان جۆراوجۆرن و هەروەها شێوازەکانی سزا و بەرپەچدانەوەش ئەویش لەنێوان شێوە مادییەکان و شێوە مەعنەوییەکان، سروشتییەکان یان

دەسـتکردەکان شـێوەیەک لـە شـێوەکانی پاداشـت ئەوەیـە کە مرۆڤ ئـەو شـتەی دەسـتبکەوێت کە دڵـی دەیخوازێت.

بـەڵام سـزا بێبەشـکردنی کەسـەکەیە لـەوەی پێی بەختیار دەبێـت و حـەزی لێیەتـی، یـان دووچـاری ئازارێـک یـان کارێـک ببێتـەوە کـە حـەزی پێنـاکات.

دەتوانیـن شـێوازی پاداشـت و سـزا بەکاربهێنیـن لەبواری مەشـقکردنی ڕەفتـاری لەسـەر ڕەوشـتی ژینگەیـی بەتایبـەت لەبـواری مافـە ژینگەییـەکان، بـەڵام بەهاکانـی خۆبەخشـین و چاکـە کـردن لەهـەردوو ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و ژینگـەی سروشـتیدا، دەکرێـت بـە پاداشـت دانـەوە هانبدرێـت، نابێـت سـزا بەکاربهێنرێـت لەبـەر سروشـتە تایبەتیەکـەی، ئـەوەی کـە ژمارەیەکـی کەمـی مـرۆڤ دەتوانـن بیکـەن بـۆ نموونـە ناکرێـت کەسـێک سـزا بدرێـت لەبەرئـەوەی ئاژەڵێکـی برسـی تێـر نەکردووە.دەبێـت هاوسـەنگی بکرێـت لـە نێـوان پاداشـت و سـزادا، وە پەیڕەوکـردن لـەوەی دەگونجێـت لەگـەڵ هەربارودۆخ و هـەر هەڵوێسـتێکدا، وە ڕەچاوکردنـی جیـاوازی نێـوان تاکـەکان، هەروەهـا زیدەڕۆیـی نەکرێـت لـە شـێوازی پاداشـت و سـزادا، ئەوەنـدەی دەکرێـت مـەودای سـزاکە درێـژ بێـت هەتـا هۆیـەکان خێـرا تـەواو بـن ولەبـن

بێـن، پێویسـتمان بـەوە دەبێـت هۆیەکـە زۆرتـر لـە جارێـک بەکاربهێنن، پێویسـتە پـەروەردەکار سـزا بەکاربهێنرێت بـۆ چاکسـازی نـەک بـۆ تۆڵـە سـەندنەوە.

hewalname.com/ku/

# بەشی پێنجەم

## ڕۆڵی پەروەردە لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## ڕۆڵی پەروەردە لە هۆشیار کردنەوەی ژینگەییدا

لە گرنگترین ئەو ڕێگایانەیە کە مرۆڤ پەنای بۆ بردووە بۆ ژینگە پارێزی، ئەوەی کە لە ڕێگەیەوە هەوڵی داوە گەشە بدات بە هۆشیاری لای تاکەکان، سەرنجیان ڕابکێشێت بەرەو ژینگە 'بەواتا گشتگیرییەکەی و هاوبەشیکردن لەگەڵیدا و ئەوەش بەوە دەبێت زانیارییان بداتێ، ئارەزوو، ئاراستە و شارەزاییەکانیان گەشە پێبدات، بۆ کارکردن جا بەتاک بێت یان بەکۆمەڵ، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشە ژینگەییانەی کە ئێستا هەیە، وە دوور کەوتنەوە لە ڕوودانی کێشەی ژینگەیی نوێ.

## پێناسەی پەروەردەی ژینگەیی:

پێناسەکانی پەروەردەی ژینگەیی زۆرن، ئەوەش بەهۆی زۆری و جۆراوجۆری دیدو بۆچوونەکان لەسەری بەگوێرەی چەمکی پەروەردە و ئامانجەکانی لەلایەک، وەچەمکی ژینگە خۆی لەلایەکی ترەوە، هەندێک لە پەروەردەکاران پێیان وایە لێکۆڵینەوەی ژینگە لە هەردوو لایەنە زیندەگی و سروشتییەکەیەوە بەتەنها، ئەوە بەدیهێنانی پەروەردەی ژینگەییە، بەڵام هەندێکی پێیان

hewalname.com/ku/

وایە پەروەردە کردنی ژینگەیی ئەو چەمکە تەسکەی ژینگە تێدەپەڕێنێت، ئەمە پڕۆسەیەکی قوڵتر و گشتگیرترە، ئەمە پرۆسەیەکی پەروەردەییە ئامانج لێی دروستکردنی بەها و ئاراستە و شارەوایی و هەستی زۆرترە و بۆ تێگەیشتن و مەزندە کردنی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەیە کە مرۆڤ و شارستانییەکەی دەبەستێتەوە بە دەوروبەرە ژێواری و فیزیاییەکەیەوە پێویستی و حەتمیەتی پارێزگاریکردن لەسەرچاوە سروشتییەکانی ژینگە ڕوون دەکاتەوە.

لەسەر ئەمە هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی گەلێک پێناسەی بۆ کراوە لەوانە:

## ئیبراهیم عسمەت موتاوع:

پەروەردەی ژینگەیی وا پێناسە دەکات (پرۆسەی دروستکردنی بەها، ئاڕاستەو هەستە پێویستەکانە، بۆ تێگەیشتن و مەزندە کردنی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەیە کە مرۆڤ و شارستانییەکەی دەبەستێتەوە بە دەوروبەرە ژێواری و فیزیاییەکەوە، پێویستی و حەتمیەتی پارێزگاریکردن لەسەرچاوە سروشتییەکانی ژینگە ڕوون دەکاتەوە، وە پێویستە بەشێوەیەکی ڕابەرییانەی دروست

و بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ بەهرەی لێوەربگیرێت ئەویش لەپێناو ئاستێکی گوزەرانی بەرزو ژیانێکی باشدا.

## موناجاد:

وای پێناسە دەکات (زانیاری و ڕاستییەکان دەدات بە خوێندکاران لەسەر داب و نەریت و کەلتوورە ئەرێنییەکانی ژینگە، ئاراستە و بەهای ژینگەییان دەداتێ، بەوەش کەسێتییەکی ئەرێنی و کۆک و هاوسۆز لەگەڵ ژینگەدا دروست دەبێت، وا لە مرۆڤ دەکات کە بتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی و هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ سیستەمە ژینگەییەکەی دەوروبەریدا بکات، ئەویش لەڕێگەی تێگەیشتن لە نیشانەکانی ژینگە لەڕێگەی سروشتە ئاڵۆزەکەیەوە ئەویش لەئەنجامی کارلێکی نێوان لایەنە سروشتی، بایۆلۆژی کۆمەڵایەتی و فیزیاییەکەوە.

## نەجدی:

پێناسەی پەروەردەی ژینگەی بەم جۆرە دەکات (پرۆسەیە کە تاک وکۆمەڵەکانی پێهۆشیار دەکرێتەوە لەسەر ژینگەکەیان و کارلێکی نێوان توخمە بایۆلۆژی، فیزیایی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ناو ژینگەکەیان،

سەرباری پێدانی زانیاری، بەهاوشارەزایی و بەڵکو بەڕێوەبردنی ژینگەکەش، هەموو ئەوانەی کە ڕێگاکانی کارکردن ئاسان دەکەن بۆ تاک و کۆمەڵەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشە ژینگەییەکانی ئێستا و ئاییندە، پێویستە ئەم جۆرە پەروەردەیە ڕێ نیشاندەر بێت نەک بەتەنها بۆ ڕەفتاری خەڵکی بەڵکو بۆ ڕەفتاری بەرپرسەکانیش ئەوانەی ژینگە دەخەنە بەر کاریگەری بڕیارەکانیانەوە).

## د. موحەمەد ئەلسید:-

پێناسەی پەروەردەی ژینگەیی ئاوا دەکات (پرۆسەی ئامادە کردنی مرۆڤە بۆ کارلێکێکی سەرکەوتوو لەگەڵ ژینگەکەیدا کە هەموو سەرچاوە جیاوازەکان دەگرێتەوە، ئەم ئامادەکردنە دەخوازێت زانیاری ژینگەیی بدرێتە مرۆڤ بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە تێگەیشتنی ئەو پەیوەندییە هاوبەشەی نێوان مرۆڤ و توخمەکانی ژینگەکەی لەلایەک وە لەنێوان ڕەگەزەکان لەگەڵ یەکتریدا لەلایەکی ترەوە، هەروەها دەخوازێت شارەزاییەکانی مرۆڤ پەرەی پێبدرێت بەجۆرێک وایلێبکات هاوبەشی بکات لەپەرەپێدانی بارودۆخی ژینگەکەی بەباشترین

شـێوە پـەروەردەی ژینگەیـی پێویسـتیش دەکات بەهـاکان گەشـە پێبدرێـت، ئەوانـەی کۆنترۆڵـی ڕەفتـاری مـرۆڤ دەکـەن لەبەرامبـەر ژینگەکەیـدا، فێربکرێـن چـۆن کاربکـەن بـۆ پاراسـتنی ژینگەکـە و گەشـەپێدانی سـەرچاوەکانی.

## موحەمەد سابر سەلیم:

دەڵێـت پـەروەردەی ژینگەیـی (ئـەو پرۆسـە ڕێکخراوەیـە بـۆ دروسـت کردنـی بەهـا، ئاڕاسـتە و شـارەزاییەکان بـۆ تێگەیشـتن لـەو پرۆسـە ئاڵـۆزەی مـرۆڤ وشارسـتانییەکەی دەبەسـتێتەوە بـە ژینگەکەیـەوە، ئـەوەش بـۆ بڕیاردانـی پەیوەندی دارە بە جۆری ژینگەکەوە، وە چارەسـەر کردنی ئـەو کێشـانەی کـە هەیـە و کارکـردن بـۆ بەرگرتـن لەسـەر هەڵدانـی کێشـەی ژینگەیـی نـوێ).

لـە پوختـەی کـۆی هەمـوو ئەوانـەدا کـە بـاس کـرا دەتوانین بڵێیـن، پـەروەردەی ژینگەیـی یەکێکـە لـەو ڕێگایانـەی ئامانجەکانـی ژینگەپارێـزی بـە دیدەهێنێـت، ڕەهەندێکـی گرنـگ پێکدێنێـت لـە ڕەهەندەکانـی پـەروەردەی بـەردەوام و گشـتگیر، بـۆ ڕاسـت کردنـەوەی ڕەفتـاری مـرۆڤ و گەشـەپێدانی بە شـێوەیەکی پۆزەتیڤانە هەتا ئامادە بکرێت و

hewalname.com/ku/

بۆ ژیان و لەگەڵیدا بگونجێت، وە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە سروشتی بکات لەگەڵ ئەو ناوەندەی تیایدا دەژی هاوشان لەگەڵ ژینگە سروشتییەکەیدا ئەمەش لەڕێگەی بەستنەوەی قوتابیانەوە دەبێت بە ژینگەکەیانەوە بە جۆرێک ئەرێن و کارابن لەبڕیارە دروست کەرەکاندا بۆ ژینگەپارێزی لە پیسبوون و بەفیڕۆدانی سەرچاوەکان کە ئەمە بۆتە نیشانەیەکی زەقی ڕەووشتە ژینگەییەکان.

hewalname.com/ku/

## توخمەکانی پەروەردەی ژینگەیی:

گرنگترین توخمەکانی پەروەردەی ژینگەیی لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێت.

١. تاقیکردنەوە:- واتە، تێبینی، پێوانەکردن، تۆمارکردنی، لێکدانەوە و گفتوگۆ کردن دەربارەی دیاردە ژینگەییەکان بە شێوەیەکی بابەتییانەو زانستییانە.

٢. تێگەیشتن:- زۆرتر هەست کردن و درک کردن لەسەر چۆنێتی کاری سیستەمە ژینگەییەکان.

٣. بەڕێوەبردن:- زانین و فێربوونی چۆنێتی کارکردن لەناو گروپدا بۆ گەیشتن بەڕوودانی هەندێک کاری

دیاریکراو، وە چۆنێتی مەزندەکردنی سەرچاوەکان و کۆکردنەوە یان چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەم کارانە.

٤. ڕەووشتەکان:- توانای هەڵبژاردنی بڕیاری ڕەووشت داری هۆشیار، لەئاست گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی لەکارلێکیدا لەگەڵ ژینگەکەدا، وە چۆنێتی بژار کردنێک کە بگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی مرۆڤ و بەهاکانیدا، لەهەمان کاتیشدا ڕێز بگرێت لە ئامانج و بەهای خەڵکانی تر.

٥. جوانییەکان:- ڕێزگرتن لە خودی ژینگە خۆی، بەکارهێنانی ژینگە بۆ ئاسوودەیی، جوانی هونەر، و سروش و بەدیهێنانی ئامانجە دوورەکانی مرۆڤ.

٦. پابەندی:- گەشەپێدانی هەست کردن بەبایەخپێدانی کەسی و بەرپرسیارێتی لە ئاست خۆشگوزەرانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و ژینگەبەیەکەوە، ئامادەکاری بۆ هاوبەشیکردن لە پرۆسەی چارەسەر کردنی کێشەکاندا هەر لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی و جار لەدووای جارو هەر چەند قورس بێت و ورەو غیرەت کەم بکاتەوە.

٧. گشتگیریی:- هۆشیار کردنەوە و ئاگادار کردنەوەی قوتابیان بەسروشتی بەیەکداچووی بابەتەکان و پێویستی

ناسینەوەیان بەپرسە هاوبەشەکان بەشێوەیەکی گشتگیر و کۆ.

## پرنسیپەکانی پەروەردەی ژینگەیی:

کۆنگرەی تەبلیسی پایتەختی جۆرجیای سۆڤێتی جاران لە (١٩٧٧) دا، پرەنسپە بنچینەییەکانی پەروەردەی ژینگەیی بەم جۆرە ڕاگەیاند:-

١. ژینگە لە هەموو ڕووەکانییەوە، سروشتی، تەکنەلۆجیایی، ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیری، مێژوویی، ڕەووشتی و جوانی دەخوێنرێت.

٢. دەبێت پەروەردەیی ژینگەیی پرۆسەیەکی بەردەوام بێت بەدرێژایی ژیان لەناو سیستەمی پەروەردە سیستەماتیکیە و لەدەرەوەیدا.

٣. پەروەردەیی ژینگەیی بەتەنها لقێک لەلقەکانی زانستی ناگرێتەوە، بەڵکو سوود وەردەگرێت لەناوەڕۆکی تایبەتی هەر زانستێک لە زانسەکان بۆ دروست کردنی دیدێکی گشتگیر و هاوسەنگ.

hewalname.com/kurd

٤. پەروەردەی ژینگەیی جەخت دەکاتەوە لەسەر هاوکاری خۆجێیی و نەتەوەیی و نێودەوڵەتی لە چارەسەر کردنی کێشە ژینگەییەکان و دوورکەوتنەوە لێی.

٥. فێربوونی پەروەردەی ژینگەیی بۆ هەموو فێرخوازان لەهەموو تەمەنێکدا، بەتایبەت لەو تەمەنانەدا کە دەتوانن هاوبەشیبکەن لە چارەسەر کردنی کێشە ژینگەییەکان و زانینی ئەو کێشانە لەگەڵ چاودێریکردنی ژینگەی فێربوون لەساڵەکانی یەکەمدا.

٦. پەروەردەی ژینگەیی دەتوانێت وا لە فێرخوازان بکات ڕۆڵیان هەبێت، لەپلاندانان شارەزاییە فێرکارییەکانیاندا، هەلیان بۆ بڕەخسێنرێت بڕیاربدەن و ئەنجامەکانیشی پەسەند بکرێت.

٧. دەبێتە یاریدەدەر بۆ دۆزینەوەی کێشە ژینگەییەکان و هۆیە ڕاستەقینەکانیان.

٨. جەخت دەکاتەوە لەسەر بیرکردنەوەی وردو شارەزایانە لەچارەسەر کردنی کێشە ژینگەییە ئاڵۆزەکاندا.

٩. پەروەردەی ژینگەیی جیاواز بەکاردەهێنێت، ژمارەیەکی زۆر ڕێگای فێر کردن بەکاردەهێنێت بۆ ناسینەوەی ژینگە

hewalname.com/ku

و فێرکردنی فێرخوازەکان، لەگەڵ بایەخدان بە چالاکییە کردارییەکان و دیدە نیە ڕاستەوخۆکان.

١٠. پێویستە هەموو پرۆگرامەکانی خوێندن و هەموو ئەو چالاکییانەی کە خوێندنگە سەرپەرشتییان دەکات هاوبەشی بکەن، هەندێکیان زانیاری و چەمک و ڕاستییە زانستیبەکان دەدەن بە قوتابیان، هەندێکی تریان بەهاو ئاڕاستەو هەستەکان سەبارەت بەژینگە دروست دەکەن.

١١. کەمکردنەوەی زاڵبوونی پرۆگرامە سەربەخۆکان لەبواری ژینگەدا، چونکە ئەمە دەرنجامی پێچەوانەی دەبێت بەتایبەت گەر شێوازی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی وەربگرێت.

١٢. نزیک کردنەوەی کەلێنەکەی نێوان توێژینەوەی زانستییەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن ئەوەش لەپێناو زیاتر کاراکردنی پەروەردەی ژینگەیی.

١٣. دروست کردنی ئاڕاستە زانستییەکان لەڕێگەی پیادەکردن و پراکتیزە کردنی بەکردەیی چەمکەکان، هەستەکان و ئەو بەهایانەی کە فێرخواز بەتیۆری فێری دەبێت.

## گرنگیەکانی پەروەردەی ژینگەیی:

پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی بەچەند قۆناغێکی پەرەسەندندا تێپەڕیوە، کەڕەنگ دانەوەی سەرهەڵدانی کێشە ژینگەییەکان و ئاڵۆزییەکەیتی، بەجۆرێک ژینگەکە هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤی دابین کردووە، بەڵام گەشە کردنی زۆری دانیشتوان و هەوڵدانی زۆری مرۆڤ بۆ تێرکردنی داخوازییەکانی بووە هۆی زۆربوونی فشار لەسەر هەموو لایەنەکانی ژینگە جابەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، وە لەڕێگەی بەرهەمهێنانی بڕێکی یەکجار زۆر پیسکەرەوە کە سروشت نەیدەتوانی خۆی لێ ڕزگار بکات، زۆرێک لە زاناکان جەخت لەوە دەکەنەوە، ئەو پەرەسەندنە تەکنەلۆجیاییەو خراپ ئاڕاستە کردنی بووە هۆی خراپ بەهرە وەرگرتن لەسەرچاوە سروشتییەکان کە دوواتر بووە هۆی ڕوودانی ژمارەیەکی زۆری کێشەی ژینگەیی.

لێرەوە گرنگی پەروەردەی ژینگەیی سەرهەڵدەدا و هۆشیاری ژینگەیی دەبێتە پێویستییەکی حەتمی، ئەوەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە کە لەبناغەدا مرۆڤ و پیادەکردنە هەڵەکانی دروستی کردووە، گرنگی

پەروەردەی ژینگەیی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دێت:-

١. گەشەی زۆر و ناڕێکوپێکی دانیشتوان و هەوڵدانی زۆریان بۆ بەدەست هێنانی خۆراک ئەمانە هەموو فشاری زۆریان خستە سەر ژینگە، ژمارەی دانیشتوانی جیهانی زیاتر لە (٥) ملیار کەسە و بەردەوامیش لەزۆربووندایە، چاوەڕوانیش دەکرێت لە (٢٥-٣٠) ساڵی داهاتوودا ئەم ژمارەیە چەندجارە ببێتەوە، بەڵام سەرچاوە خۆراکییەکانی هەربەکەمی سنووداری دەمێنێتەوە.

٢. بەبیابانبوون و گۆڕانی زەوی کشتوکاڵ بۆ زەوی بێرۆن وشک، نموونەی ئەوەش زۆرە لەسوریا، عێراق، لیبیا و میسر ساڵانە ڕووبەرێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی دەگۆڕێ بۆ زەوی وشک بیابان.

٣. داماڵین و ڕووتاندنەوەی شاخ و گردەکان لەدارو دەوەن، ئەوانەی بەکاردەهێنرێت بۆ پیشەسازی کاغەز و پیشەسازییەکانی تر، ئەمەش ڕاماڵینی خاکەکەی لێدەکەوێتەوە وە دەشبێتە هۆی زۆربوونی ڕێژەی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن لەهەوادا، ئەمە سەرباری لێشاوی کۆچی خەڵکی بەرەو ئەم ناوچانە.

٤. قڕبـوون و دیارنەمانـی ژمارەیەکـی زۆری ئـاژەڵ و ڕووەکی کێوی لەئەنجامی ڕاوی ناڕێک و پێک لەوەڕاندنی زۆردارانـە، وە لەئەنجامـی شـاڵاوەکانی مرۆڤـەوە، ئەمـەش بـووە هـۆی دیارنەمانـی ژمارەیـەک بوونـەوەری کێـوی، ئەمانـەش هەمـووی دەبنـە هـۆی ڕوودانـی تێکچـوون و پشـێوی لـە هاوسـەنگییەکەی ژینگەدا، بۆ نموونە دیارنەمانی کەمتیـار لـە ئوسـترالیادا بـووە هـۆی زۆربوونـی ژمـارەی کەروێشـک ئەمانیش کێشـە بۆ بەرووبوومە کشـتوکاڵییەکان دروسـت دەکـەن.

٥. ئـەو پیسـبوونە زۆرەی کـە لەنـاو ئـاوی ڕوبـارو دەریـاو زەریاکانـدا ڕوودەدات، لەئەنجامـی بەکارهێنانـی ئـەم ناوچانـە وەک جێگەیـەک بـۆ ڕزگاربـوون لـە دەسـت پاشـەڕۆ پیشەسـازییەکان، ئەتۆمییـەکان، ئـاوی پیس، وزەی نـەوت لەنـەوت گوێـزەرەوە گەورەکانـەوە، ئـەوەی بەبۆمبـی ژینگەیـی دادەنرێت و بەزەرریاکاندا دەڕوات، ئەگـەر پەکیان کـەوت یان تێکچوونێک ڕوویدا، ئـەو نەوتـەی دێتـە دەرەوە و دزە دەکات کێشـەی ژینگەیی وا دروسـت کە چەند سـاڵێک ئەگـەر نەڵێیـن چەنـد سـەدەیەک دەوام دەکات.

hewalname.com/ku/

٦. بەکارهێنانی نارێک و پێکی مێرو قڕکەرەکان بۆ قەڵاچۆ کردنی نەخۆشییە کشتوکاڵییەکان ئەمە دەبێتە هۆی کوشتن و نەهێشتنی ژمارەیەکی زۆری بوونەوەری زیندووی بەسوود بۆ کشتوکاڵ و دوواتر تێکچوونی هاوسەنگی ژینگەیی.

٧. کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، کەدەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی چڕی دانیشتووان لە شارەکاندا دوواتر سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی لەشارەکاندا، هەتا وایلهیاتووە ئەم شارانە بوونەتە ناوچەی پیسبوو، مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤ دروست دەکەن.

٨. زۆربوونی ژمارەی کارگە و وەرشە پیشەسازییەکان زۆربوونی ژمارەی ئامێرو ئۆتۆمبیل کە هەموویان دوو کەڵ و کەرەسەی پیس فرێدەدەنە هەواکەوە، بەتایبەت ئۆتۆمبیلە مۆدێل کۆنەکان.

هەموو ئەمانەی باسکرا فاکتەرو پاڵنەر دروست دەکەن، بۆ بایەخدانی پێویست بە پەروەردەی ژینگەیی، هەتا شوێنێکی شیاوی بدرێتێ لەهەر سیستەمێکی پەروەردەییدا، چونکە کاری پەروەردە بەپلەی یەکەم،



hewalname.com/ku

پارێزگاریکردنـی مرۆڤـە لەهەمـوو ئـەو فاکتەرانـەی کار لـە گەشـەکردنی دەکـەن لەهەمـوو ڕوویێکـەوە، بەتایبـەت لـەڕووی جەسـتەیی و تەندروسـتییەوە، بەپێچەوانـەوە دەبێـت کاربکرێـت بـۆ بـاش گەشـەکردنی و ئامـادە کردنـی بەباشـترین شـێوە.

## ئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەیی:

لەڕێگـەی ئـەو بابەتانـەوە کـە باسـکرا، دەتوانیـن بڵێیـن پەروەردەیی ژینگەیی مەبەستی بەدیهێنانی کۆمەڵێک کارە کـە گرنگەکانیـان ئەمانـەن:-

١. بەئاگاهێنانـەوە و ناساندنی تـاک و کۆمەڵـەکان بەژینگە سروشـتییەکەیان، لەگـەڵ ئـەو سیسـتەمە ژینگەییانـەی تێیدایـە، وە ئاشـناکردنیان بـەو پەیوەنـدی هەیـە لەنێـوان پێکهاتـە زینـدوو نازیندووەکانـدا، وەپشـت بەسـتنی هەریەکەیـان بـەوی تـر.

٢. هـاوکاری کردنـی تـاک کۆمەڵـەکان بـۆ بەدەسـت هێنانـی هۆشـیاری ژینگەیـی، لەڕێگـەی ڕوونکردنـەوەی چەمکـە ژینگەییەکانـەوە، تێگەیشـتن لـەو پەیوەندییـە هاوبەشـەی

hawalname.com/ku/

نێوان مرۆڤ و ژینگە سروشتییەکەی، لەگەڵ گەشەپێدانی تێگەیشتن لەبارەی پێکهاتەکانی ژینگە و ڕێگاکانی پاراستنی باش بەهرە وەرگرتن لە ژینگە ئەویش لەڕێگەی بەدەست هێنانی شارەزایی دەربارەی چۆنێتی مامەڵکردن لەگەڵ ژینگەدا بەشێوەیەکی ئەرێنی.

٣. زەق کردنەوەی زۆری گرنگی سەرچاوە سروشتییەکان، چونکە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ پشت بەو سەرچاوانە دەبەستن لەوەتەی مرۆڤ بەسەر زەوییەوە هەیە هەتا ئێستا، لەو سەرچاوانەوە مرۆڤ هەموو پێداویستییەکانی ژیانی خۆی دەستەبەر دەکات.

٤. دەرخستن و زەقکردنەوەی ئاسەوارە خراپەکانی، خراپ بەهرە لێوەرگرتنی سەرچاوە سروشتییەکان وە ئەوەی لەمەوە پەیدا دەبێت کار دەکاتە سەر لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی دەبێت کاربکرێت بۆ نەهێشتنی ئەو ئاسەوارە خراپانە.

٥. ڕاست کردنەوەی ئەو بیروباوەرە باوەی کە دەڵێت سەرچاوە سروشتییەکان هەمیشەیین و لەبن نایێن، سەرچاوە سروشتییەکان (٣) جۆرن ئەوانەی تەواو دەبن و لەبن دێن، ئەوە لەمێشکی خۆماندا دەربکەین کە دەڵێت

hewalnama.com/kurd

زانست بەتەنها خۆی دەتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات، چونکە خودی کێشەکە خۆی لەمرۆڤدا حەشارداوە، مرۆڤە زۆر سەرسەختانە ئەو سەرچاوانە لەبن دەهێنێت.

٦. ڕوونکردنەوەی پێویستی و حەتمییەتی هاوکاری نێوان تاک و کۆمەڵەکان لەڕێگەی دۆزینەوەی هۆشیارییەکی نیشتمانی لەسەر گرنگی ژینگە و وە بونیادنانی فەلسەفەیەکی تەواوکاری بۆ تاکەکان کۆنترۆڵی ڕەفتاریان بکات لەبواری پەیوەندییەکانیان بەبنەماکانی ژینگەوە، پارێزگاریی لێبکەن بەهاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، لەڕێگەی ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە، کۆنگرە هەرێمایەتی و خۆجێییەکانی ژینگە پارێزی، بۆ ڕێنوێنی کردن و ڕێپیشاندان بەرەو چارەسەرێکی هەمیشەیی و کرداری ئەو کێشە ژینگەییانەی ئێستا هەیە.

٧. شیکردنەوەی وردی زانستییانەی ئەو ڕەفتارانەی دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگییەکەی ژینگە، ئەویش لەڕێگەی ئەو کێشە ژینگەییە زۆرانەی کە مرۆڤ بە ڕەفتارە خراپەکانی دروستی کردووە، ئەوەی کە ناهۆشیارانە دەیکات وەک زێدە ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان کە بۆتە هۆی لەناوچوونی هەندێک جۆریان، یان ڕاماڵینی خاک

بەهـۆی داربڕین و سـووتان و نەهێشـتنی دارسـتانەکانەوە.

هەندێـگ لەشـارەزایانی پـەروەردەی ژینگەیـی دەڵێـن ئامانجـی پـەروەردەی ژینگەیـی یارمەتیدانـی کۆمەڵەکانـە لەبەدەسـت هێنانـی:-

١. هۆشـیاری دەربـارەی هەمـوو پێکهاتەکانی ژینگـە، وە ئـەو کێشـانەی وابەسـتەیەتی.

٢. تێگەیشـتنێکی بنچینەیـی لەسـەر هەمـوو ژینگـەو ئـەو کێشـانەی وابەسـتەیەتی وە ڕۆڵـی مـرۆڤ بەرپرسـیێتییەکەی لـەو کارانـەدا.

٣. بەدەسـت هێنانـی بەهـای کۆمەڵایەتـی و هەسـتی بەهێـز سـەبارەت بەبایەخدان بـە ژینگـە، هەڵپەکردنـی کاراو چالاکانـە بـۆ ژینگـە پارێـزی و چاککردنـی ژینگـە.

٤. بەدەسـت هێنانـی شـارەزایی لەچارەسـەرکردنی کێشـە ژینگەییەکانـدا.

٥. بەدەسـت هێنانـی توانـاداری لەسـەر هەڵسـەنگاندنی کارەکانـی پـەروەردەی ژینگەیـی.

٦. هەسـت کـردن بـە بەرپرسـیارێتی لـە ئاسـت کێشـە ژینگەییەکانـدا، وە دەسـت پێشـکەری کـردن لەپیادەکردنـی

ئـەو کارانـەی لەبـارو گونجـاون بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـە ژینگەییانـە.

د. غازی ئەبو شـەقرا پێیوایە کە ئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەیی لـەم (٣) خاڵەدا کۆ دەبێتەوە.

أ- پتەوکردنـی هۆشـیاری و بایەخدان بە پێکەوە گرێدانی پرسـە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسـی و ئیکۆلۆژی لەناوچە گوندنیشـن و شارنشیینەکاندا.

ب- ڕەخسـاندنی هـەل بـۆ هەمـوو کەسـێک بـۆ بەدەسـت هێنانـی زانیاری و بەهـا، هەڵوێسـت، گیانی پابـەن بـوون و شـارەزایی پێویسـت بۆپارێـزگاری ژینگـە و باشـکردنی.

ج- دروسـت کردنـی شـێوازێکی نـوێ لـە ڕەفتـار کـردن لەئاسـت ژینگـەدا، لـەلای هەمـوو تاکێـک کۆمەڵێـک هەتـا هەمـوو کۆمەڵگـە.

بەڵام ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی (یونسکۆ) وای دەبینـی کـە گرنگتریـن ئامانجەکانـی پـەروەردەی ژینگەیـی دەبێـت ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە لەخـۆ بگرێـت:-

١. هاندانـی ئاڵوگـۆڕ کردنـی فکـرو زانیـاری شـارەزایی پەیوەنـدی دار بەپەروەردەکردنـی ژینگەیـی لەنێـوان



newalname.com/ku

دەوڵەتانی جیهان و هەرێمە جیاوازەکانیدا.

٢. هاندان و پەرەپێدانی چالاکییەکانی ئەو توێژینەوەیانەی کە دەبنە هۆی تێگەیشتنێکی باشتری پەروەردەی ژینگەی، بابەتەکەی و شێوازەکەی، وە ڕێکخستن و هاوئاهەنگ کردنی ئەو چالاکییانە.

٣. هاندانی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی فێرکاری، پرۆگرامەکانی بابەتی پەروەردەی ژینگەیی و هەڵسەنگاندن و ڕاست کردنەوەیان.

٤. هاندانی مەشق کردن و دووبارە مەشق کردنەوە و ڕاهێنانەوەی سەرکردەو بەرپرسەکانی پەروەردەی ژینگەیی وەک پلان دانەران، توێژەرەوەکان، کارگێڕییەکان و پەروەردەکاران.

٥. دەستەبەرکردنی هاوکاری تەکنەلۆجیایی بۆ دەوڵەتە ئەندامەکان ئەویش بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی پەروەردەی ژینگە.

## ڕێگاو شێوازەکانی پەروەردەی ژینگەیی:

ئەو ڕێگایانەی کە پەروەردە بەکاریدەهێنێت، بۆ کارکردن لەسەر تاکەکان لەپێناو دروست کردنی هۆشیاری و بایەخدان بە ژینگەو پێکهاتەکانی زۆرن و هەمە جۆرن گرنگترینیان ئەمانەن:-

### ١. بەکارهێنانی شێوازی چیرۆک ئامێز:-

چیرۆک لەو شێوازە باشانەیە کە بەهۆیەوە تاکەکان زۆر بەها و چەمکیان دەست دەکەوێت، کە دەتوانێت هاوبەشی بکات لە ژینگە پارێزیدا، ئەم چیرۆکانە دەتوانن باس لە زانایان و کارەکانیان بکەن، بەتایبەت ئەوانەی کە باس لە خۆشەویستی و ڕێزگرتنی سروشت و هەموو پێکهاتەکانی دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی هۆشیاری ژینگەیی گونجاو لەبار.

### ٢. بەکارهێنانی یاری و لاسایی کردنەوەو ڕۆڵنواندن:

ئەمەش شێوازێکی باشە لەتوانای کارکردن لەسەر تاکەکان چونکە لەڕێگەیانەوە دەتوانین شێوازە ئاڵۆزەکانی کێشە ژینگەییەکان وێنا بکەین، هەروەها بەرژەوەندییەکانی



hewalnama.com.kurd

ئەو تاکانەش دەست نیشان بکرێت کە کاریان تێدەکات یان کاری تێدەکەن.

## ٣. شێوازی چارەسەر کردنی کێشەکان:

کێشە واتای حاڵەتێکی ناڕەزایی یان بارگرژی، زۆرجار هۆی کێشە هەست کردنە بەهەبوونی کۆسپ و بەرگر لەڕێگەی گەیشتن بەئامانجەکان، هەنگاوەکانی شێوازی زانستی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لەم خاڵانەدا پوخت دەکرێتەوە:-

أ- دەست نیشانکردنی کێشەکە.
ب- کۆکردنەوەی داتاوزانیاری لەسەر کێشەکە.
ج- پۆلینکردنی داتا و زانیارییەکان.
د - هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان.
ه- هەڵبژاردنی یەکێک لەچارەسەرکردن.
و- هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی چارەسەرەکە.

## ٤. لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکان:

سەرەتا لە چاودێریکردنی قوتابییەکەوە دەست پێدەکات بۆ بوونەوەرێکی زیندووی ناو ژینگە سروشتییەکە، یان

hewalname.com/ku/

گۆڕانەکانی وزە لە لەوەڕگەکەیەکدا، یان لێکۆڵینەوەی کاریگەرییە ژینگەییەکان، ئەمە هەڵدەرخسێنێت بۆ تاکەکان کە لەبابەتێکدا قووڵ ببنەوە.

## ٥. شێوازی فێربوونی کار لەناو کۆمەڵگەکەدا (کاری هەرەوەزی):

ئەم شێوازە گەشە دەدات بەهۆشیاری و ڕەفتاری ژینگەیی بەجۆرێک کە قوتابی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوبەشیدەکات لەکارێکی هەرەوەزیدا، ئەمە وادەکات کە قوتابی ڕێز لەخودی خۆی بگرێت، وە هەست بەبەرپرسیارێتی تاکە کەسی بکات وەک ئەوەی کە هاوبەشی بکات لەپڕکردنەوەی چاڵێک یان گوماوێک، یان لە لابردنی خۆڵ و خاشاکدا.

hewalname.com/ku/

## ٦. گەشت و سەردانە ژینگەییەکان:

گەشت یان سەردانی شوێنێکی ژینگەییچالاکییەکی پلان بۆ ڕێژراو بە ئامانجە، لەدەرەوەی ژووری خوێندن ئەنجام دەدرێت، لەم ڕێگەیەوە قوتابی هەندێک شارەزایی دەست دەکەوێت، کە ڕێگا کلاسییەکانی وانە وتنەوە ناتوانن یان بەزەحمەت بۆی دەستەبەر دەکەن.

**مەها عەبدولرزاق شێوازەکانی پەروەردەی ژینگەیی بەم جۆرەی خوارەوە دەست نیشان دەکات:**

- **خستنە ڕوو:-** پێشکەشکردنێکی شێواز ئامێزی زانیارییەکان بە ڕێگەیەکی ئاسان، هەتا وەرگر بتوانێت، ببسێت، ببینێت و تێبگات، وە ڕەهەندەکانی کێشە ژینگەییەکان کاری تێبکەن.

- **خوێندنەوە:-** ئەمە پرۆگرامێکی تاکە کەسییە بۆ پێشکەشکردنی زانیاری لەڕێگەی کەرەسەی چاپکراوەوە کە بیرۆکە و زانیاری ژینگەیی تێدایە.

- **سامپڵ و نموونەکان:-** نموونەکان بەشێکن لە ڕاستییەکان لەهەمووی، نموونەکان بەرجەستەکردنێکی تەواوی شێوە ڕاستییەکانن.

- **گفتوگۆی بەکۆمەڵ:-** ئاڵوگۆڕی زارەکی بیروبۆچوون و دیدگەیە لەنێوان تاکەکان و شارەزاکاندا.

- **وێنە فێرکارییەکان:-** وەک: نەخشە، بۆرد، وێنە، سلاید، لکێنراوەکان.

- **پیادەکردن:-** لەڕێگەی هاوبەشیکردن لە پێشکەشکردنی

hewalname.com/ku/

گۆرانییەکان یان شانۆگەرییەک ئەمە تواناداری بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێت بۆ شارەزایی دەستکەوتن، وەجەخت کردنەوە لەسەر چەمکە نوێیەکان، لەڕێگەی هاوبەشیکردن لە پرۆسەکانی پەیوەندی بەیەکگەیشتنەوە.

**- دەروازەی زانست و تەکنەلۆجیا و کۆمەڵگە:- S.T.S:-** هەوڵدانە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان زانست و تەکنەلۆجیا و کۆمەڵگە، چونکە قوتابی بەشێوەیەکی شەخسی هاوبەشی دەکات بۆ کارکردنە سەر ژینگەی دەوروبەر بەشێوەیەکی ئەرێنی، پرسە سەرەکییەکانی ئەم پەیوەندییە بریتییە لە (برسێتی و سەرچاوەکانی خۆراک، گەشە کردنی دانیشتوان، جۆری هەواکە و بەرگەزەپۆشەکە، سەرچاوەکانی ئاو، تەندروستی و نەخۆشی مرۆڤ، کەم و کوڕی سەرچاوەکانی وزە، بەکارهێنانی زەوی، کەرەسە مەترسیدارەکان، سەرچاوە کانزاییەکان، قڕبوون و نەمانی هەندێک ڕووەک و ئاژەڵ، تەکنەلۆجیای جەنگ).

**- دەروازەی پڕۆژەکان:-** پڕۆژە کۆمەڵێک چالاکی ئەنجام دارە فێرخواز دەیکات، لەڕێگەی ئەم کارەوە زانیاری، شارەزایی، ئاڕاستەکان، بەها و تواناداری دەست دەکەوێت بۆ پلاندانان.



newalname.com/kurd

**- لێکۆڵینـەوە مەیدانییـەکان:-** لێـرەدا قوتابـی ڕاسـتەوخۆ مامەڵـە لەگـەڵ ژینگـەدا دەکات ئەمـەش بناغـەی فێربوونـی پـەروەردەی ژینگەییـە.

**- تیمـی وانـە وتنـەوە:-** وانـە وتنـەوە بەهـۆی کۆمەڵێـک تیمێکی مامۆستای پسپۆڕەوە دەبێت لەبابەتـە جیاوازەکانی خوێندنـدا، ئـەوەی کۆیـان دەکاتـەوە بایەخدانـە بەمەشـق کردن لەسـەر بابەتێکی ژینگەیی هەریەکە بەگوێرەی بواری پسـپۆڕی خـۆی، هاوبەشـی دەکات لەگفتوگـۆ و چارەسـەر کردنـی ئـەو کێشـەی کەلەبەردەسـتدایە بـۆ خوێنـدن.

**لێکۆڵینـەوەی ژینگەیی:-** قوتابیـەکان کێشـەیەکی ژینگەیـی دەسـت نیشـان دەکـەن کـە پەیوەنـدی هەبێـت بەهەندێـک لەبابەتەکانـی وانەکانیانـەوە، هەوڵـدەدەن چارەسـەری بکـەن، چارەسـەر پێشـنیاز دەکـەن و تاقیدەکەنـەوە، لەبەر ڕۆشـنایی هەندێـک بەڵگـەی دیاریکراوەوە.

**- مێشـک هەژانـدن:-** بریتییـە لـە کۆنگرەیەکـی داهێنـان لەپێنـاو بەرهەمهێنانـی لیسـتێک لـە هـزر کـە دەکرێـت بەکاربهێنرێـت وەک کلیـل کـە ڕامـان دەکێشـێت بـەرەو گەڵاڵـە کردنـی کێشـەکە و وەبەدیهێنانـی چارەسـەرێک بـۆ ئـەو کێشـەیە.

newalname.com/ku

## هاوبەشیکردنی پەروەردەی ژینگەیی لە کەمکردنەوەی پیسبووندا:-

پەروەردەی ژینگەیی هاوبەشی دەکات لە دانانی سنورێک بۆ کێشەی پیسبوونی ژینگەیی، ئەویش لەڕێگەی بڵاو کردنەوەی هۆشیارییەوە، کە خۆی دەنوێنێت لە هاوکاریکردنی تاک و کۆمەڵەکان لەبەدەست هێنانی هۆشیار چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ ژینگە و کێشەکانیدا، وە پەروەردە کردنی هاوولاتییەکی هۆشیار پۆزەتیڤ لەگەڵ کێشە ژینگەییەکاندا، ئەمە سەرباری ئەوەی کە زانیاری دەدات بەتاکەکان هەتا ببێتە هاوکارو پاڵپشتی بۆیان لە تێگەیشتن لە ژینگە و کێشەکانی، وە یارمەتیان بدات لە بەدەست هێنانی بەها لاکۆمەلایەتییەکان و هەستی بەهێز بۆ بەدەست هێنانی شارەزایی لە چارەسەر کردنی کێشە ژینگەییەکاندا، وە ڕوودانی گیانی هاوبەشی پۆزەتیڤانە، کارکردن بۆ پەرەپێدانی هەست کردن بەبەرپرسیارێتی هاوبەشیکۆدنی پێویست لەدانانی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە ژینگەییە جیاوازەکان.

پەروەردەی ژینگەیی پەیامێکی پیرۆزە، لەڕێگەی ئامانجەکان و هۆیەکانییەوە، بۆیە دەبێت لە ناوچەکانی



hewanname.com/ku

خۆشـماندا بیخەینـە کار، چونکـە پارێزگاریکردنـە لـە مـرۆڤ و ژیانەکـەی، پـاش ئـەوەی کـە ژینگەکـە زۆرێـک لەسـەرچاروەکانی جوانییەکەی و دیمە سـەرنج ڕاکێشـەکەی لەدەسـت داوە، مـرۆڤ هەسـتی بـەوە کـردووە کـە دووای بەرنامەیـەک بکەوێـت کـە پاڵنـەری کارکـردن بێـت لەنـاو ژینگەکەیـدا، ژینگەبـە هاوڕێـی بەئەمەکـی خـۆی دابنێـت، قسـەکەی جـان جـاک رۆسـۆ چەنـد جوانـە، کـە بەمرۆڤێکـی مانـدوو بەدەسـت ژیانـەوە هیـلاک بـوو دەڵێـت (بگەڕێـرەوە بـۆ سروشـت و خـۆت فڕیبـدەرە ئامێزیـەوە).

بەڵـێ دەبێـت بگەڕێینـەوە بـۆ سروشـت و بەوەفـا بیـن بـۆی، لەبەرئـەوە دەبێـت پابەندبیـن بـە ڕەووشـتە پەروەردەییەکانـەوە لەبەرامبـەر ژینگـەدا، بۆئـەوەی هەسـت بەئارامـی و ئۆقرەیی بکەیـن، ئـەم ڕەوشـتانە بـە شـۆڕشـێکی بەهێـز دادەنرێـت و کاردەکات بـۆ ڕاسـتکردنەوەی ئاڕاسـتە ڕەفتارییەکانـی مـرۆڤ لەبەرامبـەر ڕێزگرتـن لـە ژینگـە، ئەمـەش زامنـی گێڕانـەوەی هاوسـەنگییە ژینگەییەکـە، دووای ئـەوەی کـە هەڕەشـەو مەترسـی زۆری لەسـەر بـوو بەهـۆی نەمانـی خـۆو ڕەوشـتی ژینگەییـەوە، ئەوانـەی کـە مـرۆڤ دەیکردو بەپێچەوانـەی تەووژمەکـەوە دژی خـۆی و ژینگەکـەی دەیکـرد.

بەم جۆرە پێویستە پەروەردەی ژینگەیی ڕۆڵێکی بنچینەیی بگێڕێت لەکێشە ژینگەییەکان و چارەسەرەکانیدا، وە ئاشکراشە هەوڵە پەروەردەییەکان بەری تەواو نادەن بەدەستەوە گەر هەندێک فاکتەری تری گرنگ پشتگوێ بخرێت، وەک ئەوەی یاسا هەبێت هەوڵبدات بۆ بەدیهێنانی هەمان ئامانج، ئەو ڕێو شوێنانە بگرێتەبەر بۆ ماندوو بوون و شەونخونی هەتا یاساکان بەباشی جێبەجێ بکرین، بڕیاری توندو یەک لیکەرەوە بسەپێنرێت داوای یارمەتی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری بکات کە لە ناو خەڵکیدا دەسەڵاتیان زۆرە.

پێویستە هەموو ئەم فاکتەرانە شان بەشانی یەک کاربکەن و هاوکاری یەکتری بکەن، هەتا بتوانن هاوکار ببکەن لە ژینگەپارێزی و باشکردنی ژینگە بەشێوەیەکی کاراتر.

لەپێناو ئەوەدا پێویستە لسەر پەروەردە جەختیش بکاتەوە لەسەر سیاسەتمەداران و کەسانی تری بەرپرسن کە خاوەن بڕیارن سەبارەت بەکۆمەڵگە و کێشە ژینگەییەکان، دەبێت لەنێوان ژینگە و گەشەپێداندا هاوکاری و تەواوکاری هەبێت، خەڵکی هۆشیار بکرینەوە

لەسـەر ئـەوەی کـە دەبێـت شـوێن شـێوازێک بکـەوون لەسـازانی کاروبـارە ژینگەییەکانـدا کـە باشـتر و ڕێبەریتـر بێـت ئەگـەر گەشـەپێدان پرۆسـەیەکی بـەردەوام بێـت، پێویسـتە سـوودەکانی بـۆ هەمـوو کەرتەکانـی خەڵکـی بگەڕێتـەوە، بۆیـە پێویسـتە سیاسـەتەکانی گەشـەپێدان ژینگـە ڕەچاو بکـەن و بەهەنـد وەری بگـرن، ئەگـەر داواکارییەکانـی گەشـەپێدانی بایەخپێدانـە ژینگەییەکانـی لەبەرچـاو نەگـرت، ئـەوە بەپێچەوانـەوە دەبێتـەوە، سیاسـەتی وا دادەنرێـت کـە بەسـوود ناگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵگـە خۆجێییەکـە هەمـووی.

hewalname.com/ku/

# بەشی شەشەم

## ڕۆڵی خێزان لە هۆشیار کردنەوەی ژینگەییدا

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## ڕۆڵی خێزان لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا

کۆمەڵگـە لەڕێگـەی دامـەزراوە جیاوازەکانیـەوە ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لـە ژینگـە پارێزیـداو لـە پاراسـتنی پێکهاتەکانـی ژینگـەدا، چونکـە ژینگـە و کۆمەڵگەیەکەیەکـی تـەواو دروسـت دەکـەن، هەردووکیـان لـە حاڵەتێکی کارلێکی بەردەوامـدان، گـەر بارودۆخـی ژینگـە بـاش بێـت، بارودۆخـی کۆمەڵگـەش بـاش دەبێـت، زیاتردەتوانێـت بـە بەختیـاری و خۆشگوزەرانی بژی، گـەر ژینگـە وێران بـوو تێکچـوو ئـەو کات ژیانـی کۆمەڵگـەش زۆر زەحمـەت و گرانتـر دەبێـت، لەنـاو هەمـوو دامەزراوەکانـی کۆمەڵگـەدا خێـزان ڕۆڵێکـی گـەورەی هەیـە لـەوەدا تاکـەکان بەدەسـتی دەهێنـن لـەو بەهـاو ئاڕاستانەی کە هاوبەشـی دەکات لە ژینگە پارێزیدا.

hewalname.com/ku/

## چەمکی خێزان:-

گـەرچی هەندێـک گـۆڕان بەسـەر ژیانـی خێزانـدا هاتـووە، بـەڵام هێشـتا یەکێکـە لـەو دامـەزراوە کۆمەڵایەتیانـەی کـە ئاسـەواری کارای هەیـە لـە ژیانـی تاکـدا لـەڕووی پەروەردەییـەوە.

وەک دەزانرێت هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی لە چەند خێزانێک پێکهاتووە کە جیاوازن لەڕووی قەبارەو پێکهاتەوە، خێزانی بچووک هەیە، خێزانی وەهاش هەیە گەورەیە ژمارەیەکی زۆری خوشک و برای تێدایە بەرپرسیێتی پەروەردە کردنی مناڵ و ژیانیان لەسەر دایک و باوکە هەتا دەگەنە قۆناغی پێگەیشتن بەوەش خێزان دەبێتە ژینگەی سروشتی بۆ مناڵ ڕێگە خۆش دەکات بۆ ژیانی، ئەم سروشتە خوای گەورە داوێتی بەبەندەکانی لە دڵی دایک و باوکدا چەسپاندوێتی هەتا چاودێری و پارێزگاری مندال بکات بەتایبەت لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەنیدا، ئەم سالانەش لە ژیانی مناڵدا ڕۆڵێکی کارایان هەیە لەدروست بوونیدا لەڕووی وێژدانی ڕەووشتەوە، لە ڕووی دروستبوونی داب و نەریت و سۆزەکانییەوە، زانایانی دەروونناسی ئەم قۆناغە بەگرنگترین قۆناغ دادەنین لە ژیانی مناڵدا، چونکە دەبێتە بناغە بۆ ئەو قۆناغانەی تر کەلە دووای دێت، ئەمە قۆناغی نەرمێتی وشلێتییە، لەم قۆناغەدا مناڵ دەکەوێتە بەرکاریگەری هەموو ئەوانەی دەورەیان داوە، وەلەڕووی جەستەیشەوە گەشە دەکات ئەم گەشە کردنە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ماڵ و خێزان، لەڕووی دەستەبەربوونی هۆیە تەندروستییەکانەوە وەک

هـەوا، خـۆراک، ڕووناکی.....هتـد.

منـاڵ لـە سـاڵانی یەکەمـی تەمەنیـدا، زۆر خێـرا دەکەوێتـە ژێر کاریگـەری دەوروبەرەکەی لەوەی بەئاگای دەهێنێتەوە، هەمیشـە هەوڵـدەدات ڕەفتـاری خـۆی بگونجێنێـت لەگـەڵ ئەوانـەدا.

لەنـاو خێزانـدا فێـری زمانـی نەتەوەیـی خـۆی دەبێت، گـەر فێریـش بـوو لەڕێگـەی ئـەوەوە بیـرو بۆچـوون و هـزری گەورەکانـی بـۆ دەگوێزرێتـەوە، کارتێکـراو دەبێـت بەوانـە، زانیارییەکانی گەشـە دەکات بەگوێرەی ئاستی ڕۆشـنبیریی خێزانەکـەی.

منـاڵ لەنـاو خێزانەکەیـدا هەمـوو ئـەو شـتانەفێر دەبێت کە پێویسـتی پێیەتـی، بۆیـە دەیـان بینیـن هەمیشـە زۆر پرسـیار دەکـەن، زۆر دەجوڵێن و دەپشـکنن، هەمیشـە پەنادەبـەن بۆ بـاوک و دایـک و خوشـک و بـراکان پرسـیاریان لێدەکـەن و لاسـاییان دەکەنـەوە وەک ڕابـەر و ڕێنوێـن سـەیریان دەکـەن.

newalname.com/ku

## فەرمانەکانی خێزان:-

دەتوانین گرنگترین کارەکانی خێزان لەبەرامبەر ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکەیدا لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە.

١. بارهێنان و ئامادە کردنی مناڵ بۆ هاوبەشیکردنی لە ژیانی کۆمەڵگەدا، لەڕێگەی پەروەردەکردنی کۆمەلایەتییەوە.

٢. ئەزموونە خێزانییەکان بەوە دەناسرێنەوە کە نیشانەی بەردەوامی و دووبارە بوونەوەیان هەیە، چونکە منال کاتێکی زۆر لەناو خێزاندا بەسەر دەبات زۆرتر لەهەر ناوەندێکی تر.

٣. خێزان ڕێگاو شێوازەکانی گونجان لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەبەخشێتە منال، ئەزموونە یەکەمەکانی لەگەڵ ژیاندا بۆ سازو ئامادە دەکات.

٤. منال لە خێزانەکەیەوە، پرەنسیپەکانی ڕەووشت و ڕێگاکانی ڕەفتار کردن فێر دەبێت ئەو جیاوازییەی لەنێوان خەڵکیدا دەردەکەوێت لە ڕەفتار و گوفتاردا، لایەنێکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ خێزان و شێوازی ژیانی.

hevalname.com/ku/

٥. منـاڵ لەخێزانـەوە فێـری زمـان و گوزارشـت کـردن و ڕێگەکانـی قسـەکردن دەبێـت، هەتـا کەلتـوورو داب و نەریتەکانـی زمـان لەنـاو خێزانـدا ڕوون و ئاشـکراو ورد بێـت منـاڵ دەتوانێـت گوزارشـتی دروسـت تـر بـکات.

٦. منـاڵ لەخێزانـەوە فێـری واتـای سـۆز، هـاوکاری، قوربانـی دان و ڕێـز گرتـن لەبەرامبـەر فێـر دەبێـت.

٧. خێزان پاڵپشتی لە تاکەکانی دەکات لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە.

## ڕۆڵی خێزان لە ژینگەپارێزیدا:-

لەسـەر ئـەو فرواتانـەی کـە پێشـتر باسـکراو خێـزان پێـی هەڵدەسـێت لەبەرامبـەر تاکەکانیـدا، دەتوانیـن بڵێیـن کـە خێـزان بەگرنگتریـن دامـەزراوەی کۆمـەڵ دادەنرێـت بـۆ ئامادەکردنـی تاکـەکان لـەڕووی ژینگـە پارێزییـەوە، وە ئامادەسـازییان تیـا دروسـت بـکات، کـە هەڵبسـێنینەوە بیپارێـزن لەمەترسـی، بەهاکانـی پاکوخاوێنـی وەربگـرن، ڕابەری بکەن لەبەکاربردن و هاوکاریدا وە لەهەموو ئەوانەدا کەبەئەرێنـی ڕەنـگ دەدەنـەوە لەسـەر ژینگـە، لەخـوارەوە ڕوونکردنـەوە هێمـا ئامێـز دەدەیـن لەسـەر ڕۆڵـی خێـزان

hewalname.com/ku/

لەژینگە پارێزیدا، ئەویش لەڕێگەی ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی خێزان لەڕووبەڕووبوونەوەی (٣) کێشە سەرەکییەکەی ژینگە، زۆربوون و تەقینەوەی دانیشتوان،پیسبوونی ژینگە، لەبنهێنانی سەرچاوە ژینگەییەکان، ئەوەی کە پێویستە وەبیری بهێنینەوە، ڕۆڵی خێزانە وەک هەر دامەزراوەیەکی تری کۆمەڵگە دوو ڕەهەند وەردەگرێت:-

أ- رەهەندێکی پارێزگاری (بەمەبەستی نەهێڵانی ڕوودانی کێشە ژینگەییەکان).

ب_ ڕەهەندێکی چارەسەری (بەمەبەستی سووککردنی توندی کێشە ژینگەییەکە، ڕووبەڕووبوونەوەی و بەرگری لێکردنی بەم شێوەیەی خوارەوە:-

## ١. رووبەڕووبوونەوەی تەقینەوەی دانیشتوان:-

بەو پێیەی ئەمە مەترسیدارترین کێشەی ژینگەییە، چونکە زۆر بوونێکی گەورە هەیە لە تێکڕاکانی دانیشتواندا، بەهۆی بەرزی تێکڕاکانی لەدایکبوون و نزمی تێکڕاکانی مردن، هۆی ئەم کێشەیەش نەزانینە، ئایینە، داب و نەریت و کەلتوورە، لاوازی هۆیەکانی ڕێکخستنی خێزانییە خێزان خاڵی چەقبەندی و کۆڵەکەی چارەسەرکردنی کێشەی

hewalname.com/kurd

تەقینـەوەی دانیشـتووانە لەڕێگای ئەنجامدانـی هەندێک چالاکییـەوە لەوانـە:-

ا- ڕێکخستنی زاووزێ و منداڵبوون.

ب- درێژکردنـەوەی ماوەی شیردان و هاندانی شیردانی سروشتی.

ج- هۆشـیار کردنـەوەی نـەوەکان بـە مەترسـییەکانی تەقینـەوەی دانیشـتووان، گفتوگـۆ کـردن لەگەڵیانـدا لەسـەر ئـەم پرسـە.

د- بەگـژدا چوونـەوەی هاوسـەرگیری پێـش وەخـت، بەتایبـەت بـۆ مێیینـەکان.

ە- هاندانـی خوێنـدن ئاسـانکردنی هـەل بـۆ خوێنـدن بەتایبـەت بۆ ئافرەتـان بەوەش هەلی زوو شـوو کـردن کـەم دەبێتـەوە

## ٢. ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی پیسبوون:-

منالانـی نـاو خێزانەکـە لەڕێگـەی گوزەرانیـان لەگـەڵ خێزانەکەیانـدا فێـری ڕەفتـار دەبـن، بەتایبـەت لەڕێگـەی دایکیانـە و، پـەروەردە بـە کەلتـوورو لاسـایی کردنـەوە

hewalname.com/ku/

وەختـە ببێتـە گرنگتریـن هۆیەکانـی پـەروەردە کـە خێـزان پەنـای بـۆ دەبـات لـە دروسـت کردنـی ئاڕاسـتەی ئەرێنـی لای منالْ لـە ئاست ژینگە، خێزان ڕۆڵی هەیە لەچارەسـەر کردنـی ئـەو کێشـانەی تووشـی ژینگـە دەبێت، هەندێـک شـێوازی خـۆی هەیـە دەتوانێـت بـەکاری بهێنێـت بـۆ بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری ژینگەیـی لای منـالآن، بەتایبـەت بـۆ ئـاوو پیسـبوونی ئـاو بـۆ نموونـە:-

آ. دایـکان و بـاوکان بەنموونەیـی مامەڵـە لەگـەڵ ئـاودا بکـەن بەفیـڕۆی نـەدەن و پیسـی نەکـەن.

ب. نابێـت دایـکان و بـاوکان بێزاربـن لەئامـۆژگاری و ڕێنوێنـی و وەبیرهێنانـەوەی ڕۆڵەکانیـان بەگرنگـی ئـاو.

ج. پیویسـتە دایکان و باوکان ئاماژە بکەن بۆ جومگەکانی پیسـبوون لەپرسـەکانی ئـاودا، ڕێنوێنـی منالّەکانیـان بکـەن دەربـارەی سـەرچاوەکانی پیسـبوون.

د. ڕێکخسـتنی ئاودانـی ڕووەکەکانـی باخچـەی مالّـەکان، بەکارهێنانـی ڕێگـەی دلۆپانـدن، وە ڕاڤـە کردنـی ئـەو کارانـە بـۆ منالّـەکان.

ە. دەبێـت بـاوکان و دایـکان بەهـای پاکـو خاوێنـی و گرنگییەکـەی لەدەروونـی منالآنـدا بچێنـن.

و. دەبێت باوکان و دایکان هاوبەشی بە منداڵەکانیان بکەن لەئاگادار کردنەوەی دەسەڵات لەهەر بەفیڕۆدان و لێچوون و دزەکردنی ئاودا.

## ٣. ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی لەبنهێنانی سەرچاوە ژینگە:-

سەرچاوەکانی ژینگە بەهەموو جۆرەکانییەوە کانگای خێروخۆشین، مرۆڤ لەڕێگەی ئەمانەوە، بنەماکانی ژیانی دەست دەکەوێت، بەڵام مامەڵەی ناعەقڵانی مرۆڤ لەگەڵ ئەم سەرچاوانەدا هەندێکی خراپ کردووە و کۆمەڵێکیشی لێ پیس کردووە، بۆتە هۆی لەناوچوون قڕبوونی هەندێک جۆرە بوونەوەری زیندوو، وە بۆتە هۆی کەم بوونەوەی تەمەنی گریمانەیی بۆ زۆرێک لەسەرچاوەکانی وزە و کانزاکان، لێرەدا خێزان ڕۆڵی گەورەی هەیە لەڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی لەبنهێنانی سەرچاوە ژینگەییە جیاوازەکان بەهەموو شێوەکانیەوە، هەمیشەییەکان، نوێبووەوەکان ئەوانەشی نوێ نابنەوە، خێزان هاوبەشی دەکات لەدروستکردنی ئاڕاستە ئەرێنییەکان لەلای منالان بەرەو ژینگە و پێکهاتەکانی، وەپاڵپشتی کردنی بەهاکانی پاکوخاوێنی، زۆرێک لەچەمکە

hewalname.com/ku/

ژینگەکان منااَل لـە مالـەوە فێری دەبێت، وەک چۆنێتی خـۆ رزگار کـردن لـە پاشـەڕۆ ڕەقـەکان بەرگرتـن لەسـووتان، بایەخدان بەڕووەکی باخچەی مالّـەکان، یان بایەخدان بـە ئاژەلّـە مالّییـەکان.

hewalname.com/ku/

# بەشی حەوتەم

## ڕۆڵی خوێندنگە لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## ڕۆڵی خوێندنگه له هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا

ئەگەر پەروەردە ئامرازێکی دوورمەودا ئامادە بکات، لەپەروەردەکردن و نەوەیەک، کە ئامادەکردنێکی پەروەردەییانە و کۆک بێت لەگەڵ بەها ڕەسەنەکاندا، چەمکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی لای نەوەکان بچەسپێنێت و هانی ڕێزگرتن و پێزانینی ژینگە بدات، ئەوا واتای ئەوەیە پەروەردە بەهەموو دامەزراوەکانیەوە (خوێندنگەکان، زانکۆکان، مزگەوتەکان و یانەکان) لەسەریان پێویستە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو ببینن لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە دا، لێرەوە خوێندنگە بۆتە وێستگەی بایەخپێدان و چاودێری هەمووان، کە هەوڵبدەن لە ڕێگەی خوێندنگەوە نەوە تازە پێگەیشتووەکان هۆشیاربکەنەوە و گرنگی ژینگە پارێزیان تێبگەیەنن.

hewalname.com/ku/

## فەرمانەکانی خوێندنگە:-

خوێندنگە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ٣ فەرمانی سەرەکی هەیە، فەرمانی تەواوکاری، فەرمانی ڕاستکردنەوە، فەرمانی هاوئاهەنگی، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە:-

### ١. خوێندنگە ئامرازێكی تەواوكەرە:

خوێندنگـە ئەوانـە تـەواو دەكات كـە دامـەزراوە كۆمەڵایەتییەكانـی تـر دەسـتی پێكـردووە، لەپێـش هەموویانـەوە خێزانـە، ئـەوەش لـە كارەكانـی پەروەردەیـیو ئاراسـتەكردندا.

### ٢. خوێندنگە ئامرازێكی ڕاستكردنەوەیە:

خوێندنگـە ئـەو هەڵـە پەروەردەییانـە ڕاسـتدەكاتەوە، كـە ڕەنگـە دامـەزراوە و دەسـتە كۆمەڵایەتییەكانـی تـر بیكـەن، ئەگـەر كـەم و كـوورِی هەبـوو چارەسـەری دەكات، ئەگـەر بۆشـاییەك هەبـوو پـڕی دەكاتـەوە.

### ٣. خوێندنگە ئامرازێكی هاوئاهەنگی كردنە:

خوێندنگـە كاری هاوئاهەنگـی پێكـەوە گونجانـی ئـەو هەوڵانـە دەكات كـە دامـەزراوە و دەزگا كۆمەڵایەتییەكانی تر كردوویانـە لـە پێنـاو پەروەردەكردنـی تـازە پێگەیشـتوواندا، لـە پەیوەندیەكـی بەردەوامـدا دەبێـت لەگەڵـی، بۆئـەوەی ڕێنوێنـی بـكات بـۆ باشـترین شـێوازی پەروەردەیـی، گومانیش لـەوەدا نییە كـە خوێندنگە سـەرچاوەی بنچینەیـی هەمـوو ئەوانەیـە كـە پەیوەندیـان بـە پرۆسـەی پـەروەردەوە هەیـە.

## ڕۆڵی خوێندنگە لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا:-

لە سۆنگەی ئەو فرواتانەی خوێندنگە کە پێشترباسکرا، وە لەبەر ڕۆشنایی ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکەی خوێندنگە دەتوانێت ڕووبەڕووی هەندێ کێشەی ژینگەیی ببێتەوە، بە فەرمانە چاکسازییەکەی خۆی دەکات لە ڕێگەی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەوە.

هەمووان ئاگاداری گرنگی ئەو ڕۆڵە چاکسازییەن کە خوێندنگە دەیگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکاندا، وەک کێشەی پیسبوونی ژینگە، کێشەی بە بیابان بوون، کێشەی ڕاماڵینی خاک وە کێشەی نەهێشتنی دارستانەکان..... هتد.

hewalnama.com/ku/

لەبەر ئەمەیە دەنگ بەرز دەبێتەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە کێشە ژینگەییەکان بخرێنە ناو چوارچێوەی پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە بە جیاوازی جۆرەکانیەوە، وەک پڕۆگرامەکانی پەروەردەی ئاینی، زمانەکان (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی)، زانستەکان، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان (مێژوو، جوگرافیا)، بیرکاری، پەروەردەی هونەری، بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی، ئابووری ناوماڵ

(ماڵداری) هەربابەتێکی تر کە قوتابی لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا دەیخوێنێت.

هەندێ داوادەکەن پرۆگرامی تایبەت هەبێت بە (پەروەردەی ژینگەیی، بە هەموو ئەوانەی ڕووبەڕووی ژینگە دەبنەوە لە کێشە و پرسە ژینگەییەکان، وە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشە ژینگەییەکان، یەکەم جار جەخت دەکرایەوە لەسەر پرۆگرامە نیشتمانی و نێو دەوڵەتیەکە بۆ مەشقپێکردنی شارەزایان و تەکنۆلۆجیاییەکان، یان دووبارە مەشقپێکردنەوەیان بە جۆرێک کە لە ئاست پێداویستیەکانی کارمەندە پسپۆڕەکاندا بێت، بەڵام دوواتر زۆر بەڕوونی دەرکەوت کە چارەسەرکردنی کێشەکان بە تەنها بەدەست پسپۆڕەکان نییە هەرچەندە لێوەشاوەییان زۆر بێت، ناتوانێت چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشە ژینگەییەکان بدۆزرێتەوە هەتا دەستکاری هەموو بوارەکانی فێرکردن نەکرێت لەهەموو قۆناغەکاندا، بەجۆرێک کاریگەری ئەرێنی هەبێت لەسەر فێرخوازەکان بەرەو ژینگە، کە دوواتر بایەخدان بە ژینگە ببێتە بەشێک لە ڕەفتاری تاکەکان و کۆمەڵگە بە گشتی.

بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین، ئەو واقیعەی ئێستا تیای

دەژین دەیسەپێنێت بەسەرماندا کە کێشە ژینگەییەکان بە ڕەهەندە ماتریالی و مەعنەوییەکانیەوە، بە جۆرێکن وا لە دامەزراوە پەروەردەییەکان دەکەن کە دەستەوسان بێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا، ئەمەش بە ڕای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پڕۆگرامێکی ڕۆشن و پلانێکی ئاشکرا و ڕوون و خاوەن ئامانجێک کە بەئاسانی بەدیبێنێت، هەروەها نەبوونی چەمکی ڕاستەقینەی پەروەردەی ژینگە لای ئەو دامەزراوانە، باسی ڕۆڵی خوێندنگە لە پەروەردەی ژینگەییدا لە سێ لایەنەوە دەکەین ئەوانیش مامۆستا، چالاکییە ژینگەییەکانی خوێندنگە و پڕۆگرامەکانی خوێندن.

## یەکەم / مامۆستا و هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی:-

مامۆستا بە کلیلی سەرەکی سەرکەوتنی هەموو پڕۆسەی فێرکاری دادەنرێت، بۆیە پێویستە قەناعەتی بە گرنگی و پاساوی پڕۆگرامە ژینگەییەکان هەبێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە قەناعەتی هەبێت بە گرنگی ژینگە و پێکهاتەکانی وە ڕۆڵی ژینگە، هەروەها پێویستە ئەو مامۆستایە لە ئاستێکی بەرزی لێوەشاوەیی و لێهاتوویی بێت هەتا شیاو بێت بۆ فێربوونی ژینگەیی بیخاتە کار لە ژیاندا.



hewanname.com/ku

دەبێت بە توانا بێت لە دەستنیشانکردنی ڕێگا و شێوازە گونجاوەکانی وانە وتنەوە جۆراو جۆرکردنی پڕۆگرامەکانی پەروەردەی ژینگەیی، ئەوەی کە لە ڕێگەیەوە چاوەڕوان دەکرێت ئامانجە ژینگەییە خوازراوەکان بەدیبهێنێت.

لەبەرئەوەی ئەدەبیاتی فێرکردنی ژینگەیی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە فێرکردنی ژینگەیی باس لە سێ لایەن بکات ئەوانیش:

أ. فێرکردن دەربارەی ژینگە (زانیاری و زانست).
ب. فێرکردن لە ژینگەوە (شارەزاییەکان).
ج. فێرکردن لەپێناو ژینگە (بەها و ئاراستەکان).

ئەمە واتای وایە پێویستمان بە ژۆرێکی کۆ و گشتگیر هەیە، وە پێویستمان بە گۆڕینی مۆدیلە ستوونیەکەی زانیاری هەیە بیکەینە مۆدیلێکی ئاسۆیی فێرکردن، بە جۆرێک مامۆستا ببێتە سەرپەرشتیار لەسەر ئاسانکردنی ئەو ڕێگەیەی کە کاردەکات بۆ:-

١. پتەوکردنی چەمکی پێزانینی خود لای قوتابیان، وە پتەوکردنی بەرپرسیارێتی تاکی.

٢. هاندانی فێرکردنی بە تیمی هەرەوەزی، وە

پەسـەندکردنی ئەوانی تـر لـە تیمێکدا، وە بەرگەگرتنـی ئەوانـی تـر.

٣. گەشـەپێدانی خەیـاڵ و هەسـتی مامۆسـتا سـەرباری بەڵگـە هێنانـەوە و شـیکردنەوە.

٤. یارمەتی دانی قوتابیان بۆ دۆزینەوەی خودی خۆیان، بەهاکانیـان، دیمەنەکانیـان، گریمانەکانیـان لـە ڕێگەی ئەوانی ترەوە.

٥. هاندانـی قوتابیـان بـۆ مەزەندەکـردن و پێزانینـی پەیوەندیـە بەیەکداچـووەکان لـە مەیدانـی پرۆگرامەکانـدا، سـەرباری مەزەندەکردن و پێزانینی پەیوەندیە بەیەکداچوو و وابەسـتەییەکان لـە مـرۆڤ و جیهانـدا.

سـەرباری ئـەوەی هـەر هەوڵێـک مامۆسـتا ئەیـدات لـە بـواری جێبەجـێ کردنـی پرۆگرامەکانی خوێندنگەدا پێویسـتی بـە پلاندانانـی دروسـت هەیـە، دەبێـت پشـت ببەسـتێت بـە لێکۆڵینەوەیەکـی زانسـتیانە و بیرکردنەوەیەکـی دروسـت بۆیـە لەسـەر مامۆسـتا پێویسـتە:

١. لێکۆڵینـەوەی پرۆگرامەکانـی خوێنـدن ئـەوەی لـە جێبەجێکردنـی بەرپرسـە لەمـاوەی سـاڵی خوێندنـدا

لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ڕەخنە ئامێز، بەمە شارەزایی هەموو لایەنە ژینگەییەکانی ناوی دەبێت.

٢. گەیشتن بە بڕیارێک دەربارەی ئەوەی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەی پراکتیکی هەیە، ئەویش لەڕێگەی هەندێک چالاکی دیاریکراوەوە.

٣. دەستنیشانکردنی شێوەی چالاکییە گونجاو و لەبارەکان.

٤. گفتوگۆ کردن لەگەڵ قوتابیاندا دەربارەی ئەو چالاکیانە.

٥. دانانی وێنایەکی گشتگیر لەسەر هاوبەشیکردنی بە کۆمەڵ.

٦. هەڵبژاردنی دەستە جەمعی ژمارەیەک چالاکی لەبار و گونجاو، ئەوەی دەکرێت جێبەجێ بکرێت لەساڵی خوێندندا.

٧. دانانی پلانێکی کاتی بۆ جێبەجێ کردن.

ئەمانە هەموو دەخوازێت کە مامۆستا ڕەفتاری فێرکاری خۆی چاک بکات ئەویش لەڕێگەی:-

- گۆڕان لە دید و بۆچوونیاندا سەبارەت بە فێرخواز.

hewalname.com/ku/

- گۆڕان لە ڕەفتاری ئێمەدا وەک ئاماداکاری مامۆستایان لە پێش ڕاژە و لەدووایيدا.

- پێشنیازکردنی شێوازێکی مەشقکردنی نوێ، هاوچەرخ و گونجاو.

- پێشنیازکردنی شێوازێکی پرۆگرامەکان بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان لە مادە و لە بابەتەکەدا.

- پێشنیازکردنی شێوازێکی پرۆگرامەکان لە پەروەردەی ژینگەییدا.

- دامەزراندنی بەرنامەی مەشق پێکردن، سەبارەت بە ژینگە خۆجێی و جیهانیەکە، بەمەبەستی پەرەپێدانی مەشقکردنی خوێندنگەییە.

hewalname.com/ku/

## دووەم / چالاکییە ژینگەییەکانی خوێندنگە:-

چالاکیەکانی خوێندنگە شوێنێکی نایاب و جیاکەرەوە داگیر دەکات لە پرۆگرامەکانی خوێندنگەدا، ئەوە بە واتا فراوانەکەی، گەر سەیری بەرنامەکانی خوێندنگە بکەین وەک کۆ سیستەمێکی گشتگیر و تەواوکەر، دەبینین لە چەند لایەنێک و چەند توخمێک پێکهاتووە، دەتوانین

هەست بە گرنگی چالاکی بکەین لەو ڕووەوە کە بەیەکێک لەو توخمانەی دابنێین، مەبەست لە چالاکی (هەموو ئەو هەوڵانەیە کە فێرخواز دەیدات بەهاوبەشی لەگەڵ هاوڕێکانی وە بە ڕێبەری ئاڕاستەکاری مامۆستاکەی) پاشان ئەو چالاکییانەی دەتوانین بەجێیبگەیێنین لە بواری پەروەردەی ژینگەییدا ئەمانەن:-

١. پشت ببەستێت بە مادەیەکی زانستی لەناو کتێبی خوێندنگەدا.

٢. لەلای مامۆستاکەوە پەسەند بکرێت و هانبدرێت.

٣. بواری پیادەکردنو پراکتیزەکردنی هەبێت لە ژینگە خۆجێییەکەدا.

٤. جێگەی پێزانین بێت لەلایەن مامۆستاکەوە.

٥. پشت ببەستێت بە کاری هەرەوەزی بەوەی مامۆستا هاوبەشی بە قوتابییەکانی بکات.

٦. بخرێتە ژێر هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی بەردەوامەوە لەلایەن مامۆستا و قوتابیەکانەوە.

لەمەوە دەردەکەوێت کە چالاکی لە بواری پەروەردەی

hewalname.com/kurd

ژینگەییدا ئامانجی هاوبەشیکردنی کارایە لەلایەن ماموّستاوە، چالاکیەکانی پەروەردەی ژینگەیی جیاوازە لەو چالاکیانەی کەوابەستەی پڕۆگرامەکانی خوێندنە، پەروەردەی ژینگەیی لەلایەنە کۆمەڵایەتی، زانستی، ئابووری، ڕۆشنبیری و تەندروستی بەسەردا زاڵە، ئەمەش لە ماموّستا دەخوازێت کە بتوانێت لەگەڵ تیمدا کاربکات، وە هەست بە سروشتی ئەو چالاکییە بکات کە لەناو پۆلی خوێندندا و لەگەڵ قوتابیەکانی خۆی پیادەی دەکات، کارکردن لەگەڵ تیمدا شارەزاییە، پێویستە ماموّستا بیزانێت و فێری ببێت، دەبێت بیشی گوێزێتەوە بۆ قوتابییەکانی.

## پێوەرەکانی هەڵبژاردنی چالاکی ژینگەیی خوێندنگە:

چەند پێوەرێک هەیە لەسەر بناغەی ئەوانە چالاکییە ژینگەییەکە هەڵدەبژێردرێت، ئەو پێوەرانەش ئەمانەن:

١. گرنگی.
٢. هەستکردن بە مەترسی.
٣. بڵاوبوونەوە.
٤. هەستکردن بە جوانی.

hewalname.com/ku/

٥. وابەستەیی بە ئایندەوە.

٦. دەستەبەربوونی داتا و زانیاری.

٧. وابەستەیی بە ئامانجە گشتییەکانی قۆناغە فێرکارییەکەو پرۆگرامەکانی خوێندنگەوە.

٨. جێبەجێ کردنی چالاکیە ژینگەییەکان و هەڵسەنگاندنیان وڕاستکردنەوەیان.

**چالاکیە ژینگەییەکانی دەخوازێت هەندێک کار بکرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان وەک:-**

١. مامۆستا لێکۆڵینەوەیەکی ئاگاییانە دەکات بۆ بواری لێکۆڵینەوە کە ئەوەش بۆ دەستنیشان کردنی جێگەکە، کێشەکان و مەترسییەکان.

٢. لە چوارچێوەدان بۆ دیاریکردنی هەموو سەرچاوەکانی ئەو داتا و زانیاریانەی کە قوتابی پێویستی پێیەتی لە قۆناغی جێبەجێ کردندا.

٣. دۆزینەوەی سەرچاوەی تر، کە جیاوازبێت لە پرۆگرامەکانی خوێندن، وە مەودای پێویستیی بە هەوڵی هاورێیان.

٤. دیاریکردنی سەرچاوە مرۆییەکان ئەوانەی کە ڕەنگە قوتابییەکان پەنای بۆ بەرن.

hewalname.com/ku

٥. دیاریکردنی ئەو چالاکیانەی کە پێویستە لەناو خوێندنگەدا بکرێت وەک تەواوکەرێکی ئەو چالاکیەی کە قوتابییەکان لەدەرەوەی خوێندنگەدا دەیکەن.

٦. دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیەکان.

٧. دانانی پلانێکی گونجاو بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوە، لەگەڵ چڕکردنەوە لەسەر شێوازی هەڵسەنگاندنی خۆی و هەڵسەنگاندنی بە کۆمەڵ.

ئەو سەرچاوانەی کە چالاکی ژینگەیی خوێندنگەوە پێویستی پێیەتی:

١. ڕۆژنامەو گۆڤارە زانستییەکان.

٢. سیمینارو کۆنفرانسەکان.

٣. وەرزە ڕۆشنبیرییەکان.

٤. بەرنامەکانی کۆمپیوتەر.

٥. ماس میدیاکان.

٦. ئنسکلۆپیداکان.

## سێیەم / پرۆگرامەکانی خوێندن:-

پرۆگرامەکانی فێرکردنی ژینگەیی زۆرترین توخمی فێرکارییە کە کار دەکاتە سەر بونیادی رەفتاری تاک



hewalname.com/ku

لەئاست مامەڵەی لە ژینگەکەیدا بۆیە زۆرێک لەدەوڵەتان بایەخی زۆر دەدەن بەم پڕۆگرامانە لەرێگەی باش هەڵبژاردنی چەمکە ژینگەییەکان کە لەبارو گونجاو بێت لەگەڵ تەمەنی قوتابیان وئاستی عەقڵیاندا لەگەڵ جوراو جۆریەتی چالاکیە ژینگەییەکان.وە سود وەرگرتنی تەواو لەسەرچاوەکانی خوێندنگە بو فێرکردنی ژینگەیی و هیتر.

بایەخدان بە پەروەردەی ژینگەیی زۆرترچر کراوەتەوە لەسەر قوناغەکانی یەکەمی فێرکردنی گشتی بەتایبەتی لەقۆناغی سەرەتاییدا، چونکە لەم قۆناغەدا بە ئاسانی رەفتاری منداڵ کاری تێدەکرێت و دروست دەبێت. بونیادنانی ئاراستە ئەرێنیەکان بەرەو زۆر تێگەیشتنی لە ژینگەو مامەڵە کردنی لەگەڵیدا.

هێنانە ناوەوەی چەمکە ژینگەییەکان بۆناو پرۆگرام بە شێوەیەکی هەرەمەکی ڕوونادات وەک ئەوەی لەزۆرێک لەپرۆگرامەکلاسیکیەکاندا روودەدات چونکە هەندێک چەمکی ژینگەیی لەبابەتە زانستیەکاندا دەخوێنرێت هەندێکی تر لەبابەتی ئایین، یان بابەتە کۆمەڵایەتیەکاندا دەخوێنرێت، ئەوەی خوازراوەو داوا کراوە ئەوەیە کە پرۆگرامی زانستی ژینگەیی لەچوارچێوەی ستراتیژێکی

hewalname.com/kurd

تەواوکاریدا دابمەزرێت، تەنها لەسەر ئەوە نەوەستێت کەچی بە قوتابیان بگوترێت، بەڵکو دەبێت چڕکردنەوەکە لەسەر ئەوە بێت وانە وتنەوەی پەروەردەی ژینگەیی بەشێوەیەک بێت رەفتاری نمونەیی لەدەرونی تازە پێگەیشتووەکاندا پتەوو جێگیر بکرێت. دروستکردنی ئاراستەو ئاقاری ژینگەیی واتای ئامادەکردنی مامۆستایە هەتا بەتواناو شارەزابێت لەچۆنێتی وتنەوەی زانستەکان، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، زمانەکان...هتد.

ئەوەش لە ڕێگەی ڕەنگاو ڕەنگکردنی چەمکی ئەم بووارانەی خوێندن بە چەمکە ژینگەییەکانەوە، بۆیە مامۆستای زانستەکان ناتوانێت چەمکە ژینگەییەکان بە قوتابیانی بڵێتەوە ئەگەر بۆ ئەم کارە ئامادە نەکرابێت، حاڵی مامۆستاکانی بابەتەکانی تریش هەروایە.بۆیە زۆر پێویستە پەروەردە ستراتیژێکی وەها دابنێت، یان چوارچێوەیەکی وا دروست بکات کە هەمووان ڕێکبکەون لەسەری لەڕووی هێنانە ناوەوەی چەمکی ژینگەیی لە بواری پەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندندا، بە جۆرێک هاوبەشی بکات لەگەشە پێدانی ئاراستە ژینگەییە دروستەکان لای قوتابی، ڕەفتاری ڕاست بکاتەوە،

بەتایبەت ئێستا ئێمە ئەو دەست درێژی و کارە خراپانە دەبینین کە لاوان لەگەڵ ژینگەدا دەیکەن، وەک وێرانکردنی خاوەندارێتییە گشتییەکان، بڵاوبوونەوەی جگەرەکێشان و مادە هۆشبەرەکان، کاولکردنی باخچە گشتییەکان، ڕووداوە تۆقێنەرەکانی هاتوچۆ....هتد.بێگومان پەروەردە ڕۆڵی بنچینەیی دەبینێت لە چارەسەرکردنیدا.

ئەم ستراتیژە دەبێت چڕکردنەوە تیایدا لەسەر بەدەست هێنانی ئامانجە نیشتمانیەکان بێت لە پەروەردە و فێرکردندا وە لەسەر ئەم لایەنانەی خوارەوە بێت:-

١. دەبێت تاکەکان بابەتەکانی پرۆگرامی بابەتەکانی خوێندن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدی دارن وەک زانستەکانی بایۆلۆژی، کیمیا، فیزیا لە ئامانجە پەروەردەییە گەورەکەوە وەرگیرابن، بکرێنە بەڵگە و نیشانە بۆ پەرەسەندن و گەشەپێدانی.

٢. ئامانجە پەروەردەییە گەورەکەی پەروەرودەو فێرکردن ئەو چەمکانە لەخۆبگرێت کە پەیوەندیان هەیە بە پەروەردەی ژینگەییەوە، بۆ گشتاندنی ڕۆشنبیری پەروەردەی ژینگەیی، وە پارێزگاری کردنی و پاراستنی لە کۆمەڵگە خۆجێیەکەماندا.

hewanaine.com/kurd

٣. شیاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن بە گشتی، بەتایبەت پرۆگرامەکانی فێرکردنی گشتی، سەرەتایی و دواناوەندی والێبکرێت بتوانێت نەوەکان ئامادە بکات و پێیان بگەیەنێت و مەشقیان پێبکات لەسەر رۆشنبیری ژینگەیی بەشێوەیەکی دروست و باش، بۆ ئەوەی بە کرداریی بتوانن هاوبەشی بکەن لە پرۆسەی بایەخدانی دروست بە ژینگە خۆجێییەکەیان بە جۆرێک ببێتە هاوبەش و هاوکار لە دروستکردنی ژینگەیەکی باش بۆ ژیانی مرۆڤ بەبێ ترس دوور لە هەموو رواڵەتێکی مەترسیدار و دوور لەو هەرەشانەی کە لە پیسبوونی ژینگەییەوە پەیدا دەبێت.

٤. مەشقپێکردن و شیاندن و راهێنانی مامۆستا لە بواری پەروەردەی ژینگەییدا، بۆئەوەی وایلێبکرێت بتوانێت هاوبەشی کارابکات لە بەڕێوەبردنی رۆشنبیریی ژینگەیی لە خوێندنگەکەیدا، پارێزگاریکردن لێی لە کۆمەڵگە خۆجێییەکەدا، لە پێناوی سەلامەتی ژینگەکەدا هێشتنەوەی بە جۆرێکی وابێت کە باش بێت بۆ ژیانی خۆشگوزەرانی و گەشەکردنی بەردەوام.

٥. هاوبەشیکردنی خوێندنگە (بەڕێوەبەرایەتی، مامۆستا و قوتابی) لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هۆشیاری

کۆمەڵگەیی لە بواری هۆشیاری لەسەر چەمکی ژینگەیی و پارێزگاری لێکردنی ئەوەی کە لە کۆمەڵگە خۆجێییەکەدا دەکرێت ئەوەش لەپێناو پێکەوەو هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕۆشنبیری ئاینی لە دروستکردنی ژینگەیەکی خاوێن دوور لە پیسبوون و ئەو مەترسیانەی کە زۆر هەڕەشەن لەسەر پێکهاتەکانی ژینگە، وە دۆزینەوەی جۆرێک لە هاوسەنگی دروست لەنێوانیاندا بۆ دروست کردنی ئاو و هەوایەکی ژینگەیی و ژیانێکی ژینگەیی تەواو.

٦. دانانی کتێبیکی بچووک کە تایبەت بێت بە پەروەردەی ژینگەیی هەتا ببێتە ڕێنیشاندەری تیۆری و کرداری، یارمەتی مامۆستا و قوتابی بدات لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی تاکەکانی ڕۆشنبیری ژینگەیی لە ناو خوێندنگە و ماڵ و کۆمەڵگە خۆجێیەکەدا وەک یەک، ئەم کتێبە هەموو ئەو پەرەسەندنانە لەخۆ بگرێت دەربارەی، چەمکەکان و بیرۆکە سەرەکیەکانی پەیوەندیدار بە ڕەهەندە سروشتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکانی ژینگەی مرۆڤەوە، هاوشێوەی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی جیهان لەم بوارەدا، بۆ نموونە ئەزمونی ئەو کتێبولکەیەی کە د.دیڤید-ڕاوێژکار لە خوێندنگەی مادیسۆنی فەرمی ئەمەریکایی- دایناب‌وو

newalname.com/ku/

لە چوارچێوەی بەرنامەکانی یونسکۆ، دوواتر د.راینس-پسپۆڕ لەپەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی ژینگەیی-دایناوە و پێیداچووە، بەو واتایەی ڕێنیشاندەرێکی پەروەردەییە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، ڕاسپاردەی ژمارە -٢-کۆنگرەی بەتلیسی پێشنیازی پرانسیپەکان و کارە سەرەکییەکانی کرد بۆ بەرنامەکانی پەروەردەی ژینگەیی و پڕۆگرامەکانی-لەکاتی دامەزران یان وتنەوەیدا-ئەو پرانسیپانەش ئەمانەن:-

١. دەبێت بە شێوەیەکی کۆ و گشتگیری سەیری ژینگە بکرێت، واتە وەکو یەکەیەکی تەواو کار لە هەموو لایەنە سرووشتی، ژێواری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەکنۆلۆجیای، سیاسی یاسادانان، مێژوویی، و ڕۆشنبیری و جوانییەوە.

٢. دەبێت پەروەردەیی ژینگەیی پڕۆسەیەکی بەردەوام بێت بەدرێژایی ژیان، بەجۆرێک لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێبکات بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سیستەماتیکی (سەرەتایی، دووناوەندی، ئامادەیی، خوێندنی باڵا) وە ناسیستەماتیکیەکانیش.

٣. نابێت پڕۆگرامەکانی پەروەردەی ژینگەیی تەنها لقێک لە لقەکانی زانست بگرێتەوە بەڵکو دەبێت بە پڕۆگرامی



newalname.com/ku

پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان لقە جیاوازەکانی زانست وەربگرێت، واتە سوود و هاوکاری وەربگرێت لە ناوەڕۆکە تایبەتەکەی هەموو لقێک لە لقەکانی زانست بۆئەوەی بەئاسانی بگەێنە کۆدیدێک کە هاوسەنگ و تەواوکار بێت

٤. توێژینەوەی کێشە ژینگەییەکان و پرسە گەورەکانی دەبێت لە گۆشەنیگایەکی خۆجێی، نیشتمانی، هەرێمایەتی و جیهانییەوە بێت، بۆئەوەی لای قوتابیان وێنەیەکی ڕۆشنی بارودۆخە ژینگەییەکە دروست ببێت، لەناوچە جوگرافیاییەکانی تریشدا، لەگەڵ تێبینیکردنی جیاوازییە نیشتمانی، هەرێمایەتی و جیهانییەکەدا.

٥. چەق بخرێتە سەر ڕەوشە ژینگەییەکانی ئێستاو ئەگەرەکانی ئایندە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕەهەندە مێژووییەکە.

٦. جەخت کردنەوە لەسەر پێویستی و گرنگی هاوکاری خۆجێی، نەتەوەیی و جیهانی بۆ کەم کردنەوە و سنووردانان بۆ کێشە ژینگەییەکان و چارەسەر کردنیان.

٧. پێویستە ڕەچاوی ڕەهەندە ژینگەییەکە بکرێت لە پلانەکانی گەشەکردن و گەشەپێداندا، دوواتر هەر

گەشـەکردن و پێشـکەوتنێک دەبێت لـە دیدێکی ژینگەییـەوە بپشـکنرێت.

٨. لێکۆڵـەرەوە یـان والیێکرێت ڕۆڵـی خۆیـان هەبێت لـە پلاندانانی چالاکییـەکان و ئەزموونـە فێرکارییەکانیدا، هەلیان بدرێتێ بۆ بڕیاردانی (ژینگەیی) ئەنجام و پاشکەوتەکانی پەسـەند بکـەن.

٩. بەسـتنەوەی هەسـتی ژینگەیـی و زانیـاری ژینگەیـی و شـارەزایی کەفیلـی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی ژینگەیـە، وە ڕوونکردنـەوەی بەهاکانـی پەیوەنـدی دار بەژینگـەوە لەهـەر قۆناغێـک لەقۆناغەکانی تەمەنـدا، لەگـەڵ تێبینـی کـردن چڕبوونـەوە لەسـەر هەسـتی ژینگەیـی لەسـەر ئـەو کۆمەڵگەیـەی قوتابیەکـەی تیـا دەژی ئەویـش لـە تەمەنێکی زوودا.

١٠. یارمەتـی دانـی فێرخـوازەکان بـۆ دۆزینـەوەی نیشـانەکانی کێشـە ژینگەییەکـە، هۆیـە ڕاسـتەقینەکانی کێشـەکە.

١١. جەخت کردنەوە لەسـەر بەلقبوونی کێشـە ژینگەییەکە و بەشـەکانی، بەپێویسـت گەشـەپێدانی بیرکردنـەوەی

hewalname.com/ku

ڕەخنەگرانەی ژینگەیی، وە پرۆسەکانی زانست و شارەزاییە بنچینەیی و تەواوکارییەکانی چارەسەر کردنی کێشەکە یان بەرگرتن لەگەورەبوونی.

١٢. بەکارهێنانی پەروەردەی ژینگەی لە ژینگەی فێرکاری جۆراوجۆرەوە، وە شێوازی جیاواز لە فێرکردن و فێربووندا، دەربارەی ژینگە، لەژینگەوە، لەپێناو ژینگەدا، لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر چالاکییە کردارییەکانی ژینگە، تێبینی ڕاستەوخۆ، ئەزموونی ژینگەیی پەیوەندی دار.

## شێوازەکانی دانانی پرۆگرامەکانی پەروەردەی ژینگەیی:

ئەدەبیاتەکانی پەروەردە ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە (٣) شێواز هەیە بۆ دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن لەفێرکردنی ژینگەییدا کەدوواتر ئامانجەکانی پەروەردەیی ژینگەیی بەدیدەهێنێت:-

## یەکەم / شێوازی یەکبوون:-

پوختەی ئەم شێوازە ئەوەیە کە هەموو بابەتەکانی خوێندن ئاڕاستە بکرێت بۆ کێشە ژینگەییەکان و پرسەکانی، یان لەدوو توێی هەر بابەتێکی خوێندندا

باسـی کێشـە ژینگەبییـەکان هەبێـت، واتـە بابەتەکانـی خوێـدن نەگۆڕدرێـت ئەوانـەی لەپلانـی خوێندنەکـەدان، بەڵکو ئاڕاسـتەیەکی ژینگەیـی و ئابووری ئاڕاسـتە بکرێـن بـەرەو کێشـە ژینگەییـەکان.

بەگوزارشـتێکی تـر ئـەم شـێوازە دەخوازێـت کـە پرۆگرامەکانـی خوێـدن ڕەهەنـدی ژینگەیـی لەخۆبگـرن، ئەویـش لەڕێگـەی گرێدانـی پرۆگرامەکانـی خوێندنـەوە بەهەمـوو بابەتـە زانسـتی و مرۆییەکانـەوە بەپرسـە ژینگەییـەکان و کێشـەکانییەوە، ئەویـش لەڕێگـەی هێنانـە ناوەوەی هەندێک زانیاری ژینگەیی کەپەیوەندی دار بێت بەبابەتەکانـی خوێندنـەوە.

ئـەم شـێوازە شـێوازێکی زۆربـاوە لەخوێندنگەکانـدا، وە زۆر ئاسـانە، مامۆسـتاکە بابەتەکانی خوێندن دەبەسـتێتەوە بە ژینگە و کێشـەکانییەوە جا لەڕووی خۆجێیی، نێشـتمانی، هەرێمایەتـی و جیهانییـەوە بێـت، ئەوەنـدەی دەکرێـت و گونجـاوە ئەمـە بکرێـت، بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی ئـەم شـێوازە تامەودایەکی دوور بەنـدە لەسـەر هـەوڵ و ئەرکی مامۆسـتایان و سـەرپەرشـتیارانی پەروەردەیـی لەڕێگـەی فێرکـردن و شـێوازەکانی ئاڕاسـتە کردنـی ژینگەیـی.



hewalname.com/ku

## دووەم / شێوازی یەکەکانی خوێندن:-

ئەم شێوازە وەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت هەڵدەسێت بە ئامادەکردنی یەکەیەکی خوێندن یان بەشێک، یان بابەتێکی ژینگەیی وە بیخاتە ناو بابەتێکی خوێندنەوە، یان چەند بابەتێکی خوێندنەوە، وەک دەردەکەوێت زانستەکانی بایۆلۆژی و جوگرافیا و دوو زانستی زۆر لەبارو گونجاون بۆئەوەی بیرۆکەی ژینگە و پرسەکانی بخرێتە ناو بابەتەکانیانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان زۆرتر لە ئاماژەیەک لەخۆناگرێت بۆ سەرهەڵدانی خراپییەکانی ژینگە و هاوسەنگییەکەی، نەبۆهۆیەکانی و چۆنێتی چارەسەر کردنی بەتەنها بەڵکو بۆ پارێزگاریکردنیش لە ژینگە و پاراستنی سەرچاوەکانیشی.

hewalname.com/ku

## سێیەم / شێوازی سەربەخۆ:-

ئەم شێوازە لەسەر بنچینەیی هەبوونی پرۆگرامێکی تایبەت بەژینگە دادەمەزرێت، ئەو بابەت و کێشە تایبەتانەی زانستی ژینگە باس دەکات، بە گوزارشتێکی تر ئەم شێوازە لەسەر پرانسیپی ئەوە دامەزراوەکە پەروەردەی ژینگەیی بابەتێکی سەربەخۆی خوێندنە،

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی پەروەردەی ژینگەیی جۆرێکە لەپەروەردەی سروشتی لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر ژینگە هەتا دەگاتە زانستی ژینگە، بۆیە ئەم بابەتەی خوێندن درێژە دەکێشێت و لقوپۆپی لێدەبێتەوە هەرچەندە قوتابییەکە لەپلەی فێرکردن بچێتە پێشەوە لەماوەی ساڵەکانی خوێندندا.

**پێویستە بەرنامەکانی فێرکردن لەکۆتاییدا وا لە فێرخواز بکات کە ئەم خەسڵەت و سیفاتانەی خوارەوەی تێدا هەبێت:-**

ا. توانـاداری بۆ بەکارهێنانی بیرکردنەوەی زانستی و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە ژینگەییەکان بەڕێگا و هۆی کارا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە ژینگەییانە، وە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی بەڕێگایەکی کارا بەپێی توانا.

ب. توانـاداری جووڵە و کارکردن لەگەڵ گروپدا، جا لەناو گروپی خوێندنگەدا بێت، یان لەناو خێزاندا، کۆمەڵە ژینگەییەکان بێت گروپی سەنەتەرو یانەکان، کە بەردەوام کارلێکیان لەگەڵدا دەکات.

hewaname.com/ku

ج. توانـاداری لەڕاسـتکردنەوەو دەسـکاریکردنی ڕەفتاریـدا، هـەرکات ڕووبـەڕووی هەڵوێسـتێکی نـوێ بووەوە، ڕەفتارەکەی خوێن گەرمی چالاکی پێوە دیاربێت بـەرەو کارە چاکـەکان، لەئەنجامـی گۆڕانـە ژینگەییـە نوێیەکانـەوە، بەرچـاو ڕوونـی هەبێـت، خێـرا هەسـت بکات، بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو کۆسـپ و لەمپەڕانـەی گەشـەکردنەکە سسـت دەکـەن، دوواتـر بێتـە هـۆی ڕابـوون و هەسـتانەوەی ئـەو کۆمەڵگـەی تیایـدا دەژی.

لەپێنـاو بەدیهێنانی ئەو مەبەست و ئامانجانـەی باسکرا، پـەروەردەی ژینگـەی ژمارەیـەک سـازان و کار دەخوازێت بـۆ پڕکرِدنـەوەی ئـەو کەلێنانـەی هێشـتاماون لـە هەندێـک سیسـتەمی پەروەردەیـی جیـاوازدا

## ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی بەدلیسی لەم بارەیوە:-

داوا لەدەوڵەتانـی ئەنـدام بکرێـت کەلـە لیسـتی فێرکاری خۆیانـدا هەندێـک سـازان و کاربکـەن کـە ئامانـج لێـی هێنانـە نـاوەوەی بایەخـدان و چالاکی ژینگەیـی بێـت لەنـاو سیسـتەمە پەروەردەییەکانیانـدا، ئەویـش بەمەبەسـت و ئامانجـی پەروەردەییانـەی ژینگەیـی.



hewalname.com/ku/

داوا لـە سیسـتەمە پەروەردەییەکـە بکرێت بایەخبـدەن بـە لێکۆڵینـەوە توێژینـەوە، و نوێبوونەوەیـی ژینگەیـی و چڕکردنـەوە و پتەوکردنی ئەو کارانە لەبواری پەروەردەی ژینگەیـی و چالاکییەکانیـدا.

هانـی دەوڵەتانـی ئەنـدام بدرێت هـاوکاری یەکتـر بکـەن، لەبابەتەکانـی پـەروەردەی ژینگـەی و بوارەکانـی، ئەویـش لەڕێگـەی ئاڵوگـۆڕ کردنـی زانیـاری، شـارەزایی، ئەنجامـی توێژینـەوە و بەڵگەنامـە ژینگەییـەکان، دەسـتەبەرکردنی ناوەندەکانی مەشق و ڕاهێنان بۆ مامۆستایان و پسپۆڕان لەسـەر ئاسـتێکی بەربـڵاو لـە دەوڵەتانـی تـرەوە.

بانگهێشـتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بکرێـت بـۆ پێشکەشـکردنی یارمەتـی و هـاوکاری ماتریالـی و هونـەری لەپێنـاو پاڵپشـتکردنی هـاوکاری زانستییانەی ژینگـە، ئـەوەی دەمانگەێنێتـە پتەوکردنـی لێکتێگەیشـتنی نێودەوڵەتـی و خزمەتکردنـی ئاشـتی جیهـان.

hewalname.com/ku

## ستراتیژەکانی فێرکردنی پەروەردەی ژینگەیی لەخوێندنگەدا:

بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێرکردنی ژینگەیی سیستەماتیکی، بەتایبەت خوێندنگە، بەڕای هەندێک کەس لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک ستراتیژی فێرکارییەوە دەبێت ئەمانەی خوارەوە گرنگەکانیان.

### ١. ستراتیژی شارەزایی ڕاستەوخۆ:-

شارەزایی ڕاستەوخۆ بەیەکێک لە ستراتیژە گرنگەکانی فێرکردنی پەروەردەی ژینگەیی دادەنرێت، چونکە کارلێکی ڕاستەوخۆی قوتابیانە لەگەڵ ژینگەدا، ئەو بنچینە مادیە هەست پێکراوە دەستەبەر دەکات بۆ فێربوونی چەمکە ژینگەییەکان، ئەو قوتابیانە زۆرتر لە ژینگەکەیان و تێدەگەن و پێیدەزانن.

ستراتیژی شارەزایی ڕاستوخۆ زامنی ئەوە دەکات کە قوتابییەکان بە زۆرتر لەهەستێک، لە هەستاکانیان فێربین، وەک دەزانرێت هەتا ئەو هەستانە زۆرتر بن کە فێرخواز بەکاری دەهێنێت خێراتر و باشتر فێر دەبێت،

زانیارییەکان جێگیر دەبن، دەکرێت شارەزایی ڕاستەوخۆ شوێنێک بگرێتەوە لە ژینگە سروشتییەکەدا، وەک کەناری دەریا، ناوچەیەکی شاخاوی، ناوچەیەکی بیابانی، وێستگەیەکی دڵۆپاندنی ئاو، کارگەیەکی لە قوتونانی کەرەسەی خۆراکی....هتد.

## ٢. ستراتیژی توێژینەوەکاری و لێکۆڵینەوەی زانستی:-

داوا لە قوتابیان بکرێت توێژینەوە بکەن لەسەر پرسە ژینگەییەکان، ئەمەوایان لێدەکات ببنە هاوبەشێکی کارا لە کۆکردنەوەی زانیاری، پۆلێنکردنیان، ڕێکخستنیان، شیکردنەوەیان وە پوختەکردنی ڕاسپاردە پێویستەکان لەبەر ڕۆشنایی شیکردنەوەکانیان، دەکرێت سوود لە سەردانی مەیدانیش وەربگیرێت، بۆئەوەی ببەسترێتەوە بە توێژینەوە کردارییەکانیەوە سەبارەت بە پرسە ژینگەییە زۆرەکان، وەک کێشەکانی پیشەسازی، خوێندکاران دەست دەکەن بەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کارگەیەک دەمانەوێت لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بکەین بەجۆرێک ئەمانە لەخۆبگرێت، شوێنی کارگەکە، هۆی هەڵبژاردنی ئەو شوێنە، جۆری ئەو کەرەسانەی دروستی دەکات، ئەو

کەرەسە خوانەی بەکاری دەهێنێت، ئەو پاشەڕۆیانەی لێیدەکەوێتەوە، ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە پاشەڕۆکەکان، ئەو کارانەی دەکرێت بۆ پارێزگاری کرێکارەکان لەناو کارگەدا کاتێک تووشی پیسکەری جیاواز دەبن، وە کارەکانی پارێزگاری کردنی ژینگەی دەوروبەری کارگەکە.

دوواتر قوتابییەکان ئەو زانیارییانەی وەریان گرتووە شی دەکەنەوە پوختەی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کارگە کە دیاریدەکەن، لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەدا ڕاسپاردە پێشکەش دەکەن بەم جۆرە قوتابیان سیاسەتی بڕیاردان و چارەسەر کردنی کێشەکان پیادە دەکەن.

hewalname.com/ku

بەکارهێنانی ستراتیژی شارەزایی ڕاستەوخۆ و ستراتیژی توێژینەوە کاری و لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵێک ئامانجی گرنگ بۆ قوتابی بەدیدێنێت لەوانە:-

ا- گەشەپێدانی شارەزایی بیرکردنەوەی زانستیانە، لە تێبینی ورد، کۆکردنەوەی داتا پۆلێنکردن، دوواتر گەیشتن بەیاسا و فەرمانە گشتییەکان.

ب- گەشەپێدانی دەست ڕەنگینی، وەک بەکارهێنانی

دەزگاکان، کۆکردنـەوەی سـامپل و نموونـە و پارێزگاریکردنیـان و هەڵگرتنیـان، پتەوکردنـی هەلـی فێـر بـوون لەڕێگـەی کارەوە.

ج- گەشـەپێدانی ئاڕاسـتە زانسـتییەکان، وەک بەئاگابوون لـە پوختەکردنـی دەرنجامەکاندا، وە مەزندەکردنـی مەترسـی کارەساتەکان لـە ژینگـە سروشـتییەکەدا، وە مەزندەکردن و پێزانینـی ئـەو هەوڵانـەی دەدرێت لەپێنا ژینگەپارێزیدا.

د - گەشـەپێدانی هەلی کارکردن بە کۆمەڵ و هەرەوەزی.

## ٣- ستراتیژی لێکۆڵینەوەی پرسە ژینگەییەکان:-

ئـەم سـتراتیژە پەیوەنـدی توونـدی بـە سـتراتیژی توێژینەوەکارییـەوە هەیـە، لێکۆڵینـەوەی پرسـە ژینگەییـەکان سـتراتیژێکی بەسـوودە یارمەتـی قوتابیـان دەدا کەلـە ڕەگەزەکانـی پرسـەکەوە هۆیەکانـی سـەرهەڵدانی، ئـەو شـێوازانەی پارێـزگاری کـە پێویسـتە بکرێـن، پرسـە ژینگەییـەکان بەتەنها کێشـەکان لەخۆناگرێت بەڵکو هەندێک کاری بەسـوودیش دەکات وەک دروسـتکردنی بەسـتێک، کارگەیـەک، کێڵگەیـەک یـان پارێزگاریەکـی سروشـتی.

لێکۆڵینەوەی پرسە ژینگەییەکان پێویستی بەوە هەیە (٣) شت ڕەچاوبکرێت.

هەڵبژاردنی ئەو پرسە گرنگانەی کە وابەستەی ژیانی ڕۆژانەی قوتابین، ئەوانەی بەردەوام ماس میدیاکان بڵاوی دەکەنەوە.

پەیڕەوکردنی شێوازی گفتوگۆ لەباسکردنی پرسە هەڵبژێردراوەکەدا گفتوگۆش یارمەتی فێرخواز دەدات لەخۆی تێبگات، گۆڕانی ئەرێنی بەسەر ڕەفتاری خۆیدا بهێنێت. یارمەتی دەدات بە زمانێکی دروست گوزارشت بکات، لۆجیکیانە بیربکاتەوە و ڕێز لەوانی تر بگرێت، دەبێت خستنەڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکە بەڕێکخستنێکی دیاریکراو بێت، هەتا قوتابی تێبگات لەجۆراو جۆریتی جێگەکەی و پایەوپلەو جێگەکەی.

## ٤- ستراتیژی ڕۆڵگێڕان:-

دەتوانین ئەم ستراتیژە و ئەو گفتوگۆیانەی تێیدەکەوێت بەکاربهێنن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە ژینگەییەکان، کورتەی ئەم ستراتیژە ئەمەیە، کێشەیەکی

ژینگەیی دیاریکراو هەڵدەبژێرین، پاشان چەند کۆمەڵێک لەقوتابییەکان هەڵدەبژێرین کە نموونەی بەرژەوەندییە دژبە یەکەکان لەم کێشەیەدا، ڕۆڵەکانیان بەسەردا دابەش دەکەین، پاشان قوتابییەکان ئەم دەورانە دەبینین، پاشان بەجێگەیاندنەکە هەڵدەسەنگێنین، ئەو ئاسەوارانە دیاریدەکەن کەلەئەنجامەکانەوە پەیدا دەبێت.

فەلسەفەی ستراتیژی ڕۆڵگێڕان لەو کێشە ژینگەییانەوە هەڵدەقوڵێت کە مۆرکێکی ئاڵۆز و بەیەکداچووی هەبێت، بەرژەوەندی تاکەکان لەگەڵ ململانێیدان لەلایەکی تریشەوە بەرژەوەندی تاکەکان لە ململانێدایە لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵگە، بۆ نموونە لە لەوەڕاندنی زۆردارانەدا بەرژەوەندی خاوەن مەڕوماڵاتەکان ململانێ دەکات لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەدا خۆی لە سیاسەتی حکومەتدا دەنوێنێت.

وە لە ململانێش دەکات لەگەڵ بەرژەوەندی بەکاربەرەکاندا، هەروەها بیرۆکەی ئازادی کەسێتی مەودای سنوورەکەی ململانێ دەکات لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی، ئەوەی بەرژەوەندی گشتی دەیخوازێت.

خاوەن مەڕوماڵاتەکان بەپەرۆشن بۆ زۆر کردنی

ژمارەی مەڕومالاتەکەیان و کەم کردنەوەی پشت بەستن بە ئالف چونکە ئەمە زۆریان لەسەر دەکەوێت بەبەراوورد بە لەوەڕە سروشتییەکە ئەم بەرژەوەندییانە دژی سیاسەتی حکومەتن، چونکە حکومەت دەیەوێت پارێزگاری لە ژینگە بکات، وێرانکردنی ئەم ڕووپۆشە ڕووەکییەوە دەبێتە هۆی ڕامالینی خاک و دیاردەی لافاو و مەترسییەکانی، بەرژەوەندی هەموو ئەمانەش لە ململانێدایە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەکاربەردا ئەمان حەز دەکەن ژمارەی مەڕومالات زۆر بێت هەتا نرخی گۆشت دابەزێت.

## ٥. ستراتیژی چارەسەر کردنی کێشەکان:-

بەدەست هێنانی تواناداری لەلایەن قوتابییەکانەوە بۆ بڕیاردانی هۆشیارانەو بەرپرسانە دەربارەی پرسە ژینگەییەکان بەیەکێک لەئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەیی دادەنرێت ئەوەی بۆ بەدیهێنانی دەبێت ئەو قوتابیانە هاوبەشیبکەن لە گفتوگۆکردن لەسەر کێشە ژینگەییەکان، پێشنیازکردنی ئەڵتەرناتیف و چارەسەرکردنی، ئەو کێشە ژینگەییانەی دەخرێنەبەر گفتوگۆ دەبێت کێشەی ڕاستی بن، بگونجێن لەگەڵ توانا و بایەخەکانی قوتابیاندا لەو شێوازانەی کە دەکرێت بەکاربهێنرێت

لەبواری چارەسەرکردنی کێشەکان، گفتوگۆی بە کۆمەڵی ئاراستەکراون، ڕۆڵی نواندن، یاری و لاسایی کردنەوە، کردنی پرۆژە ڕاستییەکان وەک زاڵبوون بەسەر ڕامالینی خاکدا، چاندنی پارچە زەوی و ئاودانی بەدلۆپاندن، دابەزاندنی بەکاربردنی وزە.

گفتوگۆ یارمەتی دەوڵەمەند بوونی زانیاری هاوبەشان دەدات، دەربارەی پیسبوونی هەوا ڕۆڵی دارو درەخت لە پاکژکردنەوەی هەوادا، ژاوەژاو تەندروستی، واتای هاوسەنگی سروشتی ژینگەیی، دووای گفتوگۆکە قوتابیان بڕیار دەدەن ڕێگەکە ببڕن یان نەیبڕن، ئەمە بخەنەکارەوە بۆ حاڵەتی تر.

## ٦. سیاسەتی وێنە هێماییەکان (کاریکاتیر):-

ڕەسمە کاریکاتیرییەکان ناوەڕۆکیان واتای تێدایە، پەیامیان پێیە، سەربەستی لێکدانەوە بۆ بینەر بەجێدەهێڵرێت، هەندێک جار ئەم وێنانە ڕەوانبێژترن لەگەیاندنی پەیامەکەیدا بەبەراووردلەگەڵ پەیامە نووسراوەکاندا، کاریکاتیر گرنگییەکی زۆری هەیە لە پەرەپێدانی شارەزایی بیرکردنەوە، وەڕاهێنانی قوتابیان

لەسەر پەسەندکردنی ڕای ئەوانی تر، دروستکردنی ئاڕاستەکان، پتەوکردنی بەهاکانی پاک و خاوێنی و ژینگەپارێزی....هتد.

### ٧. ستراتیژی هاوبەشیکردن لەچالاکییە ژینگەییەکاندا:-

هاوبەشیکردنی قوتابیان لە چالاکییە ژینگەییەکاندا بەباشترین هۆ دادەنرێت بۆیەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەیی، هاوبەشیکردن یارمەتی قوتابیەکان دەدات لەم ڕووانەوە:-

بەدەستهێنانی شارەزایی لەڕێگەی فەرمانییەوە دەربارەی ئەو چالاکییەی دەیکەن.

بەدەیت هێنانی شارەزایی دەستی (دەست ڕەنگینی) لەڕێگەی بەکارهێنانی دەزگاو ئامێر و کەرەسەکانەوە.

گەشەپێدانی شارەزایی بیرکردنەوەی زانستیانە وەک تێبینی ورد، پێوانەکردن، داتا کۆکردنەوە، ڕێکخستن و پۆلێنکردن.

بەدەست هێنانی هەڵوێست و خوو پێوەگرتن و بەها خوازراوەکان، وەک چاوەڕوانی کردن لە پوختەکردنی دەرەنجامەکان، مەزندەکردن و پێزانینی هاوسەنگی

ژینگەیی و ڕێزلێگرتن و پێزانینی ئەو هەوڵانەی دامەزراوە فەرمی و ئەهلییەکان دەیدەن لە خزمەتکردنی ژینگەدا.

- ئەم چالاکیانە بەسوودن بۆ قوتابیان و هاوبەشی تیادەکەن.

- هەڵمەتەکانی خاوێنکردنەوە لەناو شارەکان و لەکەنار دەریاکان.

- دار ڕواندن و چاودێریکردن و بەر چنینەوە.

- ئاهەنگ گێڕان لەبۆنە ژینگەییەکاندا، وەک پێشانگا شێوەکارییەکان، فۆتۆ ئەوانەی قوتابیان خۆیان بەرهەمیان هێناوە کە ڕەنگ دانەوەی پیادەرکردنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مامەڵە کردنی مرۆڤە لەگەڵ ژینگەکەی.

- پێشبڕکێ دەربارەی بابەتە ژینگەییە دیاریکراوەکان، لەڕێگەی نووسینی ڕاپۆرت یان ئەلبووم ئامادەکردن لەسەر ژینگەکە هەندێک پیادەکردنی ئەرێنی و نەرێنی تیا بێت لەسەر ژینگە.

- یارییەکانی پەروەردەی ژینگەیی کە بۆخۆشی ئامادە دەکرێت تەلەفزیۆنی بێت یان نا تەلەفزیۆنی بەتاک بێت یان بەکۆمەڵ.

- دروست کردنی لیژنە و کۆمەڵەی هاوڕییانی ژینگە،

بۆئـەوەی پەیوەنـدی بـکات بەکۆمەڵگـە خۆجێیەکـەوە، بـۆ هۆشـیار کردنـەوەی ژینگەیـی، دامەزراندنـی کەمپینـی ژینگەیـی، کـە بەهۆیـە هاوبەشـان پێکهاتـە ژینگەییەکـە و سروشـتی هاوسـەنگی نێوانیـان دەناسـننەوە، چاودێـری دارو درەخـت دەکـەن، دیـواری ڕاگـر دروسـت دەکـەن بـۆ بەرگرتـن لـە ڕامالێینـی خـاک.

- پەیوەنـدی کـردن بـە پسـپۆڕانەوە لـە هەندێـک بابەتـی ژینگەیـی دیاریکـراودا، وەک پزیشـکەکانی تەندروسـتی گشـتی، ئەندازیـاری دارو دەوەنـەکان، ئەوانـەی کار لەناوچـە پارێـزراوە سروشـتییەکان دەکـەن، سەرپەرشـتیارانی باخچـەی ئـاژەڵان، وە بانگهێشـت بکرێـن بـۆ محـازەرە وتنـەوە دەربـارەی ئـەو چالاکییـە ژینگەییانـەی دەیکـەن.

- وتاردانـی ئاراسـتەکاری کـە بـاس لـەڕوودواوە ژینگەییـەکان بـکات، ئەوانـەی ئێسـتا دەگوزەرێـن وەک وشکەسـاڵی، بەبیابانبـوون، پیسـبوونی ئـاو، بەکارهێنانـی قڕکەرەکانـی مێـروو.

- چاندنی پارچـە زەوی و چاودێریکردنی لـە ڕووی پەیـن کـردن و ئاودێری، کەپێشـتر دەبێت پشـکنین و شـیکردنەوە بۆ خاکەکـە کرابێـت بـۆ زانینـی مـەودای باشـی خاکەکـە بـۆ کشـتوکاڵ .

# بەشی هەشتەم

## ڕۆڵی زانکۆ لەهۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## ڕۆڵی زانکۆ لەهۆشیار کردنەوەی ژینگەییدا

لەناو هەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکاندا زانکۆ بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی لەپێشکەوتنی زانستی و زانیاری دادەنرێت، بۆیە زۆرجار پێشکەوتن و پەرەسەندنمی کۆمەڵگەکان بەپێشکەوتن و پەرەسەندنی زانکۆکانیانەوە دەپێورێت، چونکە زانکۆ توانای پەروەردەکردنی مرۆڤێکی وەهای هەیە کەبتوانێت بەدروستی مامەڵە لەگەڵ داخوازییە جیاوازەکانی ژیاندا بکات، بەهۆشیاری و هەست کردنێکی دروستەوە بۆ کارەکان، هەروەها ئەو مرۆڤە دەتوانێت پێداویستی و داخوازییەکانی بەشێوەیەکی دروست بەئەنجام بگەیێنێت.

hewalname.com/ku/

## پێناسەی زانکۆ:-

زانکۆ بەرزترین قۆناغی خوێندنە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، ڕەنگە ناوەکەشی لەوەوە هاتبێت، چونکە هەموو زانست و زانیاری و شارەزاییەکان لە خۆدەگرێت، ئەوانەی کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی، یان لەفرەیی ئەرک و کارەکانیانەوە هاتووە کە لەناو کۆمەڵگەدا دەیکات لەسەر ئەمە دەتوانین پێناسەی زانکۆ بەم جۆرە بکەین (ئەو دامەزراوەیە کە

بەشێوەیەکی سەرەکی فێرکردنێکی پێشکەوتوو دەستەبەر دەکات بۆ کەسانێک کە پلەیەکی بەرزی پێگەیشتنیان هەیە، بەوەش دەناسرێنەوە کە تواناداری عەقڵی و ئامادە سازی دەرونییان هەیە بۆ بەدواداچوونی خوێندنی پیسپۆڕی لە بوارێک یا زیاتری بوارەکانی زانیاری).

## ئامانجەکانی زانکۆ:-

دەتوانین ئەو ئامانجانەی کە زانکۆکانی وڵاتانی عەرەب هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە:-

١. بایەخدان بەکەلتووری نەتەوەیی و ئیسلامی سەرهەڵدان و بەدەرکەوتنی.

٢. بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری هاوڵاتیان و باشکردنی جۆری فێرکردنە لەسەر هەموو ئاستەکان.

٣. جەخت کردنەوە لەسەر بەهاو ڕەووشتی و گیانییەکان، گەشەپێدانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی وە گەشەپێدانی چێژوەرگرتنی هونەری و جوانی، گەشەپێدانی هەست کردن بەکێشە خۆجێیەکان وە هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی بەڕێگەیەکی زانستییانە.

hewalname.com/ku/

٤. دەستەبەرکردنی پێداویستەکانی کۆمەڵگە لەکادیری زانستی و پیشەیی پێشکەوتوو.

٥-توێژینەوە کاری و لێکۆڵینەوە لەبوارە جیاوازەکاندا.

٦. کردنەوەی پێشانگاو کۆڕ و کۆنگرە و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لەناوخۆی وڵاتدا

٧. ئامادەبوون و هاوبەشیکردن لە کۆڕو کۆنگرە نێو دەوڵەتییەکاندا.

٨. گرێدانی پەیوەندی هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە سەنتەرە پیشەیی و توێژینەوەکانی ناوخۆی وڵات و دەرەوەدا.

٩. هاوکاریکردن و یارمەتیدانی کۆمەڵگە لە زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەی کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ببێتەوە.

## فەرمانەکانی زانکۆ لەکۆمەڵگەدا:-

زانکۆکان ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی دەگێڕن لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە مرۆییەکان و پەرەسەندنیان ئەوە

hewalname.com/ku/

ئێستا یان دروست دەکات و پلان بۆ ڕووخساری ئایندەیان دادەنێت، بە ڕەچاو کردنی ئەوەی بنکەی فیکری و هونەری کۆمەڵگە مرۆییەکان پێک دێنێت.

ڕۆڵی زانکۆ لە کۆمەڵگەدا بەهۆی کردنی چەند کارو ڕۆڵی زۆرو فرە لقەوەیە، سێ فەرمانی سەرەکی هەیە کە شارەزایانی خوێندنی باڵا لەسەری کۆکن ئەوانیش:-

١. ئامادە کردنی هێزی مرۆیی شارەزایی هونەری و کارگێڕی بەرز، لە هەموو ئەو پسپۆڕییانەدا کە کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی لە شوێنەکانی کارە جیاوازەکاندا ئەویش بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکە.

٢. ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە توێژینەوەی زانستیدا، لەهەموو بوارە جیاوازەکانی زانیاری مرۆڤایەتیدا، وە خستنە کاری بەکرداریانەی لە پێناو پەرەسەندنی کاری بەرداردا.

٣. هاوبەشیکردن لە پێشخستنی زانیاری و پەرەپێدانی، هاندانی بەها مرۆییە بەرزەکان وە هەستانەوە و ڕابوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم فەرمانە وابەستە و بەیەکداچوون جیاکردنەوەیان لەیەکتری کارێکی گرانە،

hewalname.com/kurd

## ڕۆڵی زانکۆ لە ژینگە پاریزیدا:-

لەبەر ڕۆشنایی ئەو فرواتانەی زانکۆ کەباسکرا دەتوانین بڵێین کە زانکۆ دەتوانێت هاوبەشی بکات لە ژینگە پاریزی و پاراستنی لە مەترسییەکان (وەک لایەنی خۆپاراستن) یان چارەسەر کردنی ئەو مەترسی و ئازارو زیانانەی تووشی بووە (وەک لایەنێکی چارەسەرکردن) ئەویش لەڕێگەی ئەو سێ فەرمانە و بەم جۆرەی لای خوارەوە:-

## ١. فێرکردن:-

وەک گوتمان یەکێک لە فەرمانە سەرەکییەکانی زانکۆ فێر کردنە، ئامانجی ئەم فەرمانە فێرکارییەی زانکۆ گەشەپێدانی کەسێتی فێرخوازە لە هەموو لایەنەکانییەوە، وە ئامادەکردنیەتی بۆ کاری ئاییندەیی، لەڕێگەی بەدەست هێنانی زانیاری و لەبەرکردنیەوە، دروست بوونی ئاڕاستەی نوێ لەڕێگەی دایەلۆگ و کارلێکەوە، بەرهەمهێنانی زانیاری کارکردن بۆ پێشکەوتنی، پرۆسەی فێرکردن یەکێکە لەو فرواتانەی کە زانکۆ پێی هەڵدەستێت بۆ هاوبەشیکردن لە گەشەپێدانی تاکەکاندا، گەشەیەکی

hewalname.com/ku/

تەواوی گشتگیر، واتە زانكۆ دەتوانێت فەرمانەكەی خۆی بەجێبگەیێنێت لەگەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەكاندا.

راتب ئەلسعود لەبەشی (ڕۆڵی زانست لە ژینگە پارێزیدا) لە كتێبەكەیدا بە ناوی (مرۆڤ و ژینگە) ئەو دەردەخات كە چۆن زانست و هاوبەشی دەكات لە ئاسانكردنی كۆنترۆڵی مرۆڤ لەسەر ژینگەكەی دەوروبەری، وە سوود لەم ناوەندە وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی خۆی و بەردەوامی ژیانی ئەویش لەڕێگەی پەرەپێدانی ئامێر و ئامراز و دەزگاكانەوە، وە چۆن مرۆڤ زانستی بەكارهێناوە بۆ چارەسەركردنی هەندێك لەو زیانانەی كە بەهۆی زانستەوە پەیدابووە، یان بەهەر هۆیەكی ترەوە، یان هەوڵدان بۆ كەم كردنەوەی ئەو زیانانە و بەرگرتن لە گەورەبوونی.

ڕۆڵی زانكۆ لە ژینگە پارێزیدا لەڕێگەی ئەم فەرمانەوە – فەرمانی فێركردنە – دەردەكەوێت، لەڕووی چەق بەستنی لەسەر پەروەردەی ژینگەیی، یان ئەوەی پێی دەگوترێت ئاراستەی ژینگەیی لە فێركردنی زانكۆییدا، سێ دەروازە هەیە بۆ لە خۆگرتنی پەروەردەی ژینگەی زانكۆیی لە پرۆگرامەكانی خوێندنی زانكۆدا ئەوانیش:

دەروازەی یەکەکانی خوێندن، دەروازەی بەیەکبوون، دەروازەی سەربەخۆ، ئەمانەش بەناوی ستراتیژیەوە پێشتر باسی لێوەکراوە.

## ٢. توێژینەوەی زانستی:-

توێژینەوەی زانستی لە ئێستا جێگەیەکی زەق و دیار داگیر دەکات لە پێش کەوتنی ڕابوونی زانستی و پەرەسەندنی، لەڕێگەی هاوبەشی کردنی توێژەرەوە یان بۆ خستنەڕی داهێنانەکانیان بۆ سەر پاشبەندی زانیاری مرۆڤایەتی، زانکۆکان بەسەنتەری سەرەکی ئەم چالاکییە زانستییە ژیوارییە دادەنرێن، بەوەی فەرمانیکی بنەڕەتی هەیە لە هاندانی توێژینەوەی زانستی و چالاککردنی، وە هەژاندنی هاندانی زانستی لای فێرخواز و خوێنەر، هەتا بتوانن بەم کارەستا هەستن بەباشترین شێوە.

لەبەرئەوەی توێژینەوەی زانستی لە گرنگترین و ئاڵۆزترین ڕووەکانی چالاکی فیکرییە، بۆیە زانکۆکان هەوڵی زۆر گەورە دەدەن لە مەشق پێکردنی فێرخوازاندا هەتا بتوانن شارەزای ئەم کارە ببن لەکاتی خوێندنی زانکۆییدا، بۆ ئەوەی بتوانن شارەزاییان دەست بکەوێت لەسەر توێژینەوە بەجۆرێک وایان لێبکات بتوانن سەرباری زانیاری نوێ بخەنە سەر پاشخانی فیکری



newalname.com/kul

مرۆڤایەتی، هەروەها زانکۆکان کار دەکەن بۆ دەرخستنی توانای فێرخوازان لە توێژینەوەی زانستیدا لە ڕێگەی کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان، وەخستنەڕوو یان بەشێوەیەکی زانستییانەی دروست لە چوارچێوەیەکی ڕووخسار ڕۆشندا، کە توانی فێرخواز بسەلمێنێت لە پەیڕەوکردنی شێوازی دروستیتوێژینەوەدا، وە دەرکردنی فەرمانە ڕەخنەییەکان، ئەوەی ئاستی زانستی و کامڵ بوونی فیکری دەردەخات ودەیدۆزێتەوە، ئەوەی خەسڵەتی بنەڕەتی خوێندنی ئەکادیمییە.

ئامانجی توێژینەوە زانستی بەرهەمهێنانی زانیاری و بەدیهێنانی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاییە، توێژینەوە گەیاندینییە ئەو تەکنەلۆجیا پەرەسەندووە و پێشکەوتووەی ئێستا لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا هەیە، زانراوە کە تێکڕای چالاکییەکان لە توێژینەوەکاندا و چڕێتییەکەی پەیوەندی ئەرێنی هەیە بەتێکڕاکانی گەشە کردنەوە.

توێژینەوەی زانستی لەگەڵ پەرەسەندنی ژیان و زۆربوونی زانیاری مرۆڤایەتی پەرەی سەندووە توێژینەوەی زانستی جاران بەندبوو لەسەر هەوڵ و ئەرکی تاکە کەس، بەڵام ئەمڕۆ پشتی بەستووە بە

هـەوڵ و ئەركـی بـە كۆمـەڵ، بۆیـە لەهەمـوو كۆمەڵگەیەكدا ژمارەیەكی زۆر دامەزراوە و سـەنتەری توێژینەوە دروست بـووە، ئامانجـی بنەڕەتییـان وەبەرهێنانـی ئـەرك و هەوڵـی توێژرەوەیانـە، بەجۆرێك خزمەتی كۆمەڵگە و پەرەسـەندنی بكـەن، ئەمـەش واتـای ئەوەنیـە كـە هەوڵـی تاكـە كەسـی نەمـاوە و ئـەوەی دەكرێت هاوبەشـی پێبكرێت لـەم كارەدا.

ئـەو توێژینەوەیانـەی بەدرێـژای مێـژوو زانكـۆكان كردوویانـە كاریگـەری یەكجار زۆری هەبووە لـە بوارەكانی پیشەسـازی و كشـتوكاڵ و هەمـوو ڕووەكانـی تـری ژیـان، گەرچـی ژمارەیەكی زۆر سـەنتەری توێژینـەوە دامـەزراوون بەشـێوەیەكی سـەربەخۆو بەدەر لـە زانكـۆكان بـەڵام هێشـتا توێژینـەوەی زانكـۆكان گرنگیـان زۆرتـرە و وردتـرن بەبـەراورد لەگـەڵ توێژینەوەكانـی تـردا.

ئەو توێژینەوە زانستییەی مەبەستمانە لێرەدا بریتییە لەو پرۆسـە سیسـتەماتییكیەی گـەڕان بەدووای ئـەو زانیارییانەی كـە پەیوەنـدی دارن بـەو بابەتـەی لێكۆڵینەوەكـەی لەسـەر دەكرێـت، لەڕێگـەی ناسـاندن و دیاریكردنـی كێشـەكە، داڕشـتنی گریمانـەكان، پێشـنیاز كردنـی چارەسـەرەكان، كۆكردنـەوە و ڕێكخسـتن و دابەشكردنی داتـاو زانیارییـەكان

دەرهێنانی ناوەڕۆک و ئەنجامەکان، دوواتر پشکنینی ئەم ناوەڕۆکانە بۆ زانینی مەودای گونجانی لەگەڵ گریمانەکاندا.

توێژینەوەی زانستی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وردو ڕێکخراوە بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو بەبەکارهێنانی میتودی زانستی بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان، کە دوواتر دەکرێت بگەیندرێت و لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی بکرێت، توێژینەوەی زانستی هۆیەکە بەدەست مرۆڤەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو دیاردانەی جێگەی بایەخن.

هەندێک پێیان وایە باسکردن لە زانکۆکان بەشێوەیەکی بەربلاو باسکردنە لەسەنتەرە جیاوازەکانی توێژینەوە، ئەوانەی کە هەڵدەسن بەئەرکی توێژینەوەی زانستی لە ڕێگەی مامۆستاکانیانەوە، ئەوانەی کە توێژینەوەی زانستی بۆتە لایەنێکی بنەڕەتی لەلایەنە بەرپرسیارێتییەکەی کارەکەیاندا.

لەم باسەدا چاکە ئەوە بەبیربهێنینەوە کە خوێندکاری زانکۆکان بەتایبەت خوێندکارانی خوێندنی بالا لە ژێر چاودێری سەرپەرشتی مامۆستاکانیاندا لەو نموونانەی کە فەرمانی توێژینەوەی زانکۆی ڕووندەکەنەوە لەبواری

ژینگە پارێزیدا، وە ڕووبەڕوونەی ئەو کێشانەی تووشی دەبێت ئەمانە هەندێک لەو نموونانەن:-

ا-بواری ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی تەقینەوەی دانیشتوان:- لەڕێگەی ئەو توێژینەوە زانستییانەی ئامانجیان پەرەپێدانی تەکنەلۆجیای بەرگرتنە لەزاوزێ، دیاریکردنی ڕەگەزی کورپەلە.

ب-لەبواری ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی پیسبوون:- لەڕێگەی ئەو توێژینەوە زۆرانەی کە ئامانجیان پارێزگاریکردنە لە هەوا، ئاو، خاک و خۆراک وە نەهێشتنی ئەو پیسبوونە کە دووچاری بوون، پەرەپێدانی هۆیەکانی گواستنەوە و، وزەی ئەلتەرناتیف توێژینەوەی زۆری تریش سەریهەڵداوە لەسەر پیسبوون بەژاوەژاو و پیسبوونی کارۆموگناتیسی.

ج- لەبواری ڕووبەڕووبوونەوەی لەبنهێنانی سەرچاوە ژینگەییەکان لەڕێگەی ئەو توێژینەوە زۆرانەی کە ئامانجیان پارێزگاریکردنی سەرچاوەکانی ژینگەیە بەهەموو جۆرەکانییەوە، هەمیشەیی، نوێ بووەکان، نوێ نەبووەکان.

### ٣. خزمەتگوزاری گشتی (خزمەتگوزاری کۆمەڵگە):-

ئامانج لەم فەرمانە ئەوەیە زانکۆ بکرێتە هۆیەکی گۆڕانی کارا لە کۆمەڵگەدا، چونکە دەبێتە یاریدەدەر بۆ دروستکردنی دیدێکی زانستی ئەوەی خەڵکی ساز و ئامادە دەکات بۆ پەسەندکردنی گۆڕان، پشکنین و بینین و بەردەوامییان، تاکەکان ئامادە دەکات بۆ پەسەندکردنی گۆڕانەکان ڕەهابوونی ئەم فەرمانەی زانکۆ لەوەوەیە، کە زانکۆ دەبێت تیشکۆیەکی زانستی و ڕۆشنبیری بێت لەناو کۆمەڵگەدا، لەڕێگەی کرانەوە بەڕووی کۆمەڵگە خۆجێیەکەوە، بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵیدا و ئامۆژگاری بکات و هاوبەشی بکات لە چارەسەرکردنییدا، یارمەتی دانی بۆ چونێتی بەهرە وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکان، بەدەستە بەرکردنی هێزی مرۆیی پێویست و مەشق پێکراو، زانکۆ ناتوانێت خۆی دوورە پەرێز بگرێت لەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە هەیە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، پێویستە لەسەری ئەو خزمەتگوزارییانە وەک نموونەیەک وایە لەناو دەستکەوتەکانیدا، ئەوەی پێشکەشی هەموو کەرتەکانی دەکات بەتایبەت لەبواری ڕاوێژکاری، خولی مەشق کردن بڵاوکردنەوەی زانیاری.

newalnama.com/kur

## چەمکی خزمەتگوزاری وەک فەرمانیکی زانکۆ:-

وەک دەزانریێت چەمکی خزمەتگوزاری وەک فەرمانیکی زانکۆ لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە سەریهەڵداوە، کاتێک دەوڵەت هەستی بەوەکرد کە پێویستی بە دامەزراندنی زانکۆی فەرمی هەیە لە ویلایەتێکدا کە بایەخبدات بە پێشکەوتن و پەرەپێدانی کشتوکاڵ بەبەکارهێنانی توێژینەوەی زانستی، دامەزراندنی وێستگەکانی ئەزموونگەرایی، مەشقپێکردنی ڕابەرە کشتوکاڵییەکان لە کێڵگەکاندا، سیستەمێکی دامەزراندن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جووتیارەکان ئەوانەی بەرووبوومەکانیان دەکەن پیشەسازی وە خاوەن پیشە جیاوازەکان، ئەم ڕۆڵە بەردەوام بوو لەگەشە کردن و فراوانبووندا، هەتا هەموو بەرنامەکانی فێرکردنی بەردەوامی گرتەوە لەهەموو بوارەکاندا و بۆ هەموو دەستەکانی تەمەن.

کۆدیدی زانکۆکان لە جیهاندا مەودای ئەو جیاوازییە ڕۆشنە دەخاتە بەرچاو لەڕووی مەودای وەڵامدانەوەی زانکۆکان بۆ ئەم فەرمانە نوێیە لەڕەتکردنەوەی ڕەهاوە بۆ وەڵامدانەوەی ڕەها، لەکاتێکدا زانکۆ ئەمریکییەکان

بۆ نموونـە ئـەم ڕۆڵەیـان وەرگرتـووە، پەرەیـان پێـداوە و گەڵاڵەیـان کـردووە، ئاسـۆکانیان فراوانکـردووە بۆئـەوەی خزمەتگوزاری گشتی بگرێتـەوە، نـەک هـەر لەسـەر ئاسـتی ویلایـەت و وڵاتەکـە بەڵکـو لەسـەر ئاسـی هەمـوو جیهـان، بـەڵام ئـەو ڕۆڵـە لـە زانکـۆ ئەوروپاییەکانـدا هێشـتا کـەم وسـنوور دارە.

ئـەم وێنەیـە لـە زۆرێـک لەوڵاتـە گەشـندەکاندا هێنـدە بریقـەدار نیـە، لەنێوان ڕەتکردنـەوەی ڕەهـاو بەرتەسـک کردنـەوە و پەراوێزخسـتن و ڕووبـەر بچوککردنـەوەدا سـووڕ دەخـوات، ئەگـەر هەمـوو کۆمەڵگەیـەک پێویسـتی بـەوە هەبێـت کـە زانکۆکانیـان ئـەم فەرمانـی سـێیەمە — خزمەتگوزاری گشـتی — ئەنجام بدەن، ئـەوا کۆمەڵگەکانـی دەوڵەتـە گەشندەکان زۆتـر پێویستییان پێیەتی، چونکـە هەر کارێـک زانکـۆ بیکات لـەم بارەیەوە بەشـێوەیەک لەشـێوەکان دەچێتـە خانـەی ژینگەپارێزییەوە دەتوانین چەند نموونەیەک بهێنینـەوە، لەوانـەی کـە زانکـۆ دەتوانێت بیکات لـەم بواری خزمەتگوزاری گشـتییەوە کـە ڕەنگدانـەوەی ئەرێنـی دەبێت لەسـەر ژینگـە لەوانـە:-

## آ. بواری سەرکردایەتی فیکری کۆمەڵگە:-

زانکۆ بە کۆشک و تەلاری کۆمەڵگە دادەنرێت بۆیە لەسەری پێویستە هاوبەشیبکات لەدروست کردنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لای هاوڵاتییان، وە پتەوکردن و چەسپاندنی بەهاکانی پاکوخاوێنی، وە پارێزگاریکردن لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگە، وەبەرپەچدانەوەی هەر هەوڵێکی، تێکدەر و زیان بەخشانەوە و کەهەر لە خۆڕاو یان بەعەمدی تووشی سەرچاوە ژینگەییەکان دەبێت.

زانکۆ دەتوانێت لەڕێگەی کۆمەڵێک چالاکییەوەئەم ڕۆڵە ببینێت، وەک بەکارهێنانی ماس میدیاکان، پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت، بەستنی کوڕ و سیمینار و کۆنگرە و موحازەرەدان، پێشکەشکردنی بەرنامەکانی مەشقکردن بۆ فێرخوازان و هاوڵاتییان وە گەلێک چالاکی تر دەبێتە هاوکاری یارمەتی بۆ کاری ژینگەپارێزی.

## ب. بواری فێرکردنی بەردەوام:-

ئەمە بوارێکی فراوانە هەموو ئەو هەڵە فێرکاری و مەشقکارییانە دەگرێتەوە کە پێشکەش بەو کەسانە دەکرێت ئەم هەلەیان لەڕێگەی فێرکردنی سیستەماتیکییەوە لەکیس

newalname.com/ku

چووه، زانکۆ دەتوانێت پێشکەش بە هاوڵاتییان بکات لەڕێگەی بەرنامەکانی خوێندنی ئێوارانەوە، یان لەڕێگەی زانکۆی کراوە، فێرکردن لەدوورەوە، خول و بەرنامە پیشەییە پسپۆڕەکان خولە هونەری و پیشەییەکان بۆ هونەرمەند و پیشەوەران، خولە گشتییەکان بۆ ئەوانەی خوازیاران و گرنگی پێدەدەن، وەک خولەکانی ڕابەری خێزانی، ڕابەری کشتوکاڵی، ڕابەری تەندروستی، ڕابەری ژینگەیی، هەنگ بەخێوکردن، پەروەردەکردنی ڕووەکەکانی جوانی و ڕازاندنەوە،،،هتد.

بێگومان ئەم جۆرە چالاکییانە هاوبەشی لە زۆربوونی دەستکەوتی زانیاری هاوڵاتییان، وەفراوانبوونی هەستیان، ئەمانەش هەموو دەبنە هۆی زۆربوونی هۆشیاری ژینگەیی.

## ج. بواری ڕاوێژکاری و لێکۆڵینەوەکان:-

زانکۆ دەتوانێت هاوبەشی بکات لەپەرەپێدانی کاری هەموو دامەزراوەیەکی دەوڵەتی لەڕێگەی لێکۆڵینەوە، شیکردنەوە، دەستنیشانکردن، ڕاوێژکاری بۆ ڕیفۆرم و نوێکردنەوە ڕەنگە بوار نەبێت ناوی هەموو ئەو جۆرە

hewalname.com/ku/

و لێکۆڵینـەوە و ڕاوێژکارییانـە بهێنـن کـە زانکـۆ دەتوانێـت بیکات کە هەموویـان کاری ژینگە پاریزی و بەرزکردنەوەی ئاسـتی هۆشـیاری ژینگەییـن.

## د. بواری خزمەتگوزارییە نموونەییەکان:-

ئـەم بـوارە هەمـوو ئـەو کارانـە دەگرێتـەوە کـە زانکـۆ دەیـکات بـۆ پێشکەشـکردنی خزمـەت گوزاریـی نموونـەی بـۆ کۆمەڵگەکـەی لەهەمـوو بوارەکانـدا، ئەویـش لەڕێگـەی هەندێـک سـەنتەرو یەکەکانیـەوە، بـۆ نموونـە سـەنتەری پزیشـکی زانکـۆ دەتوانێـت هاووڵاتییـان هۆشـیار بکاتـەوە لـەڕووی ڕێکخسـتنی زاوزێ، پیسـبوونی خـۆراک و هەمـوو جۆرەکانـی تـری پیسـبوون، خوێندنگـەی زانکـۆ و باخچـەی سـاوایانەکەی دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر چالاکی پێشکەشبکات کە بێتەهـۆی زۆربوونـی هۆشـیاری ژینگەیـی، یـان کتێبخانـەی زانکـۆ، مـاس میدیاکانـی، تاقیگەکانـی مۆزەخانەکانـی، سـەنتەرە پسـپۆڕییەکانی و سـەنتەرەکانی خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتییەکانـی.

## هـ. بواری ئاهەنگ گێڕان و بۆنە گشتییەکان:-

لەم بوارەدا زانکۆ ئاهەنگ ساز دەکات لە بۆنەگشتییەکاندا لەوانە بۆنە ژینگەییەکان دەبێت زانکۆ نەهێڵێت هیچ بۆنەیەکی ژینگەیی تێپەڕ بکات ئەو ئاهەنگی بۆ نەگێڕێت ئەویش لەڕێگەی محازەرات، کۆڕ و سیمینار، دابەشکردنی بڵاوکراوە، پیشاندانی فیلم و پۆستەر، زەقترین ئەو بۆنانە ئەمانەن:-

١. ڕۆژی دارو درەخت (١٥) کانوونی یەکەم.
٢. ڕۆژی ئاوی جیهانی (٢٢) ئازار.
٣. ڕۆژی جیهانی جگەرە کێشان (٣١) ئایار.
٤. ڕۆژی ژینگەی جیهانی (٥) حوزەیران.
٥. ڕۆژی جیهانی قەڵاچۆکردنی مادە هۆشبەرەکان (٢٣) حوزەیران.
٦. ڕۆژی ئۆزۆنی جیهانی (١٦) ئەیلول.
٧. ڕۆژی خۆراکی جیهانی (١٦) تشرینی یەکەم.
٨. ڕۆژی هەژاری جیهانی (١٧) تشرینی یەکەم.

## و. بواری وانە بێژی و کۆنگرەو کۆڕ:-

زانکۆ دەتوانێت وانە بێژی ڕێکبخات جا گشتی بێت یان تایبەت، کوروکۆنگرە بەیەکگەیشتنی زانستی ئەوانەی

hewalname.com/kul

کـه ئامانـج لێیـان بڵاوکردنـەوەی زانیارییـە، ئاڵوگۆڕکردنـی ڕاوبۆچوونـە و شـارەزاییەکانە، خستنەسـەری لێکۆڵینـەوە و توێژینەوەکانـە لەگەڵێک بواردا لەوانـە، شیکردنەوەی کێشـە ژینگەییـەکان، خسـتنەڕووی دیدوبۆچوونـە جیاوازەکانـە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە و بەرپـەچ دانـەوەی ئـەو کێشـانە. لێـرەدا پێویسـتە ئـەوەش بڵێیـن زۆرێـک لەزانکـۆکان فەرمانگـەی سـەربەخۆیان دامەزراندووە کە وەک پەنجـەرە وایـە لێیانـەوە دەڕواننـە کۆمەڵگـە خۆجییەکـە، وە باسـک و بـازووی هەڵسـوڕاو جێبەجێکاری زانکۆن بۆ خزمەتکردنـی کۆمەڵگـە، ئـەم فەرمانگەیانـە نـاوی هەمـە جۆریـان لێنـراوە، وەک:- فەرمانگـەی فێرکردنـی بـەردەوام، خزمەتکردنـی کۆمەڵگـە، یەکـەی خزمەتکردنـی کۆمەڵگەیەکـەی لێکۆڵینـەوە و ڕاوێژکاریـی، یەکـەی پەیوەندییـە دەرەکییەکان......هتـد.

هەندێـک زانکـۆ هەیـە زۆر بایـەخ دەدات بـەم فەرمانـە – فەرمانـی خزمەتگـوزاری گشـتی کۆمەڵگـە بەکردنـەوی سـەنتەرێکی بـاڵای سـەرکردایەتی بـۆ سەرپەریشـتیکردنی چالاکییەکانی زانکۆ لەم ڕووەوە، ئەوەش سـەنتەری جێگری سـەرۆکی زانکۆیـە بـۆ کاروبـاری خزمەتکردنـی کۆمەڵگـە و گەشـەپێدانی ژینگـە، وەک ئـەوەی زانکـۆی حەلوانـی میسـر.

hewalname.com/ku

hewalname.com/ku/

# بەشی نۆیەم

## ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا

ماس میدیاکانی وەک:- تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، کەناڵە ئاسمانییەکان، گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ئەنتەرنێت، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لەپەروەردەی تاکەکان و لەدروستکردنی کەسایەتییاندا،، لەشێوازی ڕەفتار و ئاڕاستەیاندا.

لەبابەتی ژینگەشدا ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە ژینگەپارێزیدا، لەهەموو شێوەکانی پیسبوون و وێرانکردن و تێکداندا چونکە توانای زۆری بۆ کارکردن لەسەر تاکەکان هەیە، بەتایبەت لەسایەی ئەو هەموو پێشکەوتنە گەورەیەی کەبەسەر هۆیەکانی پەیوەندی کردندا هاتووە، کەڕاستەوخۆ مرۆڤ لەبەردەم ڕووداوەکەدا دادەنێت جا نزیک بێت یان دوور هەموو ئەو مەسافە و ماوانە تێدەپەڕێنێت.

## جۆرەکانی ماس میدیاکان:-

١. ماس میدیای خوێنراو: گۆڤارو ڕۆژنامەکان.
٢. ماس میدیای بیستراو: ڕادیۆ.
٣. ماس میدیای بینراو:- تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت.
٤. هۆیەکانی پەیوەندیکردنی کەسێتی: وانە بێژی، بەیەکگەیشتنی کەسێتی.

٥. مۆزەخانـه و پێشـانگا و ئەزموونـی بینینـه ڕو و شـنكا ر ییه كا ن .

## گرنگی ماس میدیاکان:-

وەک دەزانرێت ئەمڕۆ ماڵێک نیه ڕادیۆ یان تەلەفزیۆنی تێدا نەبێت، ئـەم دوو ئامرازەی ڕاگەیاندن بواردەڕەخسێنن بۆ مرۆڤ کە ئاگای لـه زۆرێنەی ڕووداو نهێنیەکانی جیهانی دەرەکـی و ناوەکـی هەبێـت، پەیوەنـدی و ئاگایـی هەبێـت لەهەمـوو دۆزینـەوە نوێیەکانی زانست و هونـەر وە بزانێت چی دەگوزەرێت لـه کۆنگرە و کۆبوونەوەکاندا، لەکارگـە و کێڵگەکانـدا، جۆری چالاکییەکانـی شارو گونـد، وە زانیـاری هەبێت لەسـەر ژیانـی گەلانـی تـر، ئـەو کەسـایەتیانەی کـە ئاسـەواری گرنـگ بەجێدەهێڵـن لـه ژیانـی مرۆڤایەتیـدا..... هتد.

بەمـه زانیـاری دەخاتـه سـەر زانیارییەکانـی، شـارەزایی نـوێ وەردەگرێـت، بەتایبـەت بـۆ تەلەفزیـۆن و دووای بڵاوبوونـەوەی ئـەم هەمـوو کەناڵە ئاسـمانییە، کە ئارەزووی خەڵکی دەجوڵێنێت لـه ڕێگـەی ئـەو پڕۆگرامانـەی دەیخاتـە

ڕووی کەلەیەک کاتدا جوڵەیە و بیستنە و بنینینە ئەمانە مرۆڤ دەهەژێنێت، سەرنج ڕاکێشن، مرۆڤ وا هەست دەکات هاوبەشی سۆزداری دەکات لەگەڵ ڕووداوو بابەتەکاندا ' تا ئەوەی دەترسین لەوەی کە خوێندن و چالاکییە پەروەردەییەکانی تر لە جیهانی قوتابیدا جێگەیان نابێتەوە.

مرۆڤ کە ئەم شەپۆلە ئەسیرییە بارکراوانە پەسەند دەکات کە بارگاوین بە زانست، هونەر نوکتە و گاڵتە جاڕی، ڕەخنە و ئەدەب، هۆیەکانی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی، پاشان لەگەڵیاندا دەژی و هەڵدەچێت لەڕێگەی ئەو هەستانەوە کە تیایاندایە، سروشتیشە بکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە، لێیانەوە وەربگرێت، بگونجێت لەگەڵیاندا، ڕەفتاری خۆی دەستکاری بکات بەوانەی پێی قایلەو چۆتە ناخییەوە، لە پاڵ ئەمانەدا پرۆگرامی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی هەیە بەتایبەت ئامادەکراوە بۆ مەبەستی پەروەردەیی بۆ خەڵکی جا گەورە بن یان بچووک.

بۆ نموونە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا بەرنامەی تایبەت هەیە بۆ منالان، بەتایبەت دانراوە هەتا ئامانجە پەروەردەییە دیاریکراوەکان بەدیبهێنن، بەرنامە هەیە

داوای ڕێزگرتن لە ئەرکەکان دەکات، داوای مل کەچی دەکات بۆ یاسا، بۆ دایک و باوک پیرۆزکردنی بەها بالاکان، بەها ڕەوشتییەکان، کۆمەلایەتییە دروستەکان، بەرنامە هەیە ئامانجی بلاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییە لەنێوان تاکەکاندا لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەم بابەتانەوەی کە پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە، وەک جیهانی ئاژەلان، نهێنییەکانی جیهان یان بەرنامە هەیە باس لە ئاوو هەوا دەکات، یان باس لەدیاردەی پەنگخواردنی گەرمی دەکات

ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەوەش دوورتر ڕۆیشتوون ئەویش بە پێشکەشکردنی بەرنامەی فێرکاریی ئاست جیاواز لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی فێربووندا بەتایبەت بۆ زمانەکان و زانستەکان و بیرکاری هەتا وایلێهاتووە ڕکابەری خوێندنگەکان دەکەن لەم بارەیەوە.

ئەمە سەرباری ئەوەی هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن دەیگوێزنەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ئەنتەرنێت کە ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە گوێزانەوەی هەواڵ و زانیاری و بیرۆکەکان، وە ئەوانەی دەخرێنە ڕوو لەدیاردە و ڕووداوەکان، ئەو وێنانەی پەیوەندییان بە ژینگەوە هەیە و ئەمەش کارێکی گەورە دەکاتە سەر پەروەردەی تاکەکان

hewaname.com/ku

لەسەر دروست بوونی ڕەووشت و کەسایەتیان، وە چەند شێوازی ڕەفتار فێر دەبن.

## سەرهەڵدانی زاراوەی ڕاگەیاندنی ژینگەیی:-

ڕاگەیاندنی ژینگەیی زاراوەیەکی نوێیە، لەگەڵ زۆربوونی کێشەکانی ژینگەدا گەشەی کردووە لەگەڵ ئەو وێرانکارییەدا سەری هەڵدا کەبەسەر ژینگەدا هات، ڕۆڵی ویژدانی کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگرێت لە لێدانی زەنگی مەترسی بۆ تاکەکان و کۆمەڵگە و حکومەت لەپێناو هێشتنەوەی ژینگە بەخاوێنی، داوای هاوسەنگییە سروشتییەکەی نێوان ژینگە و ئەو گەشەکردنەیە کە بەڕێوە دەچێت.

هەرچەندە پەیوەندی ڕاگەیاندن بە پرسە ژینگەییەکانەوە زۆر نوێ نییە، زیاتر لە (١٠٠) ساڵە کۆمەڵی ئەهلی دامەزراوە بۆ پارێزگاری ژیانی سەر وشکانی، وە بەپێویست پاراستنی ئەو ژیانە، لە چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵە ئەهلییانە بە خەڵک ڕاگەیاندنە، سوودەکانی ژیانی وشکانی، ئەم کۆمەڵانە ڕۆژنامە گۆڤارە گشتییەکانیان کردبووە هۆ بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیان، هەندێکیان خۆیان گۆڤاری زانستی گشتییان دەردەکرد، ئەم گۆڤارانە

زۆر بایەخیان دەدا بە ژینگە سروشتییەکە، وەک گۆڤاری (جوگرافیای نیشتمانی) لە ئەمریکا.

لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە و لەگەڵ زۆربوونی جووڵەی چالاکی ژینگەیی، بەتایبەت لەئەمریکا و ئەوروپادا، هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن بایەخیان بەم بابەتەدەدا وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.

شێوازەکانی ڕاگەیاندن لە چارەسەرکردنی پرسە ژینگەییەکاندا:-

شێوازەکانی چارەسەرکردنی پرسە ژینگەییەکان لە ماس میدیاکاندا جیاوازی گەورەیان لەنێواندا هەیە، لەکاتێکدا هەندێک گۆڤاری زانستی چەق دەخاتە سەر هەندێک پرسی ژینگەیی بە شێوەیەکی خوولی زۆر بەقووڵی و بەشێوازێکی زانستییانە، بەڵام هۆیە گشتییەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەم پرسانە ڕووماڵکردنی ڕووداو پێشهاتە هەژێنەرەکان کە دەکرێ بیان کەین بە دووبەشی سەرەکییەوە کە ئەمانەن:-

hewalname.com/kurd

## بەشی یەکەم:- کارەساتە ژینگەییەکان:-

وەک ڕووداوەکانی تەمی کوشندە ئەوەی لە لەندەن لە (١٩٥٢) ڕوویدا، ئەوەی نیویۆرکی ساڵی (١٩٦٣)، کارەساتی پێکدادانی نەوت گوێزەرەوە گەورەکە (توری کانیون) ی (١٩٦٧)، ڕووداوی تەقینەوەکەی کارگەی کیمیایی سیفیزوی ئیتالیای (١٩٦٧)، ژێرئاو کەوتنی نەوت گوێزەرەوەکەی (ئامۆکۆ کادیس) (١٩٧٨)، ڕووداوی بۆبالی هندستانی (١٩٨٤)، ڕووداوی چێرنوبڵی (١٩٨٦)، ڕووداوی نەوت گوێزەرەوەکەی (ئەکسون ڤالدیز) ی (١٩٨٩).

## بەشی دووەم:- ڕووداوە سیاسییەکان یان زانستییە نوێیەکان.

ماس میدیاکان فەرمان بەسەر بەهای هەواڵی ڕووداوەکەدا دەدەن، لەڕێگەی ژمارەی قوربانییەکانیەوە یان لەڕێگەی زیانە ماڵییەکانیەوە، لەباری ئاساییدا چەق دەخرێتە سەر کارەساتە بەدەگمەنەکان، گەرچی قوربانیشیان کەمتر بێت لەڕووداوە ئاساییە زۆرەکان، بۆ نموونە ڕووداوی ئۆتۆمبیل دەبێتە خاوەنی بەهایەکی هەواڵی کەبەیەکجار ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل خۆبەیەکدا

hewalname.com/ku

بدەن، بەڵام ڕووداوی تاکە تاکەی ئۆتۆمۆبێلەکان قوربانیان زۆرترە لەوەی کە چەند ئۆتۆمۆبێلێک خۆبدەن بەیەکدا.

تەلەفزیۆنیش پشت دەبەستێت بەکاریگەرییە دراماییەکەی کارەساتەکە لەخستنەڕووی کارەساتە ژینگەییەکاندا وەک (ئاگرکەوتنەوە، تەقینەوە، نەهامەتەکانی مرۆڤایەتی) ماس میدیاکانی تریش هەر پشت دەبەستن بە مەترسییە ژینگەییەکان، لەزۆرینەی حاڵەتەکاندا مەترسییەکان لە دیدگەی دروستی خۆیانەوە دانانرێن، ئەمەش لەلای خۆیەوە بوار دەدات بۆ پێشبینی و لێکدانەوەی نادروست، بەتایبەت لەکاتی نەبوونی زانیاری بنەڕەتیدا.

بۆ نموونە لەدووای کارەساتەکەی (بوبال) ی هندستانی ساڵی (١٩٨٤) دا، شیکردنەوەیەک بۆ هەواڵێکی چاپ کراو وەبڵاوکراوە لەسەر کارەساتەکە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەرکەوتوە کە زۆرینەی هەواڵەکان تەنها جەخت کردنە لەسەر خودی ڕووداوەکە، بەبێ هیچ توانجێکی زانستی، یان گفتوگۆیەکی هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی وایکرد ئەم تەکنەلۆجیایە بگوێزرێتەوە بۆ هندستان، یان ئایا ئەم تەکنەلۆجیایە گونجاوە لەبارە بۆ ئەوێ یان نا؟

مەترسی کارەساتە ژینگەییەکان نیشانە نییە بۆ بەها هەواڵییەکەی، لێرەدا فاکتەری سیاسی و ئابووری تر هەیە دێتە پرۆسەی ڕووماڵکردنەوەکە و ماس میدیاکان دەیانەوێت بزانن یەکەم کارەساتەکە لەکوێ بووە، قوربانییەکان کێن ؟ کارەساتێک لە دەوڵەتێکی خۆرئاواییدا ڕووماڵکردنە ڕاگەیندنەکەی درێژ ترو گشتگیر ترە لەچاو کارەساتێک کەلە دەوڵەتێکی خۆرهەڵات یان گەشندەدا ڕوودەدات، مەگەر لەو حاڵەدا بێت، کە کاربکاتەسەر دەوڵەتانی تر، یان کاربکاتە سەر بەرژەوەندی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان، وەک کارەساتەکەی چیر نۆبڵ، لەلایەکی ترەوە ڕوماڵکردنی ڕاگەیاندن لەناوچە شارنشینەکاندا جیاوازە لەناوچە گوندنشینەکان تەنانەت لەناو دەوڵەتەکەدا خۆی، چڕکردنەوە و ڕوماڵکردنی بەربڵاوتر و گشتگیر تر دەکرێت بۆ ئەو ڕووداوانەی لەناوچە شارنشینەکاندا ڕوودەدات.

## گرنگی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا:-

ڕاگەیاندن لەبواری ژینگەدا بە یەکێک لە بنەما بنچینەییەکانی ژینگە پارێزی دادەنرێت، وە بۆ دۆزینەوەی هۆشیاری ژینگەیی، وە بۆ گوێزانەوەی شارەزایی

و زانیارییەکان، وە بۆ بەها نوێیەکانی تایبەت بە ژینگەپارێزی، وە بانگەواز بۆ وازهێنان و دوورکەوتنەوە لەو ڕەفتارانەی زیان بە ژینگە دەگەیێنێت، ئاراستەکردنی ڕاگەیاندنەکە بەرەو جەماوەر هەتا هێزێکی فشار دروست بکات بۆ هاندانی بڕیار بەدەستەکان، کە پەیڕەویی لە سیاسەتێکی گەشەپێدانی وەها بکەن کە هاوسەنگ بێت و ڕێز لە ژینگە بگرێت، پارێزگاری لە سەرچاوە سروشتییەکانی بکات، ئەم ئاراستەیە زانا و بیرمەند و ڕۆشنبیرەکانیش دەگرێتەوە، هانیان دەدات کە توانای داهێنانەکانیان بخەنە خزمەت ژینگەپارێزییەوە.

ماس میدیاکان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە بەهێزکردنی بایەخدانی جەماوەر بە پرسە ژینگەییەکان، بەدیوەکەی تریشدا بایەخدانی زۆرتر بدەن بەو پرسانە، لێرەدا ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش هەژمار دەکرێت بۆ فشار خستنەسەر حکومەتی هەندێک لە دەوڵەتان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێک لەو کێشە ژینگەییە نەتەوەیی هەرێمایەتییانە (وەک هەڵڕژانی یارمەتی بەسەر ئەو دەوڵەتە ئەفەریقیاییانەی کە تووشی وشکەساڵی بوون لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوودا).

hewalname.com/ku/

ڕاگەیاندن زۆر پەرەی سەندووە، ئێستا پشت دەبەستێت بە ئەنتەرنێت، ڕادیۆ تەلەفزیۆن....هتد، گرنگترین ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی بەدیهێنانی هۆشیاری و گەشەپێدانی هەستکردنە بە ژینگە،ئەرکی ڕاگەیاندنی ژینگەیی، بەکارهێنانی ماس میدیاکانە بۆ هۆشیارکردنەوەی مرۆڤ و زانیاری پێدانی ئەوەی کە ڕابەری و ڕێنوێنی ڕەفتاری دەکات و بەرزی دەکاتەوە بۆ ئاست بەرپرسیاریێتی و پارێزگاریکردن لە ژینگە، ماس میدیاکان بەهەموو شێوەکانییەوە بەسەرچاوەی سەرەکی دادەنرێت بۆ زانیاری دەربارەی ژینگە و کاریگەری زۆریشی هەیە.

ماس میدیاکان شێوازی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ ژینگەپارێزی لەوانە:-

١. جێبەجێکردنی محازەراتی تایبەتی و پسپۆڕی، کۆڕو ئەڵقەکانی توێژینەوە کاری بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر پرسە ژینگەییەکان.

٢. جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی کە ڕاستییە ژینگەییەکان بۆ هاوڵاتیان بخەنەڕوو.

hewalname.com/ku

٣. سوود وەرگرتن لە ڕۆژنامە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی ئەویش لەڕێگەی گوتار، لێکۆڵینە و وێنەوە.

٤. هاندانی خەڵکی بۆسەردانی مۆزەخانە، پێشانگا، باخچەی ئاژەڵان و ئەو شوێنە سروشتیانەی کە بوونەوەرە زیندووەکانی تێدا پارێزگاریی دەکرێت.

٥. هاندانی تاکەکان هەتا یانە و کۆمەڵ پیشەییەکان و دەستە ئەهلییەکان دابمەزرێنن.

٦. سەرخستنی بەرنامەکانی هۆشیاری تەندروستی و ڕۆشنبیری ئەوانەی دامەزراوە حکومییەکان جێبەجێیدەکەن.

کۆنگرەی تبلیسی گرنگیەکی زۆری دا بەبەرنامە و ستراتیژەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی، دەوڵەتانی ئەندامی ڕاسپاردووە، کە هەڵمەتی ڕاگەیاندن ڕێکبخەن سەبارەت بە کێشە ژینگەییەکان ئەوانەی لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمایەتی گرنگیان هەیە، وەک کێشەی ئاوی سازگار، حکومەتەکان بەرنامەی پەروەردەیی ژینگەیی دابنین لەسەر هەردوو ئاستی فێرکردنی سیستەماتیکی ناسیستەماتیکی،

لەمەشـدا داوای یارمەتـی و هـاوکاری بکـەن لـە دەزگا و ڕێکخـراوە پەیوەنـدی دارەکان، سـتراتیژەکانی پـەروەردەی ژینگەیـی دەوڵەتـە ئەندامـەکان بەرنامـەی وادابنێـت کـە زانیاری تێدا بێت لەسـەر ئـەو چالاکییانەی ئێسـتا و ئاییندە، ئەوانـەی ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت لەسـەر ژینگە، دەبێت ئـەم بەرنامانـە گرنگـی هاوبەشـی تێکـڕای هاووڵاتیـان و ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان دەربخـات لەپرۆسـەی بڕیـاردان لەسـەر ئـەم بابەتانـە.

کۆنگـرە جەختـی کـردووە لەسـەر بەکارهێنانـی هۆیـە بەربڵاوەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری لـە ڕۆژنامـە، ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن، بـۆ هاندانی بڵاوکردنـەوەی زانیاریسـەبارەت بـە ژینگەپارێزی و باشـکردنی، وە ڕێکخسـتنی خولـی ڕاهێنـان بـۆ ڕۆژنامەنووسـان بـۆ ئـەو مەبەسـتە.

## ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هۆشیار کردنەوەی ژینگەییدا:-

مـاس میدیـاکان و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لـە گەشـەپێدانی هۆشـیارکردنەوە سـەبارەت بـە پرسـەکانی ژینگـە و کێشـەکانی، وە قووڵکردنـەوەی هەسـتی هاووڵاتیـان لەبەرامبەر ژینگەدا، وە بڵاوکردنەوەی چەمکی گەشـەپێدانی

بەردەوام، بەتایبەت دووای زۆر بوونی فشاری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر ژینگە و پێکهاتەکانی و لەسەر توخمەکانی، پێویستی کۆمەڵگەکانیش زیادیکردووە بۆ بیستنی هەواڵە ژینگەییەکان وە بۆ زانینی کاریگەری کارەساتەکان، وە ڕووداوەکانی ژینگە پیسبوون، گۆڕانە ئاووهەواییەکان و کاریگەریی ئەمانە لەسەر ڕەوشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکە.

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی زەمینی یان ئاسمانی لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمیا ڕۆڵی یەکەمیان هەیە لە لە گەیاندنی زانیارییە ژینگەییەکان بۆ هاووڵاتیان، چونکە لەم ناوچانەدا ڕێژەی نەخوێندەواری بەرزە، بەپلەی دووەم ڕادیۆ دێت دوواتر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، وە لەکۆتایشدا تۆڕی ئەنتەرنێت، بەڵام لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەپلەی یەکەم دێن دوواتر تەلەفزیۆن و پاشان تۆڕی ئەنتەرنێت.

ڕاپۆرتی ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی ئەوەی دەرخست کە بڵاوبوونەوەی تەلەفزیۆن هاوبەشییەکی گەورەی کرد لە یارمەتیدانی حکومەتەکانی دەوڵەتە

هـەژارەکان، بـۆ هۆشـیارکردنەوەی هاونیشـتمانییان، وە نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری ژینگەییـان، وە ناسـاندنیان بـە ڕەفتـارە ژینگەییـە ڕاسـت و درووسـتەکان، وەک بەکارنەهێنانـی ئـاوی جۆگـەکان بـۆ خواردنـەوە و خۆشـتن و پێداویسـتییەکانی تـر، وە پێویسـتی کوتانـی مناڵەکانیـان دژ بەنەخۆشـییە درمـەکان لەکاتـی خۆیـدا.

بـەڵام ڕاپۆرتەکـە هۆشـداری داوە لەسـەر ئاڕاسـتەی زۆرێـک لـە کەناڵـە حکومییەکانی دەوڵەتانی جیهانـی سـێیەم لـە پیادەکردنـی تاریـک کردنێکـی ڕاگەیانـدن سـەبارەت بەهەندێـک پرسـی تەندروسـتی و ژینگەیـی مەترسـیدار، بەتایبـەت ئـەو پرسـانەی کەلەئەنجامـی جێبەجێکردنـی سیاسـەتێکی حکومـی ناڕابەرانـە، وەک پیسـبوونی ئـاوی خواردنـەوە، خراپـی و کەمـو کوڕی سیسـتەمەکانی ئاوەڕۆ و زێراب.....هتـد.

بەسروشـتی حـاڵ بڵاوبوونـەوەو سـەرهەڵدانی کەناڵـە ئاسـمانییەکان، تاڕادەیەکـی زۆر ئـەو قـۆرغ کردنەکـەی حکومەتیـان نەهێشـت بـۆ مـاس میدیـاکان لـە زۆرینـەی دەوڵەتانی جیهاندا، ئیتر کەناڵـە حکومییەکان نەیاندەتوانی سیاسـەتی تاریککردنـی پرسـە ژینگەییـەکان پیـادە بکـەن

و دووای ئـەوەی کەناڵـە ئاسـمانییەکان، بێگومـان و هەڵسـڵەمینەوە هەمـوو شـتێکیان لەزانیـاری و ڕاسـتییەکان پیشـانی بینەردەدا، دەکەوتنە ڕکابەری لەسـەر ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان و ئـەو پرسـانەی بـەلای هاووڵاتیانـەوە گرنـگ بـوون.

ئەگـەر ئامانجـی ڕاگەیاندنـی ژینگەیـی لەبناغـەدا هۆشـیارکردنەوەی جەمـاوەرو بڕیاربەدەسـتەکان بێـت لـە ژینگەپارێـزی و بەڕێوەبردنـی سـەرچاوە سروشـتییەکانی ژینگـە بەهاوسـەنگی، بەدیهێنانـی ئـەم ئامانجـە بەتایبـەت لەدەوڵەتـە گەشـندەکاندا ئەوانـەی کـە حمکومەتـە ناوەندییەکانیـان قۆرغـی بڕیـارە ژینگەییـە گرنگەکانیـان کـردووە، نابێـت هـەر بەتەنهابـەوەوە بوەسـتن کـە هانـی هاوڵاتییـان بدەن کاری تاکە کەسی بکـەن بۆ ژینگەپارێزی، بەڵکو دەبێتئەوە تێپەڕێنن و زانیاریشیان پێبدەن، پاڵنەریان بـن بـۆ دروسـتکردنی ڕایەکـی گشـتی وا کەڕێـز لـە ژینگـە بگرێت و فشـار بخاتە سـەر خاوەن بڕیار کە پشت ببەستن بـە پلانێکـی تـەواوکار، دەبێت حکومەتـەکان ڕەچاوی ئەمـە بکـەن و بەهەنـد وەریبگـرن.

هەروەهـا لەسـەر ڕاگەیاندنـی ژینگەیی پێویسـتە ڕووبکەنە

بەرپرسـان و بڕیـار بەدەسـتان زانیـاری و ڕاووبۆچـوون و شـیکردنەوە وردەکارییـان بدەنێ لەسـەر ڕەوش و بژاردنـە ژینگەییەکانـی بەردەسـت، وە هۆشـیارکردنەوەی خـاوەن پایـە و پلـە بەرزەکانـی ڕاگەیانـدن بەگرنگـی ئـەو ڕۆڵـەی دەیگێـڕن لـە ژینگەپارێـزی و هاوبەشـیکردن لەبەردەوامـی گەشـەپێدانە درێژخایێنەکـەدا.

لەسـەر مـاس میدیاکانـی ژینگەیـی (خوێنـراو، بیسـتراو، بینـراو) پێویسـتە بایـەخ بـدەن بەئاسـانکردنی چەمکـە ژینگەییـەکان، پێناسـەی زاراوە نوێیـەکان لەسـەر گۆڕەپانـی جیهانـی وەک پەنگخواردنـی گەرمـی (Global warming)، وە گازەکانـی ماڵـە شوشـەیەکیان ئـەوەی پێـی دەگوترێـت گازی زۆپـا (Green house gases) وە بڵاوکردنەوەیـان، بۆئـەوەی ئاسـان بێـت بـۆ ئەوانـەی مەبەسـتیانە دەسـتیان بکەوێـت و لێـی تێبگەیـن.

مـاس میدیاکانـی تریش پێویسـتە لەسـەریان نووسـەرێک یـان ڕۆژنامـە نووسـێک دابنێـن بەلایەنـی یەکەمـەوە بـۆ هـەر ڕۆژنامەیـەک، گۆڤارێـک، ڕادیۆێـک، تەلەفزیۆنێـک تایبـەت بەکاروبـاری ژینگـە، دەبێـت ئـەم کەسـە پسـپۆڕ بێت یان بەلایەنـی کەمـەوە شـارەزایی هەبێت لەکاروبـاری

ژینگـە و پرسـە ژینگەییەکانـدا، دەکرێـت داوای هـاوکاری ڕاوێژکارێکـی ژینگەیـی بکرێـت بـۆ هۆیـە ڕاگەیاندنەکـە بایەخبدرێت بە کتێبخانـەی دامەزراوە ڕاگەیاندنەکە، ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکـەی، بـەوەی سـەرچاوەی ژینگەیـی پسـپۆڕ لـە سـەرکاروباری ژینگەیـی وە پەیوەنـدی دامەزرانـدن لەگـەڵ شـارەزایانی خۆجێیەتـی ئـەو کۆمەڵانـەی کـە بایـەخ بەژینگـە دەدەن، هانـی پسـپۆڕانی ژینگـە بدرێـت کـە نووسـین و ئەنجامـی توێژینەوەکانیـان لـە دەسـتگاکانی ڕاگەیاندنـدا بڵاوبکەنـەوە.

پێویسـتە بایەخیش بدرێت بە ئاڵوگۆڕ کردنـی شـارەزایی لەبـواری هۆشـیاری ژینگەییـدا و ئەوانـەی لـە ڕاگەیاندنـی ژینگەییـدا کاردەکـەن و بەرپرسـن لـە ڕاگەیانـدن و هۆشـیارکردنەوەی ژینگەیـی لەهـەردوو کەرتـی حکومـی و تایبـەت بـۆ باشـکردن و گەشـەپێدانی شـارەزایی ئەوانـەی لەبـواری ڕاگەیاندنـی ژینگەییـدا کاردەکـەن.

پێویسـتیشـە داتـاو زانیـاری دەسـتەبەر بکرێـت بـۆ مـاس میدیـاکان هەتـا بتوانێـت چاودێـری بـکات و ڕەخنـە بگرێـت نـەک بەتەنها گواسـتنەوەی هەواڵەکـە، سـەنتەرێکی پسـپۆڕی دابمەزرێـت زانیـاری باوەڕپێکـراو و نـوێ، بەشـێوەیەکی

هەمیشـەیی بۆئـەوەی زانیـاری بـدات بـە ڕاگەیاندنـەکان وە بەڵگەنامـە و کەرەسـەی دۆکۆمینتـاری لەسـەر کاروبـاری ژینگە بـڵاو بکرێتـەوە هەتـا ببێتـە سـەرچاوە بـۆ نووسـینی ڕۆژنامەگـەری.

ڕاگەیاندنی ژینگەیی بەیەکێک لـە گرنگترین ئامرازەکانی بڵاوکردنـەوە و گشـتاندنی گەشـەپێدانە بەردەوامەکـە دادەنرێـت کـە هاوئاهەنگـی و وابەسـتەی دەکات لەنێـوان ژینگـە و سـەلامەتیەکەی وە گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتـی و ئابووری کـە ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت لەهەمـوو پڕۆژەو بەرنامەکانی گەشەپێداندا بەڵام پەیامی ژینگەیی ڕاگەیاندن دەشـێ پێچەوانـە ببێتـەوە، یـان لـە ڕێـڕەوی خـۆی لابدات ئەگـەر ڕاگەیانـدن کاری پسـپۆڕ نەبێت لەبـواری ژینگەییدا یـان لـە چارەسـەرکردنی پرسـە ژینگەیـی و گەشـەپێدانە بەردەوامەکـە بەرژەوەندییـە بـاڵاکان ناگەنـە ئامانـج.

بۆیـە پێویسـتە بایەخبدرێـت بـە پلانڕێـژی پێشـوەختی ڕاگەیاندنەکانی ژینگەیی بۆ ئـەو ئامانجانە کە ڕاگەیاندنەکان مەبەستییانە لـەو تێزە ڕاگەیاندنـە ژینگەییانـە، بەجۆرێک کە خزمەتی هاووڵاتییانی بکات پێویستە لـە هەژاندنی بێپاساو خـۆی بـەدوور بگرێت، هانـی کۆمەڵگـە بدات لەسـەر هەموو

ئاستەکانی، کەبەرپرسیێتی خۆیان هەڵبگرن بەرامبەر ژینگە پاراستنی لەوەی سەرچاوەکانی لەبن نەیێت و پیس نەبێت، بنەما بنەڕەتییەکانی تێکنەچێت.

## فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ڕاگەیاندنی ژینگەیی:-

لێرەدا دەتوانین پیشنیازی کۆمەڵێک کاروچالاکی بکەین کە هاوبەشی دەکەن لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی لەکاری ژینگەپارێزیدا کە ئەمانەن:-

١. هاندان و پاڵپشتی کردنی هەمیشەیی لەلایەن ئەوانەوە کە ژینگە بەڕێوە دەبن بۆ هونەرمەند و ڕۆژنامە نووسان، هانبدرێن لە پرس و تێزە ژینگەییەکاندا داهێنان بکەن، بنکەی داتاو سەرچاوەکانی زانیاری ژینگەیی دەستەبەر بکرێت، وە دیاریکردنی لایەنێکی بەرپرس کە توانای هەبێت لەگەیاندنی ئەو زانیارییە ژینگەییانە بەشێوەیەکی باش، ئەو زانیاریانەی پشتڕاست بکرێنەوە بە ژمارەو بەداتا.

٢. هۆشیارکردنەوەی ئەوانەی پایەو پلەی بەرزیان هەیە لەڕاگەیاندندا بەوەی هەست بکەن بە گرنگی

newalname.com/ku/

ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕن لە ژینگەپارێزی و هاوبەشیکردن لەبەردەوامبوونی گەشە درێژخایەنەکەی وولاتدا.

٣. پلان دانانی ڕاگەیاندنی پێش وەخت بۆ ئەو ئامانجانەی کەلەو تیزەی ڕاگەیاندنی ژینگەییەوە ئامانجی خوازراوە بەجۆرێک خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی وولات بکات دوور لەهەژاندنی بێپاساو.

٤. ئاڵوگۆڕ ئەو شارەزاییانەی بەدەست هاتووە لەبواری ڕاگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا لەنێوان لایەنە بەرپرسەکانی هۆشیارکردنەوە و ڕاگەیاندنی ژینگەیی لەهەردوو کەرتە حکومی و تایبەتەکەدا ئەوەش بۆ باشکردن و گەشەپێدانی شارەزایی بۆ ئەوانەی لە ڕاگەیاندنی ژینگەییدا کار دەکەن.

٥. هەلی تەواو بدرێت بەکۆمەڵگە، لەسەر هەموو ئاستەکانی کە بەرگەی بەرپرسیارێتی بگرن لە هاوبەشیکردن لە خستنەڕووی ڕای خۆیان لەسەر ژینگە لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆئەوەی بێتە هۆیەکی کارلێک و داهێنراو بۆ بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری ژینگەیی.

پێڕست


| ناوی بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٥ |
| بەشی یەکەم | ٧ |
| ژینگە، چەمک و توخمەکانی، هاوسەنگییەکەی | ٩ |
| واتای ژینگە | ٩ |
| تێڕوانینێکی مێژوویی | ١٤ |
| توخمەکانی ژینگە | ٢٢ |
| سیستەمی ژینگەیی | ٢٥ |
| أ- پێکهاتە نازیندووەکان<br>١- بەرگە زەپۆش<br>٢- بەرگی رەق(وشکانی)<br>٣- بەرگی ئاوی | ٢٧<br>٢٧<br>٢٨<br>٣٠ |
| ب- پێکهاتە زیندووەکان (زیندە فاکتەرەکان).<br>١- بوونەوەری بەرهەمهێن.<br>٢- بوونەوەرە بەکاربەرەکان.<br>٣- بوونەوەرە شیکەرەوەکان. | ٣١<br>٣١<br>٣٢<br>٣٣ |
| هاوسەنگی سروشتیی سیستەمە ژینگەیی | ٣٤ |
| مرۆڤ و تێکدانی هاوسەنگی ژینگەیی | ٤٠ |
| بەشی دووەم / ژینگە پیسبوون | ٤٧ |
| پێشەکی | ٤٩ |


hewalname.com/ku

## پێڕست


| ناوی بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| شێوەکانی پیسبوونی ژینگەیی | ٥١ |
| ١- پیسبوونی ماتریالی | ٥٢ |
| أ- پیسبوونی هەوا | ٥٢ |
| ب- پیسبوونی ئاو | ٥٩ |
| ج- پیسبوونی زەوی | ٦٧ |
| ٢- پیسبوونی ناماتریالی یان فیزیایی | ٧١ |
| أ- پیسبوون بەژاوەژاو | ٧١ |
| ب- پیسبوون بەتیشک | ٧٤ |
| کاریگەرییە تەندروستییەکانی پیسبوون | ٧٨ |
| ١- پیسکەرەکانی هەوا | ٧٩ |
| ٢- لەبنهێنانی چینی ئۆزۆن | ٨٤ |
| ٣- پەنگخواردنی گەرمی | ٨٦ |
| ٤- پیسکەرەکانی ئاو | ٨٨ |
| ٥- ژاوەژاوە | ٩٠ |
| ٦- پیسکەرە تیشکییەکان. | ٩١ |
| بەشی سێ یەم | ٩٣ |
| هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی | ٩٥ |
| چەمکی هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی | ٩٦ |
| گرنگی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی | ٩٦ |
| ئامانجەکانی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی | ٩٧ |


hewalname.com/ku

پێڕست


| ژمارەی لاپەڕە | ناوی بابەت |
| --- | --- |
| ١٠٣ | ڕۆڵی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی لەچارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکاندا |
| ١٠٥ | ڕێگاکانی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی |
| ١٠٧ | بەشی چوارەم |
| ١٠٩ | ئیسلام و هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی |
| ١٠٩ | چەمکی ژینگە لە ئیسلامدا |
| ١١١ | چەمکی ژینگە پیسبوون لە ئیسلامدا |
| ١١٣ | رواڵەتەکانی بایەخدانی ئیسلام بەژینگە |
| ١٢٢ | بەها ژینگەییەکان لە ئیسلامدا |
| ١٢٧ | شێوازەکانی ئیسلام بۆ ژینگە پارێزی |
| ١٤٣ | بەشی پێنجەم |
| ١٤٥ | ڕۆڵی پەروەردە لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا |
| ١٤٥ | پێناسەی پەروەردەی ژینگەیی |
| ١٥٠ | توخمەکانی پەروەردەی ژینگەیی |
| ١٥٢ | پرنسیپەکانی پەروەردەی ژینگەیی |
| ١٥٥ | گرنگییەکانی پەروەردە ژینگەیی |
| ١٥٩ | ئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەیی |
| ١٦٥ | ڕێگاو شێوازەکانی پەروەردەی ژینگەیی |


hewalname.com/ku

## پێڕست


| ناوی بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
| --- | --- |
| هاوبەشیکردنی پەروەردەی ژینگەیی لە کەمکردنەوەی کێشەکانی پیسبوون | ١٧١ |
| بەشی شەشەم | ١٧٥ |
| ڕۆڵی خێزان لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا | ١٧٧ |
| چەمکی خێزان | ١٧٧ |
| فەرمانەکانی خێزان | ١٨٠ |
| ڕۆڵی خێزان لە ژینگەپارێزیدا. | ١٨١ |
| بەشی حەوتەم | ١٨٧ |
| ڕۆڵی خوێندنگە لە هۆشیار کردنەوەی ژینگەییدا | ١٨٩ |
| فەرمانەکانی خوێندنگە | ١٨٩ |
| ڕۆڵی خوێندنگە لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا | ١٩١ |
| شێوازەکانی دانانی پرۆگرامەکانی پەروەردەی ژینگەیی | ٢١٠ |
| ستراتیژەکانی پەروەردەیی لە ژینگەی خوێندنگەدا. | ٢١٦ |
| بەشی هەشتەم | ٢٢٧ |
| ڕۆڵی زانکۆ لە هۆشیار کردنەوەی ژینگەییدا | ٢٢٩ |
| پێناسەی زانکۆ | ٢٢٩ |
| ئامانجەکانی زانکۆ | ٢٣٠ |


hewalname.com/ku/

پێڕست


| ژمارەی لاپەڕە | ناوی بابەت |
|---|---|
| ٢٣١ | فەرمانەکانی زانکۆ لە کۆمەڵگەدا |
| ٢٢٣ | ڕۆڵی زانکۆ لە ژینگەپارێزیدا |
| ٢٤١ | چەمکی خزمەتگوزاری گشتی وەک فەرمانیکی زانکۆ |
| ٢٤٩ | بەشی نۆیەم |
| ٢٥١ | ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هۆشیار کردنەوەی ژینگەییدا |
| ٢٥١ | جۆرەکانی ماس میدیاکان |
| ٢٥٢ | گرنگی ماس میدیاکان |
| ٢٥٥ | سەرهەڵدانی زاراوەی ڕاگەیاندنی ژینگەیی |
| ٢٥٩ | گرنگی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا |
| ٢٦٣ | ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا |
| ٢٧٠ | فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ڕاگەیاندنی ژینگەیی |


hewalname.com/ku/